روژنامە

٧

www.rozhnama.com

رۆژنامەیەکی رۆژانەیە کۆمپانیای وشە دۆزیدەکات

ژمارە 535 سێشەممە 18/ 8/ 2009 — نرخ 500 دینار — No.535 Tue 18/ 8/ 2009



هاوپەیمانێتی پێشوەخت یان ترس لەبەرامبەر

٥ل



کێ ئەندازیاری دارێژەری پلانەکەی ئەردۆغانە؟

٧ل

پسپۆڕێکی کۆنگرێسی ئەمریکا:

سەردانەکەی مەککەین بۆ سازشپێکردنی سەرکردایەتی کورد بووە

رۆژنامە
شالاو فەتاح

پسپۆڕێکی کۆنگرێسی ئەمریکا بۆ کاروباری عێراق و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەرۆژنامەی راگەیاند «هۆکاری سەرەکی سەردانەکەی جۆن مەککەین بۆ سازشپێکردنی سەرکردایەتی کوردە لەسەر ناوچەکانی وەکو کەرکوک و نەینەوا و شوێنەکانی دیکە».

کینز کاتزمان، کە کارمەندی پێشووی ئاژانسی هەواڵگری ناوەندیی (CIA)یش بووە دەڵێت: «ئەو سەردانە بۆ تێگەیشتن بوو لە هەڵوێستی کوردو هەوڵدانە بۆ ئاشتکردنەوەی هەرێمو حکومەتی ناوەندی بەغدا، ئەمریکا دەیەوێت دوای کشانەوەی هێزەکانی لە عێراق کەشێکی سەقامگیر بێتەئاراوە».

کاتزمان ناکۆکی نێوان کوردو عەرەب لەسەر ناوچەجێناکۆکەکان بە گەورەترین سەرچاوەی ناسەقامگیریی بۆ وڵات وەسفدەکات.

لەلایەکی دیکەوە، ژەنەراڵ رای ئۆدێرنۆ فەرماندەی هێزە سەربازییەکانی هاوپەیمانان لە عێراق رایگەیاند، لە گفتوگۆدایە لەگەڵ هەریەک لە بەرپرسانی حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێم دەربارەی هێشتنەوەی هێزە سەربازییەکانیان لەناوچە جێناکۆکەکان، ئەم هێزانەش لەگەڵ هێزە ئەمنییەکانی عێراق و پێشمەرگەدا دەمێننەوە.

ئۆدێرنۆ، دوێنێ (دووشەممە ٢٠٠٩/٨/١٧) لە بەغدا بە رۆژنامەوانانی راگەیاند، «ئەوەی ئێمە دەتوانین بیکەین مانەوەیە لەگەڵ هێزەکانی عێراق و هەرێمدا، تەنیا بۆ ئەوەی متمانە لەنێوانیاندا زیادبکەین».

لەبارەی هۆکاری مانەوەیان ئۆدێرنۆ رایگەیاند، «دەبینین ئەلقاعیدە ناکۆکی نێوان عەرەب و کوردەکان لە موسڵ دەقۆزێتەوە و ئیستغلالی دەکات، ئێمە دەمێنینەوە تا ئەم قۆستنەوەیە نەهێڵین».

هەرچەندە بەپێی ڕەشنووسی ڕێککەوتننامەی کشانەوە، دەبوو هێزەکانی ئەمریکا لە ٢٠٠٩/٦/٣٠ لە گشت شارو شارۆچکەکانی عێراق بکشێنەوە، بەڵام ئۆدێرنۆ رایگەیاند، کە «ئەمەیان جیاوازە» و مەترسی لەم ناوچانەدا بوونی هەیە، بەپێی ڕێکەوتنەکەی نێوان عێراق و ئەمریکاش، ئەگەر مەترسی لەسەر عێراق هەبوو، ئەوا حکومەتی عێراق دەتوانێت داوای یارمەتی بکات و لەم حاڵەتەدا بە وێلایەتە یەکگرتووەکان ڕێوشوێنی گونجاو دەگرێتەبەر بۆ بەرگرتن لە مەترسییەکان.

ئۆدێرنۆ لەبارەی داواکارییەکانەوە وتی، قسەمان لەگەڵ هەریەک لە مالیکی(سەرۆک وەزیران)و بارزانی (سەرۆکی هەرێم) کردووەو ئەوانیش داوای چاودێریکردنی ئەم کێشەیەیان لێکردووین.

وردەکاریی لە ل٤دایە.

یەکگرتوو لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنە

چوار حیزبەکە بڕیاری کۆتاییان نەداوە

دلێر عەبدولخالق

سەرکردەکانی لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازیی تائێستا بڕیاری کۆتاییان نەداوە سەبارەت بە بەشداریکردن یان بەشدارینەکردن لە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیش ئاماژە بەوە دەکات، لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازیی کاتێک دەتوانێت ڕاستگۆیی خۆی بپارێزێت و ڕۆڵ لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمدا بگێڕێت، کە وەک لایەنێکی ئۆپۆزسیۆن لەناو پەرلەماندا بمێنێتەوە.

هیوا میرزا سابیر، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە سەرەتای پێکهێنانی لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازیی بەرەکە کۆکبوون لەسەر ئەوەی ئەگەر دەنگی تەواومان بۆ پێکهێنانی حکومەت بەدەست نەهێنا، وەک لیستێکی ئۆپۆزسیۆن لەناو پەرلەماندا دەمێنینەوە، ئەمەش دوای ئەو هەوڵانە هات کە چوار حیزبەکە جەختیان لەسەر پێویستیی هەبوونی ئۆپۆزسیۆن دەکردەوە».

لەبارەی ئەگەری پێدانی پلەو پۆستی باڵا لە کابینەی داهاتووی هەرێمدا، هیوا میرزا، ئاماژەی بەوەکرد، بەشداریکردنیان لە کابینەی پێشتر ئەوەی سەلماندووە کە ئیشەکانیان نارواوت، «چونکە دەسەڵات دەیەوێت بەوشێوەیە بێدەنگمان بکەن لە ئاست کەموکوڕییو گەندەڵییەکان»، وتیشی: «لەگەڵ ئەوەی بڕیاری کۆتایی لەلایەن چوار سەکردەکەوە نەدراوە، بەڵام ئێمە وەک یەکگرتوو پێمانباشە ببینە ئۆپۆزسیۆن، چونکە تەنیا بەوشێوەیە دەتوانن ڕاستگۆیی خۆی بەرامبەر جەماوەرو ڕۆڵی خۆی لە هەرێمدا ببینێت».

«لە بەرتیل وەرگرتندا، کەرکوک یەکەم پارێزگای عێراقە»

هەستیار قادر

کەرکوک یەکەم پارێزگای عێراقە لە ڕووی وەرگرتنی بەرتیل و هۆکارەکانی پشت ئەو دیاردەیە، ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکیش دەڵێت: «ئیدارەی کەرکوک دەسەڵاتی لێپرسینەوەی نییە».

بەپێی ڕاپرسییەکی مانگانەی دەستەی نەزاهەی عێراق، دامودەزگا حکومییەکانی کەرکوک لە ڕووی زۆریی وەرگرتنی بەرتیل و هۆکارەکانی پشت ئەو دیاردەیە بە پلەی یەکەم دێت لەنێو پارێزگاکانی عێراقدا.

بەپێی ڕاپرسییەکە، کە لە ژمارەیەک دامودەزگای حکومیدا ئەنجامدراوەو زیاد(٥٥٪)ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە ئاماژە بە بوونی دیاردەی بەرتیل وەرگرتن دەکەن لەو دامودەزگایانەی کەرکوکدا لە هۆکارەکانی پشت بوونی دیاردەی بەرتیل وەرگرتنیشدا کەرکوک یەکەم پارێزگا بووە لە ڕووی زۆریی ئەو پاڵنەرانەوە، کە بڕیتیبوون لە داواکاریی کارمەندانی دەزگا حکومییەکان و بەربەست خستنە بەردەم مامەڵەی هاوڵاتیان.

لەوبارەیەوە ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «چەندینجار دەزگا پەیوەندیدارەکانمان لە بوونی ئەو دیاردەیە لە کەرکوکدا ئاگادارکردووەتەوە، بەڵام دیوانی چاودێری دارایی کارێکی ئەوتۆی نەکردووەو نووسینگەی کەرکوکی دەستەی نەزاهەش هەڵوێستی پێویستی نەبووە».

ئەمە لە کاتێکدایە کە پارێزگارو سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاو قایمقامی کەرکوک کوردنو زۆرینەی ئیدارەی ناوخۆیی ئەو شارەیان بە دەستەوەیە، بەڵام بە ڕای ئەحمەد عەسکەری ئەو دەسەڵاتانە توانای یاسایی لێپرسینەوەیان نییە لە دامودەزگاکانی کەرکوکو پەیوەندییان بە بەغداوە هەیە.

سەرۆکی هەرێم وادەی یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی نوێی دیاریکرد

ڕۆژنامە

مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان فەرمانی هەرێمی دەرکرد بۆیەکەم دانیشتنی پەرلەمانی نوێو ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠٠٩/٨/٢٠ی دیاریکرد.

لە سایتی ڕەسمیی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا هاتووە؛ بەپێی فەرمانی هەرێمی، ژمارە (١٥٩) ساڵی ٢٠٠٩و بە پێی بڕگەی «سێیەم»ی ماددەی «دەیەم»ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو بڕیارماندا بانگهێشتی پەرلەمانی کوردستان بکەین بۆ بەستنی یەکەم دانشتنی خولی هەڵبژاردنی سێیەمی لە ٢٠٠٩/٨/٢٠ کاتژمێری (١٠) سەر لە بەیانی».



ـــی بە چوارچێوەی یاسایی هەیە؟

ئیشکردنی بەرتەسک نەکاتەوە».

نۆپۆزسیۆن سنوور نازانێت

وتەبێژی لیستی کوردستانی باس لەوەدەکات مەترسی لەو کاتەوە دروستدەبێت کە هێزی نۆپۆزسیۆن ئەوەندە مافبدات بە خۆی کە چوارچێوەو سنوورەکان ببەزێنێت، بۆیە ڕێکخستنی کاری نۆپۆزسیۆن لە چوارچێوەی یاسایەکی شارستانیو مەدەنیو دیموکراسیدا باشترین ڕێگەچارەیە کە خزمەت بە هەموو لایەنە جیاوازەکان دەکات.

فازڵ عومەر، وتەبێژی لیستی کوردستانی، بۆ ڕۆژنامەی ڕووندکردەوە وەکچۆن کاری حیزبی بەپێی یاسا ڕێکدەخرێت، دەکرێت کارەکانی هێزی نۆپۆزسیۆنیش لەو ڕێگەیەوە دیاریبکرێت، هەرچەندە ئەگەر نۆپۆزسیۆن خۆی لە ئەرکو مەهامو مافەکانی خۆی بگات، پێویستی بە هیچ یاسایەک نییە، بە مەرجێک کەنارو سنوورو چواچێوە گشتییەکەی خۆی بزانێت. وتیشی: «پێویستە بۆ ڕێکخستنی کاری نۆپۆزسیۆن لە هەرێمدا پەنا بەرینەبەر ئەو یاسایانەی کە ئەزموونکراون لە دەوڵەتانی پێشکەوتوودا، واتە ڕەچاوی ئەو یاسایانەبکەین کە کاری نۆپۆزسیۆنی لە واقیعێکی دیموکراسیو لەژێر ڕۆشنایی یاسایەکی شارستانیو مەدەنی ڕێکخستووە، ئەم ڕێکخستنە یاساییە لەوە باشترە نۆپۆزسیۆن بۆ خۆی چوارچێوەیەک دابنێتو کە زۆرجار ئەوەندە ماف دەدات بە خۆی، کە هیچ چوارچێوەو سنوورێک نازانێت».

بە بڕوای فازڵ عومەر ڕێکخستنی کاری نۆپۆزسیۆن بەشێوەیەکی یاسایی لە بەرژەوەندیی پرۆسەی سیاسیدایەو ئەوەندەی مەبەستیانە نۆپۆزسیۆن بکەوێتە سەر سکەی خۆی، هێندە مەبەست بچووکردنەوەی ئەو هێزە نییە کە بەشێک لە لایەنەکانی ئاماژەی پێدەکەن.

کێ دەبێتە فشاری جێبەجێکردنی یاساکان؟

یەکێک لەو ڕەخنانەی ڕووبەڕووی کارەکانی پەرلەمانو ئەدای پەرلەمانی ڕابـــردوو دەکـــرایـــەوە، ئـەوەبـوو ئازایانە یاساکان دەردەکـــەن، بەڵام لـــەدوای دەرچـوونـی یاساکان هیچ بەدواداچوونێکو چاودێرییەک نییە لەسەر جێبەجێکردنیان، بەمەش بەشێک لە چاودێرانی کایەی یاسایی لە هەرێم پێیانوایە، هەرێم ئەزموونی زۆری هەیە لەگەڵ دەرکردنی یاسا، بەڵام ئەو ئەزموونە لە جێبەجێکردنی یاساکاندا کورتی هێناوە.

بە وتـەی د.لەتیف شێخ مستەفا پسپۆڕیی یاسای دەستووریی هەڵواسینی شتەکان بە یاساوە خۆشخەیاڵییەو نابێت ئۆپۆزسیۆن بـڕوای وابێت ئەگەر چوارچێوەیەکی یاسایی نەبوو دەســـەڵات مافەکانی خەفە دەکـات، وتـی: «یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی ئۆپۆزسیۆن ئەوەیە دەسەڵات پەیوەست بکات بە یاساوە، واتە لەبری ئەوەی کە یاسایەک دابنرێت ئۆپۆزسیۆن بپاێزێت، بەپێچەوانەوە دەبێت ئۆپۆزسیۆنێکمان هەبێت پارێزگاری لە یاسا بکات، بەوپێیەی یەکێک لە گرفتەکانی هەرێم خۆی لە دەرکردنی زۆریی یاساکان بینیووەتەوە، لە بەرامبەردا بە کردار جێبەجێنەکراون، بۆیە ئەگەر دەسەڵات خۆشی بڕوای بە دەرکردنی یاساکان نەبێت، دەبێت ئۆپۆزسیۆن ببێتە فشاری جێبەجێکردنی یاساکان».

ئۆپۆزسیۆن وەک بەشێک لە پرۆسەی سیاسیی سەیرناکرێت

لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا هێزی ئۆپۆزسیۆنو ڕکابەر قۆناغی گرنگی بڕیوە، بۆ نموونە لە بەریتانیا بە سەرۆکی ئۆپۆزسیۆن دەوترێت (سەرۆکی ئۆپۆزسیۆنی خاوەن شکۆ) مووچەو پۆستی فەرمی هەیە، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا سەرەڕای ئەوەی ئۆپۆزسیۆن وەک بەشێک لە پرۆسەی سیاسیی سەیرناکرێتو زۆرجار ناو ناتۆرەی ناڕەواشیان بۆ هەڵدەبەسترێت.

مەولود باوە مراد، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامی ئاماژە بـــەوەدەدات ئەزموونی ڕابردوویان لەگەڵ دەســـەڵات دڵخۆشکەر نەبوو، چونکە دەســـەڵاتـی هـــەرێـم هێزی ئۆپۆزسیۆن وەک بەشێک لە سیستمی سیاسیی سەیرناکات، زۆرجاریش وەکو خائینو گێرەشێوێنو وەک دەستی دەرەوە لەناو هەرێم ناویان هاتووە، هەر بۆیە باوەمراد گومانی هەبوو لـــەوەی بەپێی ئەزموون دەســـەڵات ئامادەبێت ئۆپۆزسیۆن وەکو بەشێک لە سیستمەکە قبوڵبکات، وتی: «حکومەتو ئۆپۆزسیۆن دووبەشی پێکهێنەری نوێنەرایەتی خەڵکنو بە هەردوولایان دەتوانن بارەکە ڕاستبکەنەوە، ئەم واقیعەش دەبێت دەســـەڵاتی هەرێمی درکی پێبکات».

بـــۆچـــوونـــەی ئـــەو ئـــەنـــدامـــەی یەکگرتووی ئیسلامیی لەکاتێکدایە، کە فـــازڵ عومەر وتەبێژی لیستی کوردستانی پێیوایە، یەکێک لە دەسکەوتە گرنگەکانی ئەم هەڵبژاردنە ڕەخساندنی ئەو زەمینەیەبوو کە بەڕەی ئۆپۆزسیۆنی لێوە هاتەکایەوە، ئەوەشی لە چوارچێوەی کارە ئیجابییەکانی دەســـەڵاتـی هـــەرێـم نیشانداو وتی: «تەنانەت دەسەڵات هانی ئەو پارتانەشی داوە کە دوێنی قاچێکیان لە حکومەتو قاچێکی دیکەیان لە ئۆپۆزسیۆندابووە، بۆ ئـــەوەی ئەمجارە لەگەڵ لیستی گۆڕاندا ببنە ئۆپۆزسیۆن».

د.لەتیف شێخ مستەفا لەو بارەیەوە دەڵـێـت: «چەند ساڵە ئەو پارتانەی بەناوی ئۆپۆزسیۆنەوە لە بەرامبەر پلەو پۆستو پـارەدا بەشداربیان لە حکومەتدا کردووە، بە ئەندازەی حیزبی دەســـەڵاتـدار لە کەموکرتییەکانو تـاوانـبـارن، ئێستاش کـە بـەڕەی ئۆپۆزسیۆن فراوانبووە، نزیکبووەتەوە لە دەســـەڵات، ئیتر دەکەوێتە سەر خۆیان ئایا دەبنە ئۆپۆزسیۆن یان نا؟ ئایا ئامادەن قوربانی بدەن لەپێناو کەشفکردنی نهێنییەکانو دیـوە شاراوەکانی دەســـەڵات بۆ بەرچاوی میللەت یان نا؟ ڕاستگۆ دەبن لەگەڵ جەماوەر یان نا»؟

فازڵ عومەر: پێویستە بۆ ڕێکخستنی کاری نۆپۆزسیۆن لە هەرێمدا پەنا بەرینەبەر ئەو یاسایانەی کە ئەزموونکراون لە دەوڵەتانی پێشکەوتوودا، واتە ڕەچاوی ئەو یاسایانەبکەین کە کاری نۆپۆزسیۆنی لە واقیعێکی دیموکراسیو لەژێر ڕۆشنایی یاسایەکی شارستانیو مەدەنی ڕێکخستووە

وەزارەتی تەندروستی عێراق (٥٠٠) فەرمانبەری کەرکوک دەگوازێتەوە

ئارام جەمال

وەزارەتـــی تەندروستی عێراق بڕیاری ئاڵوگۆڕکردنو گواستنەوەی زیاتر لە (٥٠٠) فەرمانبەری تەندروستی پلە جیاوازی داوەو ئەم بڕیارەش ئـەو فەرمانبەرانە نیگەران دەکاتو سەندیکای کارمەندانی تـەنـدروسـتـی کەرکوکیش یاداشتێک ئاڕاستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات.

ئەمجەد عەلی، یاریدەدەری پزیشک لـە نەخۆشخانەی گشتیی کـەرکـوک، یەکێکە لەوانەی بڕیارەکە دەیگرێتەوە، بـە ڕۆژنـامـەی ڕاگـەیـانـد: «ئەم بڕیارە زیان بە ئێمەو نەخۆشخانەکانیش دەگەیەنێت، چونکە بەر لە هەموو شت لە بواری تەندروستیدا مومارەسە گرنگە، ئەو بڕیارەش هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە ساڵانێکی زۆرە لە شوێنەکانی خۆیان مومارەسەیان هەیە».

ئەو فەرمانبەرە ئاماژەی بـــەوەشـــدا، کـــە هـــەمـــان بڕیار پێشتر لە پارێزگای سەڵاحەدین هەڵوەشایەوە، ئێستا دەیانەوێت لە کەرکوک جێبەجێی بکەن.

لـە بـەرامـبـەردا ڕۆژی (٢٠٠٩/٨/١٧) لقی کەرکوکی سـەنـدیـکـای کـارمـەنـدانـی تەندروستی کوردستان، لە هۆڵی سەلام-ی شاری کەرکوک بۆ پشتگیریی لەو فەرمانبەرانە کۆنفرانسێکی ســازکـرد، تاریق محەمەد، بەرپرسی لقی کەرکوکی سەندیکای تەندروستی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە کۆنفرانسەکەدا تاوتوێی سەرجەم گرفتەکانی کارمەندانی تەندروستیمان کـردووە، لە پێشیانەوە ئەو بـڕیـارە نوێیەی وەزارەتـی تەندروستی، کە گواستنەوەو جێگۆڕکێ بە زیاتر لە (٥٠٠) فەرمانبەر دەکـات، وتیشی: «کـۆنـفـرانـس بـڕیـاریـداوە ڕاگـەیـەنـدراوی کۆنفرانس وەک یاداشت ئاڕاستەی لایەنە بەرپرسو پەیوەندیدارەکان بکات بۆ ڕاگرتنی ئەو بڕیارە، چونکە زیان بە فەرمانبەرانو تـەنـدروسـتـی کەرکوکیش دەگەیەنێت، چونکە ناکرێت لە بری ئاوڕلێدانەوەی زیاتر لە فەرمانبەرانی تەندروستی، بڕیار لە دژیان دەربچێت».

ئاماڕێک بەناوی وەزارەتی مافی مرۆڤەوە بڵاوەکرێتەوە

فەلاح نەجم

پاشئەوەی ژمـارەیـەک لە میدیاکان ئاماڕێکیان بەناوی بانکی زانـیـاری وەزارەتـی مافی مرۆڤەوە، دەربـارەی ئەو پێشێلکارییانە بڵاوکردەوە کە لە ماوەی (٦) مانگی ڕابردوودا دژی ڕۆژنامەنووسان کراوە، وتـەبـێـژی وەزارەتـی مافی مرۆڤیش دەڵێت: «ئەو ئامارە پەیوەندیی بە وەزارەتی مافی مرۆڤەوە نییە».

نـازم دلـبـەنـد، وتـەبـێـژی وەزارەتـی مافی مـرۆڤ، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «وەزارەتـی مافی مرۆڤ ئاگای لە بلاوکردنەوەی ئەو ئامارە نییە، ئێستا سەرقاڵی ئەوەین بـزانـیـن ئـەو ئـامـارە چـۆن بلاوکراوەتەوە».

ئـــامـــارەکـــە ئـــامـــاژەی بەوەکردووە کە لە ماوەی شەش مانگدا (٦٨) کاری پێشێلکاریی دژی ڕۆژنامەنووسان کراوە، کە حاڵەتەکان زیاتر هەڕەشەلێکردن، زیندانیکردنو جنێودان بوون.

ڕاگەیاندنی یەکێتیی، هەولێر بە خاکی عەرەب لە قەڵەمدەدات

بەرهەم خالید

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بە خاکێکی عەرەبی لە قەڵەمدەدات.

لە ژمارەی دوێنێی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ-و لە لاپەڕە ٩دا ریکلامێک بۆ پێشانگای نێودەوڵەتی بۆ جلوبەرگ بڵاوکراوەتەوە، کە بڕیارە لە ١٦-١٨ی ئەم مانگە لە شاری هەولێر بەڕێوەبچێتو لە ناوەڕۆکی ریکلامەکەدا نووسراوە، زیاتر لە ١٥٠ کۆمپانیای جیهانی بۆ یەکەمینجار لە شاری هەولێر بەشداریدەکەن لەسەر خاکێکی عـەرەبـیو لـە پێشانگایەکی یـەکـگـرتـووەدا، کـە لـە وڵاتێکی عەرەبیدا بەڕێوەدەچێت.



کێشەی دەنگدەرانی کەرکوک چارەسەرکرا

ئارام جەمال

لیژنەی یاسایی پەرلەمانی عێراق کێشەی ئەو ئاوارە کوردانەی کەرکوکی چارەسەرکرد، کە بەهۆی سکاڵای چەند لایەنێکی تورکمانو عەرەبەوە نزیکەی (١٠٠) هەزار کەس لە ئاوارە کوردەکانی شاری کەرکوکی لە مافی دەنگدان بێبەش دەکـرد، بڕیاریشە لیژنەیەک لە کۆمسیۆنی بااڵ بۆ بوونی هەر سکاڵایەک پێکبهێنرێت.

د.محەمەد شەریف، ئەندامی کوتلەی هاوپەیمانی کوردستانو لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی عێراق، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لە سەرەتای ئـەم مانگەوە لەسەر سکاڵای هەندێک لایەنی عەرەبو تورکمانی، کۆمسیۆنی بـاڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان نزیکەی (١٠٠) هەزار دەنگدەری ئاوارەی کوردی لە مافی دەنگدان بێبەشکردبوو، کە لە چوارچێوەی مادەی (١٤٠)ی دەستووری عێراقدا گەڕابوونەوە زێدی خۆیان، وتیشی: «کۆمسیۆن کێشەکەی خستە بەردەستی لیژنەی یاسایی پـەرلـەمـانـو دوای چـەند کۆبوونەوەیەکی لیژنەکە بە هاوکاریی نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراقو بەهۆی نایاسایی ئەو سکاڵایانە، پەرلەمان بڕیاریدا کە سەرجەمی ئـەو هاوڵاتیانەی تاکو ساڵی (٢٠٠٩) گەڕاونەتەوە کەرکوکو کۆبۆنی خـۆراکـیـان ئێستا لە کـەرکـوکـە، هـەر لـە کـەرکـوک تۆماربکرێنو بەشداریی دەنگدان بکەن».

د.مـــحـــەمـــەد، هـــەروەهـــا ڕاشیگەیاند: «لیژنەی یاسایی پـەرلـەمـان بـڕیـاریـداوە لە کۆمسیۆن لیژنەیەک پێکبهێنرێت بۆ بەدواداچـوونـی بوونی هەر سکاڵایەک لەلایەن هەر لایەنێکەوە ئەگەر گومانی لە تەزویربوونی تۆماری هەر خێزانێک هەبێت، کـە بـۆ مەبەستێکی سیاسیی بیەوێت لە کەرکوک دەنگبدات، ئەو کات کۆمسیۆن بڕیار لەسەر ڕەتکردنەوە یان بەشداریکردنی ئەو خێزانانە دەدات».

ئۆپۆزسیۆن لـە هەرێمـدا، پێویستـ

کوێستان محەمەد: ئۆپۆزسیۆن پێویستی بە یاسا نییەو ئێستا لە هەرێمدا بەهۆی پشتگیریی خەڵکەوە بووەتە واقع، بەشێوەیەک دەتوانێت خۆی چوارچێوەیەک بۆ خۆی دابنێتو لێپەوە چاودێریی دەسەڵاتەکانی هەرێم بەشێوەیەکی گشتیی و دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەشێوەیەکی تایبەتی بکات

دلێر عەبدولخالق

دوای هاتنەکایەی هێزێکی گەورەی ئۆپۆزسیۆن بۆ ناو گۆڕەپانی سیاسیی هەرێمی کوردستان، لە چواچێوەدانو لە چوارچێوەنەدانی یاسایی ئیشوکارو ئەرکەکانی ئەو هێزە، بووەتە جێی مشتومڕی نێوان چاودێرانو لایەنە جیاوازەکان، کە بەشێکیان پێیانوایە، ئۆپۆزسیۆن پێویستی بە یاسا نییەو بەشەکەی دیکەش ئاماژە بەوە دەدەن ڕێکخستنی کـاری ئۆپۆزسیۆن لە چوارچێوەی یاسایەکی مەدەنیو دیموکراسیدا ئۆپۆزسیۆن دەخاتە سەر ڕێڕەوی ئاسایی خۆی.

هەڵبژاردنی (٢٥)ی تەممووزو هاوکێشەی سیاسییو نەخشەی سیاسیی هەرێمی کوردستانی گۆڕیو ئاماژەکان بەو ئاراستەیەن کە «دۆخی سیاسیی» ئەم هەرێمەی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە گواستەوە، لە قۆناغێک کە دوای (١٨) ساڵ حوکمڕانی لەژێر دەسەڵاتی دوو حیزبی بالادەست، بۆ قۆناغێک کە دەنگو ڕەنگی نوێ لە چوارچێوەی بزووتنەوەیەکی فراوانی کۆمەڵایەتییدا رکابەری دەسەڵاتی هەرێم دەکەنو قۆناغێک دروستدەبێت کە ئیدی مەحاڵە بێئەوەی بەرژەوەندیی کۆی ئەو گروپانە لەسەر بڕیارو پرسە هەنوکەییو هەستیارەکان کۆکنەبێت، لە فلتەری سیاسییو پەرلەمانی هەرێمدا دەربچێت.

زیـاتـر لـە (٤٠) کـورسـی پەرلەمانی ئایندەی هەرێم هی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانە، هەرێمی کوردستان لە دۆخی ئۆپۆزسیۆنێکی بێ هێزو شەرمنی سیاسییەوە پەڕیوە بەرەو دۆخێک کە ئۆپۆزسیۆنێکی کاراو بنکەفراوان بەشداریی لە پرۆسەی سیاسییو سیستمی پەرلەمانی هەرێمدا دەکـات، خاڵی هەڵوەستە لەسەرکراو ئەوەیە کە ئایا ئەو هێزە نوێیەی کە ئومێدی ژمارەیەکی فراوانی دانیشتووانی هەرێمی لەسەر هەڵچنراوە، بێئەوەی چواچێوەو گرەنتییەکی یاسایی هەبێت دەتوانێت مومارەسەی مافو ئەرکەکانی خۆی بکات، بە دیوێکی دیکەشدا دەسەڵات لە هەرێمدا تا چەند شەفافو کراوەیە کە ئەو مافانەی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن بەشێوەیەکی گشتیی لـە وڵاتـان پەیڕەوی دەکەن لێرە پێیانڕەوا ببینرێت، لـێـرەوە بۆچوونەکان دابەشدەبن بەسەر دوو بـەرەدا، کە بەرەیەکیان پێیانوایە ئۆپۆزسیۆن دەبێت دەسەڵات ناچاربکات پەیڕەوی یاسا بکات، نەک ئۆپۆزسیۆن خۆی چاوەڕێبێت لە چوارچێوەیەکی یاساییدا پارێزگاری لێبکرێت، بۆچوونەکەی دیکەش لەو گۆشەیەوە بۆ ئـەوەی ئۆپۆزسیۆن لە سنوورو چوارچێوە گشتییەکەی خـۆی دەرنـەچـێـت، پێویستی بە چوارچێوەیەکی یاسایی هەیە.

ئۆپۆزسیۆن پێویستی بە چوارچێوەی یاسایی نییە

د.لەتیف شێخ مستەفا پسپۆڕی یاسای دەسـتـووری ئـامـاژە بەوە دەدات ئەگەر هـەڵـبـژاردن لەکاتی خـۆی دووبارەبکرێتەوە، دەستاو دەستکردنی دەسەڵات بەشێوەیەکی سلمی ڕووبدات‌و فرە حیزبی هەبێت، ئـۆپـۆزسـیـۆنـبـوون پێویستی بە چوارچێوەی یاسایی نییە، چونکە هەمیشە حکومەت زۆرینە پێکدەهێنێتو ئەوەی لە پەرلەماندا دەمێنێتەوە دەبێتە ئۆپۆزسیۆنو مومارەسەی کارەکانی خۆیان دەکـەن. وتیشی: «کەم وڵات هەیە، یاسای تایبەت بە ئۆپۆزسیۆنی هەبێت، ئەوەی لە عێراق‌و کوردستانیش ڕوودەدات سـەبـارەت بە حوکمی بەشداریپێکردنی هەموان لە جیهاندا شتی وانییە، واتە لەبەرئەوەی مەترسی هەیە یان بە بیانووی جیاجیا حکومەتی بنکەفراوان دروستبکەیت، کە ئەمە جگە لە کڕینی دەنگەکان هیچی دیکە نییە».

هاوڕا لەگەڵ بۆچوونی ئەو پسپۆڕە دەستوورییە، مەولود بـاوە مـراد، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامی کە پارتەکەی لە چوارچێوەی لیستی خزمەتگوزاری‌و چاکسازیدا بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکانی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستاندا کردو بوونە سێیەم لیستی براوەی هەڵبژاردنەکە، پێیوایە، مافو ئەرکی ئۆپۆزسیۆن دیارە، هەر پەرلەمانتارێک مـافـی چـاودێـریـی دەسـەڵات، لێپێچینەوە، بەدواداچوون، یاسادان‌و بانگهێشتکردنی هەیە، تـەواوی ئەو مافانەش بۆ ئەندامانی پەرلەمان لـە بـەرەی ئۆپۆزسیۆن‌و بـەرەی دەسەڵاتیش پارێزراوە، کەواتە مافو ئەرکەکان ڕوونەو پێویستی بە یاساو چوارچێوەی یاسایی نییە.

باوە مراد دەڵێت: «مافی هاوڵاتی‌و حیزب‌و گروپەکانە کە ڕەخنەو تانەو قسەی خۆیان هەبێت لەسەر کارو ڕەفـتـارو سلوکی دەسـەڵات، بەڵام ئەوە دەکەوێتەوە سەر ئـەوەی ئایا سیستمە سیاسییەکە ئەوەندە بڕوای بە دیموکراسیەت هەیە کە ئەو مافە بە خەڵک زەوتنەکات».

گومانی لەقاڵبدانی کاری ئۆپۆزسیۆن لەڕێی یاساوە

ئەندامێکی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستانیش بڕوای وایە، لە حاڵەتی هەبوونی یاسایەک ئەگەر ئۆپۆزسیۆن لەقالبنەدات خراپ نییە، بەڵام گومانی هەیە یاسایەک دەربچێت کە دەستی بـەرەی ئۆپۆزسیۆنی لە کارەکانیدا ئاوەڵابکات.

کوێستان مـحـەمـەد، ئەندامی خولی دووەمـی پەرلەمانو ئەندامی هەڵبژێردراوی پەرلەمانی نوێ، لەسەر لیستی گۆڕان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئۆپۆزسیۆن پێویستی بە یاسا نییەو ئێستا لە هەرێمدا بەهۆی پشتگیریی خەڵکەوە بووەتە واقع، بەشێوەیەک دەتوانێت خۆی چوارچێوەیەک بۆ خـۆی دابنێتو لێپەوە چاودێریی دەسەڵاتەکانی هەرێم بەشێوەیەکی گشتیی‌و دەسـەڵاتـی جێبەجێکردن بەشێوەیەکی تایبەتی بکات». کوێستان گەشبینە لەوەی هێزی ئۆپۆزسیۆن دەتوانێت دەسەڵات بەرەو کرانەوەو شەفایەت بەرێت، ئاماژە بەوەشدەکات، ئەگەر یاسایەک هەبێت بۆ ڕێکخستنی کاری ئۆپۆزسیۆن خراپ نییە، بەڵام ناوبراو گومانی لەوە هەیە، ئەو یاسایە ئۆپۆزسیۆن لەقاڵب نەدات‌و مەودای

ئەرکی ئۆپۆزسیۆن فشاردروستکردنە بۆ چارەسەری کێشەی ناوچە دابڕاوەکان

ئارام جەمال

ژمارەیەک لە نوسەران‌و ڕۆشنبیرانی کەرکوک بەگرنگی دەزانـن ئۆپۆزسیۆن لـە پەرلەمانی نـوێـدا، کـاربـکـەن بۆ چـارەسـەرکـردنـی کـێـشـەی ناوچـە دابڕاوەکان‌و یەکێک لەو نوسەرانە دەڵێت پێویستە فراکسیۆنی گـۆڕان زۆرترین فشارەکانی بە ئاراستەی خزمەتی خەڵک بێت.

لـە هـەڵـبـژاردنـەکـانـی ئـەمـجـارەی پەرلەمانی کوردستاندا لیستو دەنگە جیاوازەکان دڵخۆشکەربوون، بەجۆرێک لە مێژووی سیاسیی کوردستاندا یەکەمجارە هێزێکی کاریگەر بە پشتیوانی جەماوەرێکی بەرفراوان بۆ خولی سێیەمی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان سەردەکەوێت‌و یەکەم خولی پەرلەمانیش دەبێت کە ئۆپۆزسیۆنێکی کـاراو داکۆکیکەر لە مافەکانی خەڵکی کوردستان بەخۆوە دەبینێت.

دەرکەوتنی لیستی گۆڕان بەوکاریگەرییە گـەورەیـەو بـەو ژمـارە کورسییەی کە بەدەستیهێناوە، سەرنجی ناوخۆو دونیای بـەلای خۆیدا ڕاکێشاو ئێستا خەڵکی کوردستان بەناوچە دابڕاوەکانیشەوە چاوەڕوانی حکومەتێکی کارا دەکەن لەژێر فشاری ئۆپۆزسیۆنێکی کاریگەردا.

ژمارەیەک لە ڕۆشنبیرانی کەرکوک لە بەرامبەر ئۆپۆزسیۆنێکی ئیجابیدا، حکومەتێکی ئیجابیی بە پێویست دەزانن‌و پێیانوایە، ئۆپۆزسیۆنی داهـاتـووی پەرلەمانی کوردستان یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی فشارخستنەسەر دەسەڵاتە بـۆ چـارەسـەرکـردنـی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان، وەک چۆن داکۆکی لە خەڵکی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم دەکات.

پارێزەر خالید نەقشبەندی، لەبارەی دەرکـەوتـنـی لیستی گـۆڕان وەک ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز بە ڕۆژنامەی ڕاگـەیـانـد: «لـەدوای ڕاپـەڕیـنـی ساڵی (١٩٩١)ی خەڵکی کوردستانەوە بەهۆی کـۆبـوونـەوەی لایەنە سیاسییەکان لە دەوری بەرەی کوردستانی لە پەرلەماندا ئۆپۆزسیۆن بوونی نەبوو، لەو کاتەوە تاکو هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە ڕۆنامەنووسان‌و ڕۆشنبیران‌و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە دەرەوەی پەرلەمان ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنیان دەبینی، بەڵام ئێستا بۆ خولی داهاتووی پەرلەمان ئۆپۆزسیۆنێکی کارا دەبینرێت لەپێشیانەوە لیستی گۆڕان کە خاوەنی (٢٥) کورسیە».

لـەبـارەی زەمـیـنـەی دەرکـەوتـنـی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان، نەقشبەندی دەڵـێـت: «لـەدوای پـرۆسـەی ئازادیی عێراقەوە قۆناغێکی نـوێ بۆ خەڵکی کوردستان‌و عێراق هاتووەتە ئـاراوە، بەجۆرێک هەموولایەنەکان دەتوانن سـوود لەئازادییەکانی دەسـتـووری عێراق وەربگرن، کە پێشتر ئەو ئازادییە فەراهەم نەبوو». وتیشی: «لەم خولەی ئێستای پەرلەمانی عێراقدا ڕەوتـی سـەدر کە بە ژمـارە کەمن، بـەڵام زۆر کـاریـگـەرن، ئـەوەمـان بۆ دەردەخـەن ئۆپۆزسیۆن ئەگەر ژمارەی کورسییەکانی لە پەرلەمانیشدا زۆر نەبێت، بەڵام دەتوانێت کاریگەربێت». لەبارەی ڕۆڵی لیستی گۆڕان وەک ئۆپۆزسیۆن خالید نەقشبەندی دەڵێت: «لەگەڵ فشارەکانیدا بـۆسـەر دەسـەڵات بـۆ خزمەتکردنی خەڵک، پێویستە ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی داهاتووی کوردستان لە ڕێگەی فشاری بەردەوامەوە کاریگەریی دروستبکات بۆ یەکلاییکردنەوەو چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان».

دانا عەسکەر، نووسەر و ڕۆژنامەنووس، پێیوایە، یەکێک لە دەرکەوتە پۆزەتیڤەکانی ژیانی سیاسیی لەهەرێمی کوردستان دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزە، لەو بارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «هەمیشە پێموابوو ململانێکانی نـاو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان‌و بوونی ڕای جیاواز بە قازانجی خەڵکی کوردستان دەشکێنەوە، کـە ئەنجامەکەی ئـەوەبـوو بینیمان ئۆپۆزسیۆنێکی خاوەن (٢٥) کورسی لە پەرلەمانی کوردستان لە دایک دەبێت، کە بەجۆرێکە لە مێژووی دەسەڵاتی کوردیدا ڕوویـنـەداوە ئۆپۆزسیۆنێکی وا بەهێز بەماوەیەکی زەمەنی کورت دروستبێت».

لەبارەی ئەرکی داهـاتـووی لیستی گۆڕان وەک ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانی داهاتووی کوردستاندا، دانـا عەسکەر دەڵێت: «دەبێت ئەم ئۆپۆزسیۆنە جیاواز بێت لە ئۆپۆزسیۆنی خولەکانی دیکەی پەرلەمان، کە هەندێک لایەن لە حکومەتدا بەشداربوون‌و خۆشیان بە ئۆپۆزسیۆن دەزانـی، بەپێچەوانەوە دەبێت گۆڕان بە وردی چەمکەکانی ئۆپۆزسیۆنبوون لێکبداتەوەو ناڕەزایەتییەکانی خەڵک بگەیەنێتە پەرلەمان‌و زۆرترین فشاری بە ئاراستەی خزمەتکردنی خەڵک بێت، دەبێت لەوەش تێبگەین کە ئەرکی لیستی گۆڕان نییە ئەو بەلێنانەی لەپێش هەڵبژاردن بەخەڵکی داون جێبەجێیان بکات، بەڵکو گۆڕان کۆکراوەی ئەو دەنگە ناڕەزایانەیە بۆ دروستکردنی فشار لە پەرلەمانی داهاتوودا، کە سەرەنجام دەرکەوتنی وەک ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز دەبێتە باگراوندی حکومەتێکی بەهێز».

شێخ سدیق ئەحمەد، نـووسـەرو ڕۆژنامەنووس، پێیوایە قۆناغێکی نوێ لە کوردستاندا دەرکەوتووە، کە ئەویش بوونی دەنـگـو ئاراستەی جیاوازە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لەدوای (١٨) ساڵ حوکمڕانی لە کوردستان، قۆناغێکی نوێ لە کوردستان هاتووەتە ئاراوە، کە ئەویش دەرکەوتنی دەنـگـو ڕەنـگـو ئاراستەی جـیـاوازە، چونکە تا ئـەم کاتە کورد نەیتوانیوە سیستمی سیاسییو سیستمی دەوڵەت لەیەکتر جیابکاتەوەو بڕیارەکانی پەرلەمان، بڕیاری مەکتەبی سیاسیی حیزبەکان بوون، بەڵام دەکرێت لە ئێستاوە ئاسۆیەک بۆ گۆڕانکارییەکان بەدی بکەین بەهۆی ئەو دۆخە نوێیەوە».

لـەبـارەی ئـەرکـی داهـاتـووی ئۆپۆزسیۆنەوە شێخ سدیق دەڵێت: «هێشتا زووە بڕیار لە کارایی‌و ناکارایی ئۆپۆزسیۆن بدەین، پرسیارێکیش کە پێویستە بیکەین ئەوەیە، کە ئەو باگراوندەی ئۆپۆزسیۆن کاری پێدەکات باگراوندێکی مەعریفی عیلمانیە یاخود غەیرە عیلمانیە، کە بەبڕوای من گەلی کوردستان پێویستی بە باگراوندە عیلمانیەکەیە تاکو سەرجەم داخوازییەکانی گەل بێتەدی».



کەرکوکیەکان لە چاوەڕوانی گەڕانەوەدان

فۆتۆ: Daylife

هاوپەیمانێتی پێشوەخت یان ترس لەبەرامبەر



هەستیار قادر

ئەنجامدانی هاوپەیمانێتی بەر لە هەڵبژاردنو پەنا نەبردنە بەر هاوپەیمانێتی دوای ئەو پرۆسەیە بەڵای هەندێک لە پەرلەمانتارانی عێراقەوە ترسە لە هێزی بەرامبەرو بە رای هەندێکی دیکەش واقیعی دیموکراسیی عێراق ئەو شێوازی هاوپەیمانێتییە دەخوازێتو پسپۆرێکی سیاسیش پێیوایە، کە هاوپەیمانێتییەکان جۆرێکن لەگەمەی سیاسیی کە حیزبەکان بە ئاڕاستەی بەرژەوەندیی خۆیان پێکیدەهێنن.

کلتووری هاوپەیمانێتی لە عێراقدا

بەر لە یەکەم هەڵبژاردنی گشتیی عێراق لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسەوە کە لە ساڵی (٢٠٠٤)دا بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی ئەو کاتەی عێراق ئەنجامدرا کە بە کۆمەڵەی نیشتمانی عێراق ناودەبرا، سەرەتاکانی دەرکەوتنی کلتووری هاوپەیمانێتی بەر لە هەڵبژاردن لە عێراقدا سەریهەڵداو لە غیابی سوننەکاندا کە بایکۆتی ئەو هەڵبژاردنەیان کرد، هەر یەک لە کوردو شیعە دوو هاوپەیمانێتییان پێکهێنا، شیعەکان بەتایبەت ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی عێراقیو حیزبی دەعوە بە پیرۆزکردنو هاندانی مەرجەعی گەورەی شیعەکانی عێراق، بەتایبەت عەلی سیستانی هاوپەیمانێتییەکیان دروستکرد بەناوی ئیئتیلافی یەکگرتووی عێراقەوەو تواناییان زۆرینەی کورسییەکانی کۆمەڵەی نیشتمانی بەدەستبهێنن، کە (١٤٠) کورسی بوو لە کۆی (٢٧٥) کورسی، کوردیش بەهەمانشێوە لیستی هاوپەیمانی کوردستانیان پێکهێنا، کە هەر یەک لە یەکێتیو پارتیو حیزبی شیوعی کوردستانو زەحمەتکێشانو سۆسیالیستو یەکگرتووی ئیسلامیی تێدا بوو، کە بوونە خاوەن (٧٥)کورسیی کۆمەڵەی نیشتمانیو سێیەم هاوپەیمانێتی بەهێزیش کە ئەو کات لە عێراق لەبەرامبەر هێزی شیعەو کوردا پێکهێنرا کە تیایدا بزووتنەوەی ویفاقی نیشتمانی بە سەرۆکایەتی ئەیاد عەلاوی و چەند لایەنێکی سوننیو شیعەی تێدا بەشداربوون، ئەم ئەزموونە لە هاوپەیمانێتی بەر لە هەڵبژاردن بە هەندێک گۆڕانکارییەوە بەر لە هەڵبژاردنی گشتیی عێراقی ساڵی (٢٠٠٥)دووبارە بووەوە شیعەکان لیستی ئیئتیلافیان بەشێوەیەکی بەرفراوانتر پێکهێنایەوە، کە هەریەک لە ئەنجومەن باڵای ئیسلامیی و حیزبی دەعوەو فەزیلەو سەدرییەکانو لیستی سەبەرخۆو هاوهەڵوێستی(تظامن) پێکهاتبوونو کوردیش بە هەمانشێوە لیستی هاوپەیمانی بونیادنایەوە بە جیاوازییەکی کەم نەبێت کە ئەویش جیابوونەوەی یەکگرتووی ئیسلامیو بەشداریی کۆمەڵی ئیسلامی بوو لەو هاوپەیمانێتییەدا، لەبەرامبەر ئەم دوو هێزەشدا سوننەکان بە ڕابەرایەتی حیزبی ئیسلامی ڕۆژووی بایکۆتکردنیان لە پرۆسەی سیاسی شکاندو بەڕەی تەوافوقی عێراقییان پێکهێنا، کە پێکهاتبو لە هەریەک لە حیزبی ئیسلامیو کۆنگرەی نەهلی عێراقو ئەنجومەنی دیالۆگی نیشتمانی.

کلتووری پێکهێنانی هاوپەیمانێتی بەر لە هەڵبژاردن لەبری پەنابردنە بەر دەرئەنجامەکان تەنیا هەڵبژاردنی گشتیی عێراقی نەگرتەوە، بەڵکو سەرکردایەتی سیاسیی کورد ئەو ئەزموونەشیان گواستەوە بۆ هەرێمی کوردستانو یەکێتیو پارتی لیستێکی هاوبەشیان پێکهێنا بە بەشداری ئەو دوو حیزبەو یەکگرتووی ئیسلامیو سۆسیالیستو شیوعیو بەشێک لە تورکمانو مەسیحییەکانو بەو لیستەوە بەشداربیان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا کرد کە لە ساڵی (٢٠٠٥)دا ئەنجامدرا، دواتر سەرەتای شکستی ئەو جۆرە هاوپەیمانێتییە پێشوەختە دەرکەوت کاتێک پەرلەمانتاری سەر بە یەکگرتووی ئیسلامی بە جۆرێکی سەربەخۆ لە لیستەکەی یەکێتیو پارتی مامەڵەیان دەکردو هەمان ئەزموونیش بەسەر لیستەکانی ئیئتیلافو بەرەی تەوافوقدا هاتو لەنێوان خۆیاندا کەوتنە جیابوونەوەی کوتلەکانو هەندێکجاریش هەڵوێستیان لە لیستە کۆکەرەوەکەیان وەردەگرتو سەربەخۆیانە بیریاندەکردەوەو هەڵوێستی جیاوازیشیان لە دۆسیە هەستیارەکان هەبوو بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەو مەرکەزییەتەی کە بنەمای پێکهێنانی سەرجەم ئەو لیستانە بوو.

لە هەڵبژاردنی (٢٥)ی تەممووزی ئەمساڵی پەرلەمانی کوردستاندا بەتەواوی هاوکێشەی هاوپەیمانێتییەکان گۆڕاو بیرۆکەی لیستی گشتگیر کاڵتربووەوە، تا ئەندازەیەک کە تەنیا جێگەی یەکێتیو پارتی تیاکرایەوەو ئەوانی دیکە لیستی جیایان پێکهێنا.

هاوپەیمانێتی پێشوەخت

لە وڵاتانی دیموکراسیی زیاد لە دوو حیزبیدا وەک هەندێک لە وڵاتانی ئەورووپاو لوبنان زۆربەی هاوپەیمانێتییەکان لەدوای دەرکەوتنی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنەوە ئەنجامەدرێن بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتی پێکهێنانی کابینەی حکومەت یان بەپێچەوانەوە بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتی بۆ هێنانەکایەتی کوتلەیەکی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی، بەڵام لە عێراقی نوێدا زۆربەی هاوپەیمانێتییەکان بەر لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنن و هەر لەسەرەتاوە روونەدەبێتەوە کە کێ حکومەت پێکدەهێنێتو کێش هاوبەشی دەبێتو کێش دەبێتە ئۆپۆزسیۆن.

محەمەد مەهدی بەیاتی، ئەندامی لیستی ئیئتیلافی یەگگرتوو پێیوایە، هاوپەیمانیی دوای هەڵبژاردن لەو وڵاتانەدا بەدیدەکرێت کە لە قۆناغی بە دیموکراسیبوونی نموونەییدان و وتیشی «ئێمە لە عێراقدا لە سەرەتای ڕێگای بەدیموکراسیبوونداین نەک ناوەڕاست یان ئاستێکی پێشکەوتوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم قۆناغەی ئێستا جیاوازە لەگەڵ قۆناغی ڕابردووی سەردەمی کۆمەڵەی نیشتمانی و بەر لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئێستاش».

بەیاتی بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە کە ئێستا پێویستیان بە ڕۆشنبوونی شێوازی هاوپەیمانێتییەکانی بەر لە هەڵبژاردنەو زۆربەی لایەنە سیاسییەکان چاوەڕوانی یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران دەکەن تا بڕیار لە سەر شێوازی هاوپەیمانێتییەکان بدەن، وتیشی «پێموایە ئەمجارە زۆربەی هاوپەیمانێتییەکان دەکەونە دوای هەڵبژاردن».

هاوپەیمانی یان ترس لە بەرامبەر

یەکێک لە پاڵنەرە هەرە بەهێزەکانی لایەنە عێراقییەکان بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتی بەر لە هەڵبژاردن، ترسە لە هێزی بەرامبەرەکانیان، بەتایبەت ئەگەر هاوپەیمانێتی بەهێزتر هەبێتو تاکە حیزبێک نەتوانێت وەک ئۆپۆزسیۆنیش بە ڕوویدا بوەستێتەوە.

بە بڕوای عەبدوڵلا ساڵح، ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، هەتا ئێستاش شیعەکان بەربەستێکیان هەیە کە دەیانەوێت بە هەر شێوەیەک بێت ببنە لیستی گەورە تا حکومەت پێکبهێنن، وتیشی «شیعەکان کە زۆرینەی پێکهاتەی عێراقن، مانای وایە دەبێت لایەنەکانی دیکەش پەنا بۆ هاوپەیمانیی بەر لە هەڵبژاردن ببەنو کاریگەریی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی عێراقی هەڕیمایەتیو ناوچەکەش بوونی هەیە لەسەر شێوازی ئەو هاوپەیمانێتییانەو گوشارێکی زۆری ئێران هەیە لەسەر پێکهێنانی ئەو هاوپەیمانێتییەی شیعەکان».

ئەو ئەندامەی لیستی هاوپەیمانی ئاماژەی بەوەشدا، کە پێکهێنانی ئەو هاوپەیمانێتییانە لەبەر نەبوونی متمانەیە لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی عێراقدا، بەڵام بە گرنگی زانی حیزبو لایەنە سیاسییەکان بە تەنیا بچنە ناو هەڵبژاردنەوە تا بزانن قورساییان چەندەو ڕای خەڵک چۆنە لەسەریان.

حەتمیەتی هاوپەیمانیی پێشوەخت

هەندێکی دیکە پێیانوایە واقیعی سیاسییو تازە بە دیموکراسیبووی عێراق کاریگەریی لەسەر حەتمیەتی ئەنجامدانی هاوپەیمانێتی هەیە بەر لە هەڵبژاردن کە بووەتە سیمایەکی جیاکەرەوەی ئەم قۆناغەی ئێستای پرۆسەی سیاسیی عێراق.

قاسم داود، سەرۆکی کوتلەی (تضامن) لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە لەگەڵ ئەو ڕایەدایە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند «لەسەرجەم وڵاتانی دیموکراسیدا هاوپەیمانیی بەر لە هەڵبژاردنو دوای هەڵبژاردنیش بەدیدەکرێت، هیچکام لەم دوو هەنگاوەش سلبیاتی ڕەهاو ئیجابییەتی ڕەهایان تێدا نییەو ئەوەی لە عێراقیشدا پەدیدەکرێت پێیدەوترێت هاوپەیمانێتی هەڵبژاردن بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتو بۆ واقیعی ئێستای عێراق ئەو جۆرە هاوپەیمانێتییە میسداقیەتی زیاتر تیایەو ڕۆشنترە بۆ هاوڵاتیان».

قاسم داود ئاشکرایکرد، کە هێشتا عێراق نەگەیشتووەتە گوتارێکی سیاسیی لە پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکانو لەقۆناغەکانی ڕابردوودا جۆرێک لە گردبوونەوەی تایفیو نەتەوەیی لە دەوری لیستەکان بەدیدەکرا، بەڵام لە هەڵبژاردنی داهاتووی عێراقدا پرۆژەی هاوپەیمانیی نوێ لەدایکدەبێت کە دەبێتە بنەمانی پرۆژەی سیاسیی عێراقدا».

هاوپەیمانیی حکومەتی فرەڕەنگ

ئەگەرچی کوردو شیعەو سوننەکان سێ لیستی بەهێزیان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێستای عێراقدا هەیە، بەڵام تائێستا سیمای ئۆپۆزسیۆنبوون لە هیچکام لەم لیستانە نەدەبینراو ئەوەی لە هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردندا پیادەکرا (ئەنجومەنی وەزیرانو سەرۆکایەتی کۆمار) جۆرێک لە حکومەتی یەکێتیی نیشتمانی بوو، کە زۆربەی لیستەکانی پەرلەمان بەشداربیان تێدا کردو زۆربەی لایەنەکانیش لە پۆستی حکومییو وەزارەکاتەکان بێبەش نەبوون، بەشێوەیەک بە هاوپشکی تایفی ناودەبرێتو ئەوەی کە ئەم بیرۆکەیەشی لە هەیکەلی حکومەتدا بەهێزترکرد، ڕێککەوتنی ستراتیژیی یەکێتیو پارتی بوو لەگەڵ حیزبی دەعوەو ئەنجومەنی بالادا، کە بووە کۆڵەکەیەکی بەهێز بۆ هەرەس نەهێنانی حکومەتی نوری مالیکی لە ساڵی (٢٠٠٧)دا، ئەو کاتەی کە لیستی عێراقییەو سەدرییەکان لە حکومەتەکەی کشانەوە، بە ڕای پەرلەمانتارێک ئەم هەنگاوەش جۆرێکی دیکەیە لە هاوپەیمانێتی.

محەمەد مەهدی بەیاتی، ئەندامی لیستی ئیئتیلاف ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئێستا هاوپەیمانیی ستراتیژیی لە نێوان ئیئتیلافو هاوپەیمانیی کوردستاندا هەیە بۆ پێکهێنانی حکومەتو بەڕێوەبردنی پرۆسەی سیاسیی عێراق، لەکاتێکدا کە هیچکام لەو دوو لیستە پێکەوە بەشداربیان لە هەڵبژاردندا نەکردووەو هاوبەشیش لە نێوان لایەنەگرانو جەماوەریشاندا نەبووەو تەواو لەیەکیش جیاوازبوون.

هاوپەیمانێتی وەک گەمەیەکی سیاسی

ئەگەرچی هاوپەیمانێتی لە فەرهەنگی سیاسیدا چوارچێوەیەکی دیاریکراوی هەیە بە پشتبەستن بە ئەزموونی دەوڵەتانی دیموکراسیو ئەو بنەماو ئایدۆلۆژیو بەرنامە هاوبەشانەی کە لە نێوان حیزبە هاوپەیمانەکانەوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بەدیدەکرێت، بەڵام شێوازی ئەم هاوپەیمانێتییانە دەبەسترێتەوە بە جۆرو شێوازی ئەو گەمە سیاسییانەی کە هەر لایەنێکی سیاسیی لە کایەیەکی سیاسیی دیاریکراودا بەر لە هەڵبژاردن یان دوای ئەو پرۆسەیە بە قازانجی خۆی ئەنجامیدەدات.

د.دلێر ئەحمەد، سەرۆکی کۆمەڵەی زانستە سیاسییەکانی کوردستان پێکهێنانی هاوپەیمانێتی لە عورفی سیاسیدا بە ئوسوڵی گەمەی سیاسی دادەنێت، کە ئەگەر دیموکراسییش نەبێت، ناتوانرێت ئەو گەمەیە بکرێت، وتیشی «هەر حیزبەو بەو شێوەیە گەمەکە دەکات کە لە بەرژەوەندیی خۆیدابێتو بەستنی ئەو هاوپەیمانێتییانەش بۆ ئەوەیە کە بتوانرێت دەنگ بەدەستبهێنێتو زۆرترین کورسی پەرلەمان مسۆگەر بکاتو ئەگەر حیزبێکیش بڕوای بە بنکە جەماوەرییەکەی خۆی هەبێت کە بتوانێت بەتەنیا دەنگ بەدەستبهێنێت، ڕەنگە خۆی نەکاتە هاوبەشی حیزبی دیکە، هەندێک حیزبی دیکەش هەن زۆر لاوازن و ئەو لاوازییەش وایانلێدەکات لەگەڵ حیزبی دیکەدا هاوپەیمانی بەبەستن، تا پێگەیەک بەدەستبهێنن کە بەر لە هەڵبژاردنو بەپێی هاوپەیمانێتییەکە هەردوولا لەسەری ڕێکدەکەون».

د.دلێر ئەحمەد پێیوایە، هاوپەیمانێتییەکان بۆ ئامانجێکی دیاریکراون، کە ئەو لایەنانە لەسەری ڕێکدەکەون لەسەر کۆمەڵێک پرەنسیپو فیکرو ئایدۆلۆژیا، بوونی دیاردەی هاوپەیمانێتی بەر لە هەڵبژاردنیش دەبەستێتەوە بە واقیعی دیموکراسییبوونی عێراقەوەو دەڵێت «واقیعی عێراقی بەو شێوەیەیە کە دیموکراسییەتەکەی لەدەرەوە بۆ هاوردەکراوەو هەڵقوڵاوی ناو کۆمەڵگەی عێراقی نییە».

هێشتا عێراق نەگەیشتووەتە گوتارێکی سیاسیی لە پێکهێنانی هاوپەیمانێتی و لەقۆناغەکانی ڕابردوودا جۆرێک لە گردبوونەوەی تایفیو نەتەوەیی لە دەوری لیستەکان بەدیدەکرا، بەڵام لە هەڵبژاردنی داهاتووی عێراقدا پرۆژەی هاوپەیمانیی نوێ لەدایکدەبێت کە دەبێتە بنەمانی پرۆژەی سیاسی

هەر حیزبەو بەو شێوەیە گەمەکە دەکات کە لە بەرژەوەندیی خۆیدابێتو بەستنی ئەو هاوپەیمانێتییانە بۆ ئەوەیە کە بتوانرێت دەنگ بەدەستبهێنێت و زۆرترین کورسی پەرلەمان مسۆگەر بکات

ژمـــارە (535) سێشەممە 2009/8/18
hewal.rozhnama@gmail.com
ڕۆژنامە

پسپۆڕێکی کۆنگرێسی ئەمریکا بۆ کاروباری عێراق و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست:

هۆکاری سەرەکی سەردانەکە بۆ سازشپێکردنی سەرکردایەتی کوردە لەسەر ئەو ناوچانە، وەکو کەرکوک و نەینەواو شوێنەکانی دیکە

نامۆ عەبدوڵڵا


سیناتۆر جۆن مەککەین، لە سەفەرێکیدا بۆ عێراق دوای ئەوەی چاوی بە نوری مالیکی سەرۆک وەزیران کەوت، سەفەرەکەی دریژکردەوە بۆ هەولێرو لەگەڵ سەرکردەکانی هەرێمی کوردستاندا کۆبووەوە، پسپۆرێکی کۆنگرێسی ئەمریکا مەبەستەکانی پشت سەردانەی مەککەینو سیناتۆرەکانی هاوەڵی بۆ گرژییە چاوەڕوانکراوەکانی نێوان کوردو عەرەب دەگەڕێنێتەوە لەسەر کەرکوکو ناوچەجێناکۆکەکانی دیکە.

کینز کاتزمان، پسپۆری کۆنگرێسی ئەمریکا بۆ کاروباری عێراقو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو کارمەندی پێشووی ئاژانسی هەواڵگری ناوەندیی (CIA)، لە دیدارێکی تایبەتی ڕۆژنامەدا وتی: «ئاشکرایە لەکاتێکدا ناکۆکی نێوان کوردو عەرەب لەسەر ناوچەجێناکۆکەکان بە گەورەترین سەرچاوەی ناسەقامگیریی دادەنرێت بۆ وڵات، هۆکاری سەرەکی سەردانەکە بۆ سازشپێکردنی سەرکردایەتی کوردە لەسەر ئەو ناوچانە، وەکو کەرکوکو نەینەواو شوێنەکانی دیکە».

کاتزمان دەڵێت: «ئەو سەردانە بۆ تێگەیشتنە لە هەڵوێستی کوردو هەوڵدانە بۆ ئاشتکردنەوەی هەرێمو حکومەتی ناوەندی بەغدا، ئەمریکا دەیەوێت دوای کشانەوەی هێزەکانی لە عێراق کەشێکی سەقامگیر بێتەئاراوە».

سەفەرەکەی تیمەکەی کۆنگرێسی ئەمریکا، دوا بەدوای سەردانی ڕۆبێرت گەیتس، وەزیری دەرەوەی ئەمریکایە بۆ هەرێمی کوردستان کە لە (٢٩)ی مانگی تەممووز ئەنجامیدا.

ڕۆبێرت گەیتس بەپێی ڕاپۆرتەکان بە بارزانی وتبوو کە ئەوان کاتیان لەبەردەستدا نییەو نایانەوێت گرژی لەنێوان لایەنە عێراقییەکاندا دروستبێت، لەکاتێکدا لە چاوەڕوانی دروستبوونی ئارامیدان تا لە عێراق بکشێنەوە.



جۆن مەککەین

وتەبێژی پنتاگۆن جیۆف مۆرڵ لە پرێس کۆنفرانسێکدا بە ئاماژەکردن بۆ کۆبوونەوەکەی گەیتس لەگەڵ بارزانیدا وتی: «داوامان لێکردووە کە سوود لەو کاتە وەربگرن کە ئێمە لە عێراقینو هەندێک لەو مەسەلانەی کە لەسەری ناکۆکن چارەسەربکەن».

بەپێی وتەی وتەبێژەکەی پنتاگۆن، گەیتس ئەوەی بە بیری بارزانیو مالیکی هێناوەتەوە، کە ئەوان خوێنێکی زۆرو سامانێکی زۆریان ڕشت بۆ ئەو دەستکەوتانەی کە لە چەند ساڵی ڕابردووداو بەهۆی جیاوازییە سیاسییەکانەوە لە ناوچوون.

سەردانی مەککەین کە سێیەم گەورە بەرپرسی ئەمریکییە سەردانی عێراق دەکات لە مانگی ڕابردووداو دوای ئەوەی جۆی بایدنی جێگری سەرۆکی ئەمریکا سەردانی عێراقی کرد، بەڵام جۆی بایدن بە بیانووی خراپی کەشوهەواو ڕەتیکردەوە بێت بۆ هەولێرو چاوی بە بارزانی بکەوێت، هەموو ئەم سەردانانە نیشانەی زیادبوونی نیگەرانییەکانی ئەمریکایە بەرامبەر لایەنە عێراقییەکان، چونکە گرژییەکانی نێوانیان گرفتی بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دروستکردووە.

بەڵام بایدن هەر کە گەڕایەوە واشنتۆن تەلەفۆنی بۆ بارزانی کرد، دەوترێت کە بایدن فشاری خستبێتەسەر بارزانی تا دەستووری کوردستان لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا نەخرێتە دەنگدانەوە.

دوای سەردانەی بایدن، مالیکی لە دیدارێکی ڕۆژنامەی The Wall Street Journal ی ئەمریکیدا دەڵێت: «وتم پێوستە کورد واز لە دەستوورەکەیان بێنن، چونکە گرفت دروستدەکاتو جیاوازییەکان زیاتردەکات، ئەم مەسەلانە دەبێت لەڕێگەی دیالۆگەوە چارەسەربکرێن». بایدن وتی: «بەهەمانشێوە ئەمە بۆچوونی منیشەو بۆیە ئامۆژگاری کوردەکان دەکەم کە ئەو کارەبکەن، پێیان دەڵێم مالیکی دۆستتان هەمانشتی دەوێت».

بەپێی ئاماری ئاژانسی ئەسۆشیەیتد پریس، لە (١٥) ڕۆژی ڕابردووداو، کاتێک بە تەواوەتی ئەمریکا سەربازەکانی لە شارەکان بردە دەرەوە، (٥٢٠) عێراقی کوژران کە (٣٧٨)یان بەهۆی تەقینەوەوەبوو.

بەشێکی زۆری ئەم تەقینەوانە لە ناوچەجێناکۆکەکاندا ئەنجامدراون، کە دەستووری عێراق مادەی (١٤٠)ی بۆ تەرخانکردووەو داوادەکات کێشەی ئەم ناوچانە لەڕێگەی ڕاپرسییەوە چارەسەربکرێت، لەکاتێکدا کورد پاڵپشتی جێبەجێکردنی ئەو مادەیە دەکات، عەرەبو تورکمانەکان بەشێوەیەکی گشتیی دژی ئەم جێبەجێکردنی ئەوانەن، چونکە ترسی ئەوەیان هەیە زۆرێک لەو ناوچانە ڕەنگە بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان.

کەرکوکییەکان لە هەڵبژاردنی پارێزگاکانی مانگی کانونی دووەمی عێراق بەهۆی نەبوونی ڕێکەوتنەوە لەنێوان لایەنەکانی شارەکە بێبەشبوون لە دەنگدان، هەرەوەها بەهۆی دیارنەبوونی چارەنوسی ئەم شارەوە، لە هەڵبژاردنەکانی (٧/٢٥)ی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، خەڵکی ئەم شارە جارێکی دیکە لەم پرۆسە دیموکراسییە بێبەشکرانەوە.

گرفتەکانی نێوان حکومەتی ناوەندی بەغداو هەرێمی کوردستان خۆی لە چەند مەسەلەیەکدا دەبینێتەوە، کە ئەوانیش مەسەلەی نەوتو هێزی پێشمەرگەو لە سەرووی هەموشیانەوە مەسەلەی شاری دەوڵەمەند بە نەوتی کەرکوکە، کە کورد بە بەشێک لە خاکی لە مێژینەی خۆی دادەنێت.

باراک ئۆباما لەژێر فشارێکی گەورەی بەڵێنەکانیدا کە بە گەلی ئەمریکای داوە، خەریکی چڕکردنەوەی هەوڵەکانیەتی بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی عێراق، ئۆباما پێیوایە بەرەی سەرەکی شەڕی دژە تیرۆر سنووورەکانی پاکستانو ئەفغانستانە نەک عێراقو شەڕی عێراقیش بە «هەڵەیەکی ئیدارەی بۆش» دادەنێت.

ئۆباما لە کەمپەینی هەڵبژاردنەکانیدا بەڵێنیدا تەواوی سەربازانی ئەمریکا کە خۆی لە (١٤٠) هەزار سەربازەدات پێش مانگی ئابی (٢٠١٠) بکشێنێتەوە، واتا دوای یەک ساڵی دێکە، بەڵام وتی (٣٥-٥٠) هەزار سەرباز دەهێڵێتەوە تا مەشق بە عێراقییەکان بکەن.

مالیکی تائێستا هاوڕایە لەگەڵ ئۆباماداو دەیەوێت سەربازەکان بکشێنەوەو بەرپرسیارێتی بە تەواوەتی بکەوێتەوە دەستی خۆی، بەڵام عەباس ئەلبەیاتی، بەرپرسی لیژنەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ باری ئاسایش، بە ئەسۆشیەیتد پرێس دەڵێت: «نامانەوێت کشانەوەیەکی بەپەلە ئەنجامبدرێت. ئەمریکییەکان بەڵێنیان پێداین کە کشانەوەیەکی مەسئولانەو بە تەنسیق لەگەڵ حکومەتی عێراق ئەنجامبدەنو دەبێت پابەندبن بە بەڵێنەکانیانەوە».

لە مانگی ڕابردووداو، ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز یاداشتی کۆلۆنێلێکی ئەمریکی بڵاوکردەوە، کە پێیوایە ئەمریکا کاری لە عێراقدا نەماوەو پێویستە بکشێتەوە بۆ عێراقییەکان خۆیانی جێبهێڵێت. کۆلۆنێل تیمۆسی ریسی کە ڕاوێژکارێکی ئەمریکییە بۆ هێزەکانی عێراق، وتی: «دەبێت سەربازەکان پێش هاوینی داهاتوو بکشێنەوە، چونکە ئەوەی دەبوو بیکەن کردیانو ئێستا عێراقییەکان خۆیان دەتوانن چارەی حاڵی خۆیان بکەن».

داواکەن UN سەرپەرشتیی هەڵبژاردنەکان بکات

کورد نایەوێت چیتر هەڵبژاردن لە کەرکوک دوابخرێت

هاوڕێ عەبدوڵڵا

بەرپرسانی کورد لە کەرکوک دابەشکردنی کورسییەکانی ئەو پایزگایە، لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەسەر چوار بازنەدا ڕەتدەکەنەوەو داوادەکەن لەوە زیاتر هەڵبژاردنی پارێزگاکە دوانەکەوێتو بەپێویستیشی دەزانن هەڵبژاردنەکە بە سەرپەرشتیی نەتەوەیەکگرتووەکانو چاودێرانی نێودەوڵەتی ئەنجامبدرێت.

محەمەد کەمال، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لەسەر لیستی برایەتی وتی: «لە هەموو ناکۆکییەکدا دەستوور حەکەمە، جگەلەوە بەپێی یاسای هەڵبژاردن سندوقی دەنگدان سەنگی مەحەکە، سندوقی دەنگدان باشترین پێوەرە بۆ دابەشکردنی کورسییەکان بەسەر قەوارەو لایەنە سیاسییەکاندا، هەڵبژاردن بە دابەشکردن نابێت، ئەوە قابیلی قبووڵ نییە، شارێک دابەشبکەیت بەسەر پێکهاتەکانیدا، بۆنموونە دابەشکردنی کورسییەکانی کەرکوک بۆ (٤)بازنە کە لەلایەن عەرەبو تورکمانەکانەوە داواکرابوو، هەڵبژاردنێک بەوشێوەیە بێت، پێویست ناکات خەڵکی بۆ بهێنێتە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان، بۆیە ئەو مەبدەئە شکستی خوارد، چونکە لە هیچ سیستمێکی دیموکراسیدا نییە».

لە (٢٠٠٩/١/٣١) لە چوارەد پارێزگای عێراقدا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بەڕێوەچوو، پارێزگای کەرکوک لەو هەڵبژاردنانە بێبەشکرا، هەرچەندە بەپێی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان پێویستە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە کۆتایی ئەمساڵدا یاسایەکی تایبەت بە هەڵبژادنی کەرکوک دەربکات، بەڵام تائێستاش هەڵبژاردن لەو پارێزگایە دیاریی نەکراوەو کوردیش داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردن دەکات لەشارەکەدا.

محەمەد کەمال کە جێگری بەرپرسی لقی کەرکوکی پارتی دیموکراتی کوردستانیشە، دەڵێت: «کەرکوک لە پارێزگاکانی دیکەی عێراق جیاکرایەوەو بێبەشبوو لە هەڵبژاردنەکانی عێراق، ئێمە دەمانەوێت بە هەڵبژاردن پێگەمان هەبێتو لەگەڵ هەڵبژاردنێکی ئازادو پاکداین، هەر کەس و لایەنێک چەند دەنگی هێنا پیرزۆی بێت، نامانەوێت چیتر هەڵبژاردنی کەرکوک دوابکەوێتو ئەگەر هەڵبژاردن لەوە زیاتر دوابکەوێت، زەرەرمەندی یەکەم خەڵکی کەرکوکە».

بریارە (٢٢)ی ئەم مانگە (٤٣) ناوەندی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران لە پارێزگای کەرکوکدا بکرێنەوەو هاوکات لەئێستادا بەمەبەستی دواخستنی هەڵبژاردن لەو پارێزگایەدا عەرەبو تورکمانەکان داوای ڕاگرتنی کارەکانی کۆمسیۆن دەکەنو لەبەرامبەریشدا کورد بەپێویستی دەزانێت لەوەزیاتر هەڵبژاردن لەو شارە دوانەکەوێت.

ئەندامەکوردەکەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک وتی: «بۆئەوەی هەڵبژاردن لەکەرکوک چیتر دوانەکەوێت، پێویستە کورد لە ڕێگەی دەستوورەوە کێشەکانی چارەسەربکاتو داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی کەرکوک بکات، دەبێت کورد داوابکات نەتەوەیەکگرتووەکانو چاودێرانی نێودەوڵەتی سەرپەرشتیی هەڵبژاردن بکەن لەکەرکوک».

لە ئەنجامی شکستی دەیان هەوڵی ناوخۆیی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک، تادێت مەترسی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ لەعێراقدا ڕوو لەزیادبوونەو بەشێک لە چاودێران کەرکوک بە بۆمبێکی تەوقیتکراو وەسفدەکەن.

محەمەد کەمال ئەوەشی ڕاگەیاند: هەرچەند دەوترێت کەرکوک بۆمبێکی چێنراوەو لە هەر کاتێکدا بێت دەتەقێتەوە، ئومێد دەکەین ئەو بۆمبە چێنراوە نەتەقێتەوە، ئەگەر بتەقێتەوە هەمووان زەرەردەکەین، مەسەلەی کەرکوک مەسەلەیەکی ئاڵۆزە، چونکە چەندین دەوڵەتی ئیقلیمی دەستی تێدا هەیە، (٢٢) دەوڵەتی عەرەبی لە پشت مەسەلەی کەرکوکەوەنو نایانەوێت کەرکوک بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، هەروەها نەتەوەیەکگرتووەکانو ئەمریکا، جگە لە لایەنە عێراقییەکان کە تائێستا ڕێکنەکەوتوون لەسەر کێشەکە.

بەپێی یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پارێزگای کەرکوک (١٣)کورسی بەردەکەوێت لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، لەماوەی چەند مانگی ڕابردووداو تورکمانو عەرەبەکانیش هەوڵیاندا لەڕێی دەرکردنی یاسایەکی نوێوە کورسییەکانی کەرکوک دابەشبکرێن، (٤)کورسی بۆ هەریەکە لە کوردو عەرەبو تورکمانو یەک کورسی بۆ مەسیحییەکانی ئەو شارە، بەڵام کوردەکان ئەوەیان ڕەتکردەوەو وەک هەر پارێزگایەکی دیکە داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردن دەکەن لە کەرکوکدا.


محەمەد کەمال

ژمـــارە (535) سێشەممە 2009/8/18
hewal.rozhnama@gmail.com
ڕۆژنامە



کێ ئەندازیاری داڕێژەری پلانەکەی ئەردۆغانە؟

ئا: شالاو فەتاح

ناوەرۆکی پلانەکە

ڕاگەیاندنی ئامادەکاریی بۆ چارەسەری کێشەی کـورد لـەلایـەن ڕەجـەب تەیب ئـەردۆغـان، سـەرۆک وەزیرانی تورکیا، دەنگدانەوەیەکی گەورەی لەناو تورکیاو دەرەوەی تورکیا دروستکرد. تائێستاش پرسیار دەکرێت لەبارەی چییەتی پلانەکەو کاتی بڵاوکردنەوەیو ڕۆڵی کوردەکان لە پلانەکەدا، میدیای جیهانو بەتایبەتیتریش تورکیا بەوردی بەدوای پلانەکەدا دەچێتو پێشبینی خۆی دەربارەی چییەتی پلانەکە دەخـاتـەڕوو، بەتایبەت لـەبـەرئـەوەی بەپێی وتـەی ئـەردۆغـان رای میدیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە بەشێک دەبێت لە پێکهاتەی پلانەکە. لێرەدا جێی خۆیەتی پرسیار لەوە بکرێت، کە کێ نووسەری پلانە بۆیرانەکەی ئاغای ئەردۆغانەو ناوەرۆکی پلانەکە چییە کە بەوجۆرە دەنگیداوەتەوە؟

لەبارەی ناوەرۆکی پلانەکەی ئەردۆغان، چەندین ڕاپۆرت نووسراوە کە هەندێکیان شیکارییەنو هەندێکیان پێشنیازن، بەڵام ئەوەی لەنێوان زۆربەی ئەو ڕاپۆرتانەدا هاوبەشە بریتییە لـەوەی کە پلانەکەی ئەردۆغان ئامانجی کورتخایەن-مامناوەند-درێژخایەنو ئامانجی کۆتاییو گۆڕینی دەستووری بەدوادا دێت. هەندێک ڕاپۆرت دەنووسن ناوەرۆکی ڕاپۆرتەکە بریتییە لە فراوانکردنی سەربەخۆیی کوردەکان لە بەکارهێنانی زمانوئەزموونکردنی پەروەردە بەزمانی خۆیان، ناساندنی زمانی کوردی بە زمانێکی ڕەسمیی لە دەستووری تورکیادا، هەمواڕکردنی پێناسەی هاوڵاتیبوون لە تورکیاش یەکێکی دیکە دەبێت لە خاڵە جەوهەرییەکانی پلانەکەی ئەردۆغان، ئەمە جگە لە پلانی درێژخایەنی گەشەپێدانی باری ئابووری تورکیا کە دەوترێت «جیاوازی شارەکانی دیکەی تورکیاو شارە کوردییەکان ئەوەیە شارە تورکییەکان دەوڵەمەندترن».

ئەندازیاری پلانەکەی ئەردۆغان

لە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنـامـەی تودەیس زەمـانـدا هـاتـووە؛ پلانەکەی ئەردۆغان بۆ هـەژدە ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، تودەیس زەمان نووسیویەتی، ئەوکاتەی ئەردۆغان سەرۆکی شارەوانی ئەستەنبوڵ بوو داوای لە ڕاوێژکارەکەی «مێتنەر» کردووە کە ڕاپۆرتێکی لەسەر کێشەی کورد بۆ ئامادەبکات، دواتر ڕاپۆرتەکە پیشانی نەجمەدین ئەربەکانی سەرۆکی ئەوکاتەی حیزبی ڕەفاش دراوە، دواترو لە پەرلەماندا ڕایگەیاندووە کە کێشەی کورد بەو ڕێگە تەقلیدییە چارەسەرناکرێتو پێویستە تورکیا کۆتایی بەو کێشە حەفتا ساڵییە بێنێت. ڕۆژنامەکە دێتە سەر باسی ناوەرۆکی ئەو ڕاپۆرتەی پێشکەش بە ئەردۆغانو ئەربەکان کـراوە، دەڵێت؛ ڕاپۆرتەکە سێ بابەتی دەوروژانـد، کێشەی باشووری خۆرهەڵات (کوردستانی تورکیا)، کێشەی کورد، کێشەی تیرۆریزم، ڕاپۆرتەکە ڕەگی کێشەی باشووری ڕۆژهەڵات بۆ بێهێزییو گەشەنەکردنی ئابووریی دەگەڕێنێتەوە. کێشەی کوردیش بە قەیرانی شوناسو ئیعتیراف نەکردن بە کوردبوونی ئەو ناوچەیە پێناسە دەکات. دواتر لە هەمان ڕاپۆرتدا پێشنیازی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە کراوە، بە دانان بە کێشەی کوردو گەشەپێدانی ئابووریو بەخشینی مافە کلتووریییەکانو یەکسانکردنی هاوڵاتیانی کوردو تورک. بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردیش ڕاپۆرتەکە پێشنیازی بەخشینی مافە دیموکراسیو کلتووریییەکان دەکات، بۆ ئەوەی ئەو پێگەیەی پەکەکەی لەسەر دامەزراوە لاوازبێت.



مەهمەت مێتنەر

دوای هەژدە ساڵ لە ئامادەکردنی ئەو ڕاپۆرتە مێتنەر دەڵێت، «هەژدە ساڵ بەسەر ئەو ڕاپۆرتەدا تێپەڕیوەو ئەو شتانەی من نووسیمن تازە قبوڵدەکرێن». ڕەجەب تەیب ئەردۆغانیش لە لێدوانێکیدا دەڵێت، «کاتێکی زۆرمان بەفیڕۆداوە، دەزانن گەر ئەم کێشەیە چەند ساڵ لەمەو پێش چارەسەربکرایە چ پێشکەوتنێک ڕوویدەدا»

مەهمەت مێتنەر کـە ڕاوێـژکـاری پێشووی ئـەردۆغـانو ڕۆژنامەنووسو نووسەرێکی تورکیە، لەگەڵ ئەوەدایە کە تورکیا هەنگاوی پۆزەتیڤانە بنێت بە ئاراستەی چارەسەرکردنی کێشەی کوردو بەپێچەوانەی ئەو بەشێکی زۆر لە بیریارانی تورکیا لەگەڵ دامەزراندنی پەیوەندییەکی دۆستانەدایە لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراقیشدا. ڕەنگە مێتنەر نووسەری ڕاپۆرتەکەی ئەردۆغان بێت، بەڵام لەڕاستیدا حکومەتی تورکیا تەنیا پشت بە ڕاپۆرتەکەی خۆی نابەستێتو ڕاپۆرتەکەی هەمواری زۆر دەکات، گەر بزانین هێندەی کە ئەردۆغان دەڵێت، «ڕای هەموو کەس وەردەگرین»و کاتی بڵاوکردنەوەی پلانەکەش بۆ کۆتایی ئەمساڵ دانراوە.

ئەوەی پلانەکە دەنووسێت تەنیا ئەردۆغان خۆی نیە، هێندەی مەرجەعێکە بۆ بڕیاردان لەسەر قبووڵکردنی، لەڕاستیدا تەنانەت حیزبەکەی ئەردۆغانیش بەتەنیا نووسەری پلانەکە نییە، چونکە ئـەردۆغـان خۆی ڕایگەیاند، کە دەیەوێت گشت پێکهاتەکانی تورکیا بە نووسینو پێشنیارەکانیان لەم پلانەدا بەشداربن، ڕاستی ئەم وتەیەش دوای ئەوە دەرکەوت کە ئەردۆغان لەگەڵ ئەحمەد تورکی سەرۆکی دەتەپە کۆبووەوە، ئەمە لەکاتێکدا پێشتر بڕیاریدابوو لەگەڵ ئەحمەد تورکدا کۆنەبێتەوە تا بەڕەسمیی پەکەکە وەک گروپێکی تیرۆریستی نەناسێنن

ئەحمەد تورکی سەرۆکی دەتەپە «کە بەباڵی مەدەنی پەکەکە» ناسراوە، بە یەکێک لە ئەندازیارانی نووسینەوەی پلانەکە دادەنرێت، بوونی ئەحمەد تورک وەک لایەنێکی کێشەکە لـەدوای بەدەستهێنانی دەنگی زۆرینەی زۆرێـک لە پارێزگا کوردییەکانی تورکیا دێـت، لـەدوای ئەو ڕووداوەوە ئەحمەد تـورکـو پارتەکەی دەتەپە بەنوێنەری کورد لە پەرلەمانی تورکیا دادەنرێن، دیارە وەک هەندێک ڕۆژنامە ئاماژەی پێدەدەن لەحاڵەتی بەشداریپێنەکردنی ئەحمەد تورک پلانەکەی تورکیا لاوازدەبێت، چونکە خۆیان بابەتی کێشەکەنو باشترین شت ئەوەیە کە خۆیان بابەتی چارەسەرکردنەکەشی بن، دیارە سەردانەکەی ئەردۆغانیش ئەو ڕایەی زیاتر تۆخکردەوە کە ئەحمەد تورک یەکێک دەبێت لەوانەی لە نووسینەوەی پلانەکەدا ڕای وەردەگیرێت.

یـەکـێـکـی دیـکـە لـە ئـەنـدازیـارە زیندانیکراوەکانی پلانەکە عەبدوڵڵا ئۆجالانە، دیارە لە تورکیادا ناوی ئۆجالان لەگەڵ «منالکوژ» دەوترا، بەڵام لەئێستادا دەنگوێەکی زۆر هەیە بۆ بەشداریپێکردنی ئۆجالانو دانیشتن لەگەڵیدا، هەرچەندە ئۆجالان ڕایگەیاند، ئەویش پلانی خۆی هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ماوەدرێژی کوردو تورک بەناوی «نەخشەی ڕێگا»وە، بەڵام بەشیر ئەتەلای وەزیـری ناوخۆی تورکیا ڕایگەیاند، کێشەی کورد لە ئەنکەرە چارەسەردەکرێت نەک لە ئیمرالی، کارکردن بەنەخشەی ڕێگا لەئێستادا بەشیاو دانانرێت، بەڵام وەک ئەردۆغان دەڵێت ئەوان ڕای گشت کەسێک وەردەگـرن ئەگەر ئامانجی چارەسەرکردنی کێشەکە بێت، نووسەری بەناوبانگی تـورک ئەحمەد تورانیش ڕاستەوخۆ دەڵێت؛ بۆچی پرس بە ئەردۆغان نەکرێت، لەکاتێکدا پێشنیازەکانی ئاشتیانە بنو دووربـن لە توندوتیژی، بۆچی ئەو فەرامۆشبکرێت، لەدواین بەشی وتارەکەیدا بۆ تودەیس زەمان توران دەڵێت، تەنانەت ئەگەر چەندینجار لەگەڵ بەرپرسانی تورکیا کۆببنەوە، خەڵکی کورد ئۆجالانیان دەوێتو دەڵێن، ئەوەی ئێوە دەبێت کۆببنەوە لەگەڵی ئۆجالانە.

یەکێکی دیکە لە ئەندازیارانی پلانەکەی تورکیا بەشیر ئەتەلای وەزیری ناوخۆی تورکیایە، بەشیر بە چالاکییە بەردەوامەکانی لە ناوخۆدا بووەتە جێی سەرنجی میدیا، هەر دوێنێ دووشەممەو لە ڕاپۆرتێکی تودەیس زەماندا ئاماژە بەوە دەدات، کە ئەوە بەشیر ئەتەلایە کە دەیەوێت پلانێک بۆ کۆتاییهێنان بە کێشەی کوردو تەنانەت دابینکردنی مافی مەسیحیو نەتەوە بچووکەکانی دیکەی ناو تورکیا ببەخشێت.

میدیاو ڕۆشنبیرانی تورکیا ئەگەر ئەندازیاری نووسینەوەی پلانەکە نەبن، ئەوە بێگومان وەستای دروستکردنی ئەوەن کە تورکیا بەنیازە بینای بکات. میدیای تورکیا جیا لە هەوڵەکانی پێشووتر، زۆر بەئاشکرا پشتگیریی پلانەکەی ئەردۆغان دەکاتو بەدواداچوونی ڕۆژانەش بەبڵاوکردنەوەی ڕاپـۆرتـو چاوپێکەوتن بۆ پلانەکە هەیە. میدیاو سوپا دوو هێزی کاریگەریی هەر پرۆسەیەکن کە لە تورکیادا بگوزەرێتو چەندینجاریش بوونەتە هـۆی شکستی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکان کە بەدڵیان نەبووبێت، بەڵام ئەمجارە هەم میدیاو هەم سوپای تورکیاش پشتگیریی خۆیان بۆ هەوڵی چارەسەرکردنی پلانەکە دەربڕیوە.

هـەرچـەنـدە ئـەردۆغـان داوای لە ئۆپۆزسیۆنی تورکیا کـردووە کە گەر بەشداری نووسینەوەی پلانەکەش ناکەن، ئەوا پشتگیری پلانەکە بکەن، چونکە ڕای ئـەوان بۆ سەرکەوتنی پلانەکە گرنگەو تەنیا ئەوانیش لەڕێی پلانەکەدا ماون، بەڵام دەنێز بایکاڵی سەرۆکی پارتی کۆماری خەڵک (جـەهـەپـە)و دەوڵـەت باخچەلی سـەرۆکـی پارتی گەلی نەتەوەپەرست (مەهەپە)، ڕەزامەندییان پیشان نەداوەو تەنانەت باخچەلی زۆر بەتوندی دژایەتی هەر جۆرە پلانێک بۆ چارەسەری کێشەی کورد دەکاتو هەر هەنگاوێک لەوبارەیەوە بە «خیانەت» لەقەڵەمدەدات. ئەردۆغان زۆر بەتوندی ڕەخنەی لەو هەڵوێستەی ئۆپۆزسیۆن گرتو لە وتەیەکیدا لەبەردەم پەرلەمانتارانی سەر بە لیستی حیزبەکەی خۆی، دادو گەشە (ئەکەپە) ڕایگەیاند، ئێمە بەردەوامدەبین لەسەر چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەو چیش دەبێت باببێت، باجی چارەسەرکردنی کێشەکە دەدەیـن. دواتر ئەردۆغان زیاتر دەڕواتو دەڵێت، ئەوانە کێشەکە ئیستیغلال دەکەنو بەرژەوەندی شەخسی خۆیان دەپارێزن، ئێمە گوێیان پێنادەین. ئـەردۆغـان بەردەوامدەبێتو ڕەخنەکانی ڕاستەوخۆ ئاراستەی دەوڵەت باخچەلی دەکاتو دەڵێت، بەڕێز باخچەلی تۆقیوەو پەشێواوە، ئەو بەبێ پەیڕەوکردنی هیچ ئەتەکێتێک ئێمە تاوانبارەدەکات، من ئەم هەڵوێستە بۆ نەتەوەکەمان جێدەهێڵم (بۆخۆی بڕیاربدات).

ئەردۆغـان، شـەڕی مـانو نەمـان

هێمن لهۆنی



ئـەردۆغـان، ئەمجارە بە شێوەیەکی مانونەمانانە دەستیکردووە بە پڕۆژەیەکی فـراوان بـۆ چـارەسـەرکـردنـی کێشەی پڕوکێنەری کـورد لە تورکیا. لە میانەی پڕۆژەی (دەستپێشخەری کوردی) ڕەجەب تەیب ئـەردۆغـان، سـەرۆک وەزیـرانـی تورکیا گشت هەوڵەکانی خۆی بۆ نەمانی تووندوتیژیی دەخاتەکار، هەرچەندە هێشتا ئەو دەستپێشخەرییە بەشێوەیەکی ڕەسمیی ئاشکرانەکراوە، بەڵام بەپێی لێپرسراوانی حکومی بەرنامەکە بریتییە لە لابردنی هەموو سنوورە سوورەکانی بەردەم زمانی کوردیو فراوانکردنی مافە کلتووریییەکانی کوردو گەڕانەوەی ناوە کوردییەکان بۆ شوێنە کوردنشینەکان کە لەسەردەمی کۆماریدا لابرانو بە تورکیکران. ئەردۆغان وەزیری ناوخۆی ڕاسـپـاردووە بە گفتوگۆکردن لەگەڵ لایەنە جیاوازەکانی تورکیاو خۆشی لەدوای چاوارۆوانییەکی زۆر، بوێرانە لەگەڵ ئەحمەد تورکی سەرۆکی دەتەپە کۆبووەوە.

ئۆپۆزسیۆنیش بەتایبەتی جەهەپەو مەهەپەو هەندێک حیزبی بچوکی دیکە بەناوی جیاجیاوە دژایەتی خۆیان بۆ ئەم پڕۆژەیە دەربڕیوەو هەندێکیان باوەڕیانوایە، ئەمە هەنگاوێکی (مەترسیدارە بۆ لەناوبردنی یەکێتی تورکیا)، هەندێکی دیکەشیان ئەکەپەی ئەردۆغان بەداردەستی ئەمریکا لەقەڵەمدەدەنو پێیانوایە، ئەوەی ئەو دەیکات پـڕۆژەی ئەمریکایە. کوردەکانیش لەگەڵ دڵخۆشییاندا چاوەڕێی (نەخشە ڕێگا)کەی عەبدوڵڵا ئۆجالانی سەرۆکی زیندانیکراوی پەکەکە دەکەن، کە بڕیارە ئەم هەفتەیە لە ئیمرالییەوە بڵاوبکاتەوە. جدییەتی ئەمجارەی ئەردۆغانو عەبدوڵڵا گوڵو پارتەکەیان هەندێک گومانی ڕەواندووەتـەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە بۆ مەسەلەی کورد بریتییە لە گۆڕینی ئەو دەستوورە سەربازییەی ئەو وڵاتە کە دان نانێت بە زیاتر لە (٢٠)ملیۆن خەڵکی وڵاتەکەیدا. چارەسەرەکەی ئەردۆغان ئەوکاتە دەبێتە جێگای ئومێدی گشت کوردان کە لە ڕووی دەستوورییەوە هەنگاوی بێوێنە بنێت، بەهەموو پێوەرەکانیش ئەوەی ئەمڕۆ لە تورکیا دەگوزەرێت دەرفەتێکی زێڕینە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەو وڵاتەداو بۆ ئەردۆغانیش شەڕی مانو نەمانە. ئەو، ئەمڕۆ ڕووبـەڕووی سوپاو دەستوورو کـەمـالـیـزمو زۆریـنـەی ئۆپۆزسیۆنو سایکۆلۆژیای ناسیۆنالیستی تـورکـو ئەرگەنەکۆن بووەتەوە، ئەگەر بیباتەوە ئەوا داهاتوویەکی سیاسیی پرشنگدار چاوەڕێی دەکـات‌و کێشەکە چـارەسـەردەکـات کە (٥٠)ملیار زیانیداوە لەوڵاتەکەی، بێجگە لە زیانی گیانیی کە زیاترە لە (٣٠)هەزار کەس. بە مانایەکی دیکە مانەوەی ئەو لە دەسەڵات لەبەردەم ڕەحمەتی ئەم پڕۆژەیەدا دەبێت. دەرفەتەکە زێڕینەو کوردیش لەم قۆناغەدا دەبێت واقیعبینانە مامەڵە بکاتو بەرژەوەندیی تایبەتی حیزبیو ئایدۆلۆژی بخاتەلاوە، چونکە بۆ کورد هیچ کەسو لایەنێک لە کێشەکەی گەورەتر نییە.

ئەم هەنگاوەی ئەرۆدغان پاڵپشتییەکی تەواوی ئەوروپاو ئەمریکای لەپشتە، بۆیە کورد تابتوانێت هاوکاری بێت، داهاتووی ڕوونتردەبێت، چونکە چارەسەرکردنی کێشەی کورد چەندە بۆ تورکیا ستراتیژییە، ئـەوەنـدەش چوونی تورکیا بۆ یەکێتی ئەوروپا، بۆ کورد گرنگە. دەبێت هەرێمی کوردستانی عێراق چاوی لە تورکیا بێتو لەگەڵ پێشهاتە سیاسییەکانی ئەو وڵاتەدا مامەڵەیەکی لۆژیکییانە بکات، چونکە بینیمان لەو ماوەیەدا کە حکومەتی هەرێم (حەکیمانە) مامەڵە دەکات لەگەڵ حکومەتی تورکیادا چەندە گۆڕانکارییەکان ئیجابین بۆهەردوولا. خۆشبەختانە ئێستا لەهەرێمی کوردستاندا هەندێک بە تایبەتی سیاسییەکانمان گرنگی تورکیان بۆ دەرکەوتووەو هەندێکیش ئەو کاتە تێدەگەن کە ئەمریکا بەجێماندەهێڵێت.



سەرنووسەری حوریيەت - ئیکۆنۆمیک ریڤیوی تورکی بۆ رۆژنامە:

حکومەتی تورکیا ئەمجارە لە چارەسەرکردنی کێشەی کورددا جدییە

سازدانی: هێمن لهۆنی

سەرنووسەری حوریيەتو ئیکۆنۆمیک ریڤیوی، تورکی ئەمجارە پارتی دادو گەشەپێدان لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە جدیی دەبینێتو باوەڕیوایە کە خاڵی وەرچەرخانە بۆ ئەو پارتە، دێڤد جودسۆن رۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئەمریکی کە ئێستا سەرنووسەری ئەو رۆژنامە تورکییەیە لە چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ رۆژنامە باس لە دەستپێشخەرییەکەی حکومەتی تورکیا دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردو دەڵێت: «زۆرینەی خەڵکی تورکیا خوازیاری قۆناغێکی نوێن لە وڵاتەکەیان». جودسۆنی بە رەگەز ئەمریکی بێدەنگی سوپاش لەم مەسەلەیە بە دڵخۆشکەر وەسفدەکاتو رۆڵی هەرێمی کوردستانیش بە گرنگ لەقەڵەمدەدات.

رۆژنامە: بالە دەستپێشخەرییەکەی حکومەتی تورکیاوە دەستپێبکەین لەبارەی مەسەلەی کورد کە هێشتا وردەکارییەکانی ئاشکرانەکراون، ئایا تۆ ئەم هەنگاوە چۆن دەبینیت؟ پاشان پێتوایە ئەمجارە حکومەتەکەی ئەردۆغان جدییە؟

* بێگومان حکومەت ئەمجارە جدییە، ئاشکرایە پێشتر سەرۆک وەزیران لە تورکیا دوودڵ بوو لە هەنگاوی لەمجۆرە، بەهۆی دابەشبوونی جەمسەرە رکابەرەکانی دەسەڵات لەو وڵاتەدا. ئەگەر بە تێڕوانینێکی تەسکیش لێیبڕوانین ئەوا ئەنجامەخراپەکانی پارتی دادو گەشەپێدان لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانی لە دیاربەکر کاریگەریی خۆی هەیە بۆ هاندانی حکومەت بۆ ئەم دەستپێشخەرییە. بەڕای من ئەم هەنگاوە دەبێتە جێگەی دڵخۆشی ئەوروپییەکان کە ماوەیەکی دوورو درێژە بە هەستیارییەوە لەم مەسەلەیە دەڕوانن، هەروەها چارەسەری ئەم کێشەیە یارمەتیدەرە بۆ ئەمریکا، کە ئێستا بەنیازە لە عێراق بکشێتەوە، ئێمە ئەو کاتە دەتوانین باس لە جدییەتو رەشبینی خۆمان لەم دەستپێشخەرییەی حکومەت دەربڕین کە بۆمان دەرکەوێت ئەم هەنگاوە فێڵێکی سیاسییە بۆ ماوەیەکی کەمخایەن. بەڕاستی تورکیا ناتوانێت پێشکەوێت لە گرێیەستە وزەییەکان لەگەڵ عێراقو وەبەرهێنەرە بیانییەکانو هەروەها لە مەسەلەی بوون بە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپادا تا نەتوانێت بەرەوپێشچوونی بەرچاو لە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەدا ئەنجامبدات. بەکورتی ئەمجارە من پارتەکەی ئەردۆغان بە جدیی دەبینم لەچارەسەرکردنی ئەم کێشەیەدا.**



رۆژنامە: باسی کاردانەوەی یەکێتی ئەوروپاتکرد، ئایا ئەمجارە بەکرداردیش پشتیوانی ئەم هەوڵە دەکەن؟

* کاردانەوەی ئەوان زۆر پۆزەتیڤانە دەبێت، چونکە دەمێکە لە چاوەڕوانی ئەم هەنگاوەن.

رۆژنامە: ئەوە لە دەرەوە، ئێستا لە ناوخۆ هەروەک هەموو جارێک پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن لەوانە مەهەپەو جەهەپە دژایەتی ئەم هەنگاوەی پارتی دادو گەشەپێدان دەکەن، بەڕای تۆ وەستانەوە دژی حکومەت لە ئێستا سەرکەوتوو دەبێت؟

* کاردانەوەی مەهەپە چاوەڕوانکراوبوو، بەڵام کاردانەوەی جەهەپە جێگەی بێئومێدییە. بەڕای من ئەمە نیشانەیەکە، لەکاتێکدا بۆچوونی ناسیۆنالیزمی بەرەو لاوازبوون دەڕوات دوای لێکۆڵینەوەکانی کەیسی ئەرگەنەکۆن کە هێشتا عەقڵیەتی سیاسیی کەمێک جیاواز لە هەڵوێستەکانی ساڵانی (١٩٧٠)کان لە تورکیادا هەیە، بەڵام تۆ نابێت لە پرسیارەکەدا رۆڵی دەسەپە، پارتەکەی ئەجەقێد پشتگوێبخەیت، چونکە ئێستا ئەوان وەک پارتێکی سۆسیالیستی رکابەری سەرەکی جەهەپەنو خاوەنی پێگەیەکی کەم نین. لە شیشلیو ئێسکی شەهرو ئۆردو کە ئەم شوێنانە شوێنی هەستیارو دەوڵەمەندی تورکیان. دەسەپە ئێستا پشتیوانی خۆی بۆ ئەم هەنگاوەی حکومەتی تورکیا دەربڕیوە.

رۆژنامە: ئەوەی جێگەی سەرنجە بێدەنگی دامەزراوەیی سەربازییە لەم کێشەیەدا بەپێچەوانەی جارانەوە کە بۆ هەموو مەسەلەیەک قسەی خۆی هەبوو، ئایا بێدەنگی رازیبوونە؟

* شتێکی تایبەتم نییە لەو بارەیەوە، بەڵام من لە بێدەنگی سوپا وا تێگەیشتووم کە ئەوانیش وەک بەشەکانی دیکە لە تورکیا ماندوون بەدەست ئەم کێشەیەوەو دەیانەوێت چارەسەری بکەن، فەرماندەی گشتیی سوپاش لێدوانی دڵخۆشکەری لەسەر ئەو مەسەلەیە هەبووە، پێدەچێت سوپا دژایەتی لێبووردنی گشتیی فراوان بکات، بەڵام لە بابەتەکانی دیکە تائێستا رۆڵەکەی عاقڵانەیەو جێگەی دڵخۆشییە.

رۆژنامە: بەڕای چاودێرانی سیاسیی چارەسەری کێشەی کورد بەبێ پەکەکە مەحاڵە، بەڕای تۆ حکومەتی تورکیا گەیشتووەتە ئەم قۆناغە لە تێگەیشتن، پاش ئەوەی بینیمان بۆ یەکەمینجار ئەردۆغانو سەرۆکەکانی دەتەپەی نزیک لە پەکەکە کۆبوونەوە؟

– بەڕای من ئەمە یەکێکە لەو تەحەدییە گەورانەی کە ڕووبەڕووی وەزیری ناوخۆیی تورکیا دەبێتەوە کە بەرپرسی دەستپێشخەرییەکەیە.

رۆژنامە: هەندێکیش باوەڕیانوایە کە ئەردۆغان ناتوانێت ئەمجارەش سەرکەوتووبێت، چونکە زۆرینەی خەڵکی تورکیا لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە ئامادەنین بۆ ئەم هەنگاوەی حکومەتەکەیان؟

* بەڵێ، راستە هەندێک باوەڕیان وایە، بەڵام من بۆچوونم وایە کە زۆرینەی خەڵکی تورکیا خوازیاری قۆناغێکی نوێن، بۆ گەرەنتیکردنی زیاتری مافە کلتوورییەکان. بۆ نموونە لەکاتی کردنەوەی تەلەفزیۆنی کوردی شەش کەسمان نەدی بچێتە سەر شەقامەکانو کاردانەوەی لەدژی ئەو هەنگاوە بنوێنێت. ئەوەی کە ئێستا رای گشتیی تورکیا لەم کاتەدا ئامادەنییە قبوڵی بکات بریتیە لە هەنگاونان بۆ ئازادکردنو لێخۆشبوون لە ئۆجەلان، ئێمە چەندین راپۆرتمان لەسەر ئەو هەڵسەنگاندنانەی کە لەلایەن پسپۆڕی نێودەوڵەتی سایکۆلۆژی ڤامیک ڤۆلکانەوە کرا، بڵاوکردەوە کە دەبوایە حکومەتی تورکیا لەبارەی کلتووری ئیتنیکیو بەرەنگاربوونەوەکان کە شایەنی خوێندنەوەن.

رۆژنامە: خاڵێکی دیکە کە جێگەی سەرنجی چاودێرانە بریتیە لە هەماهەنگی میدیا (بەتایبەتی گرووپی ئەردۆغان کە رۆژنامەکەت بەشێکە لەو گرووپەو ناکۆکی هەبووە لەگەڵ ئەردۆغان) لەگەڵ حکومەتی ئەکەپە کە پێشتر ئەمە دەگمەن بوو، تۆ ئەمە چۆن دەبینیت؟

* لەڕاستیدا من ناتوانم بەناوی گرووپی ئەردۆغان قسەبکەم، چونکە ئەم گرووپە لەچەندین دەنگی جیاوازو گرووپی جیاواز پێکدێت. من تەنیا دەتوانم بەناوی رۆژنامەکەمەوە قسەبکەم کە لە ساڵی (٢٠٠٦)ەوە بوومەتە سەرنووسەری، ئێمە هەمیشە لەگەڵ فراوانکردنی مافە کلتوورییەکانینو هەروەها لەگەڵ چارەسەرکردنی «کێشەی کورد» بووین. ئێمە تەنیا لە ساڵی رابردوو خەڵاتکرایەن لە سوید لەلایەن ئانا لیند بەهۆی راپۆرتەکانمان لەسەر مافە کلتوورییەکان، بەتایبەتی «کێشەی ئەرمینیا» من دەپرسم تائێستا چەند کەس یان میدیای تورکی ئەم خەڵاتەیان وەرگرتووە؟

بەشێوەیەکی گشتیی میدیا رۆڵێکی پێشەنگی بینیوەو لەم مەسەلەیەداو توانیویەتی تابۆ کۆنەکان تێکبشکێنێت لەڕێگەی دایالۆگی کراوە. هەروەها چەندین ڕیپۆرتەری کورد لە میدیاکان کاردەکەن. رۆڵی میدیاش لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا، بەتایبەتی لە تورکیا جێگەی خۆیەتی کە لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەربکرێت.

رۆژنامە: باسێکی دیکە کە ئێستا جێگەی مشتومڕە ئەویش رۆڵی کوردی عێراقە لەم دەستپێشخەرییەی حکومەتەکەی ئەردۆغان تۆ ئەم رۆڵە چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

* بوونی کوردستانی عێراق خۆی پێشخەرێکی گرنگە. خۆی لەخۆیدا بوونی ئەو ناوچەیە ئەوەمان پێدەڵێت کە مەحاڵە مافە کلتوورییەکانی کورد پشتگوێبخەیت. هەروەها جگە لەو پەیوەندییە ئابووریە بەهێزە ئێستا تۆ بڕۆ لە کۆبوونەوەیەکی بازرگانی لە دیاربەکر دانیشە، دەبینیت چەند عێراقییەکی تێدایە لەولاوە دەبینیت چەندین کەس خۆیان ئامادەدەکەن بچنە سلێمانیو هەولێر بۆ مەراسیمێکی ژنهێنان، ئەمانە هەمووی رۆڵی کوردستانی عێراقمان پێدەڵێن.

رۆژنامە: دواپرسیارم، داهاتووی سیاسیی پارتی دەسەڵاتی دادو گەشەپێدان چۆن دەبینیت بەم خۆیندنەوەت بەم هەنگاوە نوێیانەی؟

* لێرەدا پێموایە پارتەکەی ئەردۆغان هەنگاوێکی ناوە کە ناتوانێت بگەڕێتەوەو خاڵی وەرچەرخانە، نەهێشتنی تیرۆرو توندوتیژیی دەستکەوتێکی سیاسیی گەورەیە بۆ خەڵکی تورکیا جا لەلایەن هەر پارتێکەوە بتوانێت ئەنجامیبدات. ئێستا پاتی دادو گەشەپێدان هەڵێکی باشی لەبەردەمدایە کە هەڵسێت بەو کارە. ئەگەر لەم هەنگاوەشی شکست بێنێت، ئەوا تووشی دارمان دەبێتو ئێستاش پارتەکەی ئەردۆغان هۆشیارە لەو هەنگاوانەی دەینێت.

ـــــشتوکاڵ گرنگە؟



کەڵکی لێوەربگیرێت بەمەش دەتوانرێت بڕێک وزەی پێویست لە پاشماوەی کشتوکاڵو ئـاژەڵو دارستـەکـان وەربگیرێت کە دووبـارە هـەم بۆ ئـابـووری بەکەڵکە هـەم بۆ ژینگە. بەتایبەتی کە لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانو زیاتر گەشەی ئابووریدا، پێویستی بۆ وزە زیاتر دەبێت، دیارە تا وزەش زیاتر سەرفبکرێت ژینگە زیاتر بەرەو پیسبوون دەچێت، بەتایبەت کە وزەی بەدیل نەبێت وەکو وزەی با، خۆر یان لە پاشماوەی پێکهاتە روەکی و ئاژەلییەکان.

لە رووی سیاسیشەوە، گرنگی کەرتی کشتوکاڵ لەمەدایە کە دەتوانرێت بەهۆی بەروبومە کشتوکاڵییەکانەوە ئاسایشی خۆراک لە ولاتدا بۆ رۆڵەکانی گـەل دابینبکرێت، بـەمـەش زیاتر دەتوانرێت سەربەخۆیی و سەرداری میللی و نیشتمانی بپارێزرێت.

هـەر گـەلو ولاتـێـک نەتوانێت ئاسایشی خۆراکی هەبێت لە رێی کەرتی کشتوکاڵەوە ناتوانرێت ئاسایشی میللی و نیشتمانیشی هەبێت. بۆ نموونە ولاتـان زۆرن کە بەهۆی نەبوونی ئاسایشی خۆراکەوە واتە بێتوانایان لە بەرهەمهێنانی بەروبومی کشتوکاڵی جا بەهەر هۆیەک بێت، ئیرادەی سەربەخۆیی خۆیان لەدەستداوە، لەگەڵ ئاسایشی سیاسی و ئابووری.

بە ئاماژە بەو روونکردنەوەیەی سەرەوە بۆمان دەرئەکەوێت کە کەرتی کشتوکاڵ زیاتر لە هەموو کەرتەکانی ئابووری پەیوەندی راستەوخۆی هەیە بە ژینگەی مرۆڤ و روەکو سیاسی و ئابوورییەوە.

لەوانەیە لە هەندێک ولاتـدا کە ولاتی پیشەسازیی گـەورەن، داهاتی گـەورەی میللی یان نیشتمانییان لە پیشەسازییەوە سـەرچـاوە بگرێت وەک ولاتانی خۆرئاوای ئەوروپاو ئەمریکاو یابان و هەتا هەندێک ولاتانی خۆرهەلاتی ئاسایش، بەلام داهاتی گەورەی ئابووریان نەک هەر ژینگەی ئەوانی جوان و تەندروست نەکردووە، بەلکو ژینگەیانی تا ئەندازەیەکی ترسناک تێکداوە.

بە بەراوردلەگەڵ کەرتی پیشەسازیدا کەرتی کشتوکاڵ جگە لـەوەی کە هەم ئاسایشی خۆراک دابینەکاتو سەرچاوەی داهاتی نیشتمانییە، ئەوا بۆ ژینگەو تەندروستیش بەکەڵکو پێویستە.

لە حاڵی ئەمڕۆو بۆ داهاتووی کـوردسـتـان، بـۆ ئـــەوەی کـە ١- سەرچاوەیەکی ئابووریی هەمیشەییمان هەبێت، ٢ - ژینگەیەکی پاکمان هەبێت، ٣ - زەمینەی گەشەی کەرتی گەشتوگوزارمان هەبێت، سەرچاوەی وزەی بەدیلمان هەبێت، ٤- کەرەسەی سەرەتایی پیشەسازییمان هەبێت، ٥ - ئاسایشی سیاسی و خۆراکیمان هەبێت، پێویستە زۆر شێلگیرانە لە کەرتی کشتوکاڵدا سەرمایەگوزاری مادی و مرۆیی بکەین، تا سبەی ئاسایشی ولاتو گەل مسۆگەرتربێت.

بـۆ ئـەمـەش، ئـەگـەر شۆڕشیش نەبێت ئەوا حەتمەن پێویستمان بە چاکسازی جدی و راستەقینە هەیە لە هەموو بوارەکاندا بەرەو ژیانێکی نوێ و ئاسوودەتر.

***خـوێـنـدکـاری دکـتـۆرا لـەبـواری کشتوکاڵدا**

حکومەت لە بەرتیلخۆریی ئاگادارەدەکرێتەوە

محەمەد سالح حەمەلاو

بەرتیلخۆریی لـە فەرمانگەو دامەزراوە حکومییەکاندا بەردەوامەو دەستەی نەزاهەش لەمیانەی ئاماریکی مەیدانیدا، حکومەت لەئاستی ئەو بەرتیلخۆرییە ئاگادارەدەکاتەوە.

بەپێی ئاماریکی دەستەی نەزاهە کە (٤٠)فەرمانگەو بەرێوەبەرێتی ناوشاری بەغدای بەسەرکردووەتەوە تێیدا دەربارەی بەرتیلخۆریی پرسیار لـە(٣)هـەزارو(٥٠٠)هـاوڵاتـی کراوە، دەرکەوتووە بەرتیلخۆریی لە هەندێک فەرمانگەدا زوو لەزیادبوونە، بەڵام لە هەندێک فەرمانگەی دیکەدا ئەو رێژەیە زوو لە کەمبوونە.

ئـازاد چـالاک، ئەندامی لیژنەی نەزاهە بە رۆژنامەی راگەیاند، لەمیانەی ئەو سەرژمێرییەدا کە دەستەی نەزاهە لە مانگی حوزەیراندا ئەنجامیداوە دەرکەوتووە، رێژەی بەرتیلخۆریی لە ژمارەیەک فەرمانگەو بەرێوەبەرێتیدا زوو لە زیادبوونە، بە نمونە رێژەی بەرتیلخۆریی لە فەرمانگەی تۆماری خانوبەرەدا (٤٦،٢٤٪)ە، بـەڵام لە هەندێک فەرمانگەی دیکەدا رێژەکە زوو لە کەمبوونە، ئامانج لەو ئامارەی دەستەی نەزاهە ئاگادارببوونە لە رێژەی بەرتیلخۆریی لەناو فەرمانگەو دامەزراوەحکومییەکانداو دواجـار ئاگادارکردنەوەی حکومەتە لێی کە ژمـارەیـەک فەرمانگە وەک نمونە وەرگـیـراونو تێیدا راستەوخۆ دەربارەی بوونی بەرتیلخۆریی گفتوگۆ لەگەڵ هاوڵاتییانداکراوەو دەرکەوتووە، بەرتیلخۆریی لە فەرمانگەی تۆماری خانوبەرە بەرێژەی (٤٦،٢٤٪)ە و لەئەمیندارێتیی گشتیی بەغدا بە رێژەی (٢٩،١٠٪)ەو لە دەستەی خانەنشینی نیشتمانی بە رێژەی (١٩،٥٤٪) ە، بەڵام لە بەرێوەبەرێتیی باری شارستانی رێژەکە کەمبووەتەوە بۆ (١،٥٣٪).

ئازاد چالاک، ئاماژەی بەوەشکرد، دواتر دەستەی نەزاهە لەسەر بنەمای ئـەو راپرسییە راپۆرتێک ئامادە دەکـات و لەگەڵ سەرپەرشتیاری گشتیی ئەو فەرمانگانەدا کۆدەبنەوەو لەوە ئاگاداریاندەکەنەوە کە رێژەی بەرتیلخۆریی لە فەرمانگەکانیاندا بەوشێوەیەیە، بۆئەوەی چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوەو رێگری لێبکرێت.

دەسـتـــەی نـــەزاهـــە کـە بەرێوەبەرێتییەکەو سەر بە لیژنەی نەزاهەیە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عـێـراق، راپـۆرتـەکـەیـان دەدەنـە بەرێوەبەری فەرمانگەکانو دواتر ئاراستەی هەریەک لە لیژنەی نەزاهەو دیوانی چاودێریی دارایی و ئەنجومەنی وەزیرانی دەکەن، بۆئەوەی دیراسەی بکەنو لێکۆڵینەوەی لەبارەوەبکرێت، ئەوە جگەلەوەی لیژنەی نەزاهەش بۆی هەیە وەزیرەکان بانگهێشت بکاتو ئەو کێشەیەیان لەگەلدا تاوتوێ بکات.

بەپێی وتـەی ئـازاد چـالاک، ئەمە دووەم جارە دەستەی نەزاهە ئاماریکی مەیدانی لەسەر بەرتیلخۆریی لە فەرمانگە حکومییەکاندا ئەنجام دەدات و ئامارەکانی ئەم دواییەش دەریانخستووە، هەرچەندە بە بـەراورد لەگەڵ ئامارەکەی جاری پێشوودا لە هەندێک فەرمانگەدا دیاردەی بەرتیلخۆریی زوو لەکەمبوونە، بەڵام لە ژمارەیەک فەرمانگەی دیکەدا رێژەکە زوولەزیادبوونە.

کێشەی گەندەڵیو بەرتیلخواردن پەیوەندی بەچەندین بـواری وەک لێپێچینەوەو نەهێشتنی بێکاریو بـەرزکـردنـەوەی ئاستی بـژێـوی فەرمانبەرانو چرکردنەوەی چاودێریی لـەسـەر فەرمانگەکانو نەهێشتنی مەحسوبیەتو مەنسوبیەتەوە هەیەو ئەو ئەندامەی لیژنەی نەزاهەش پێیوایە، دەبێت کێشەی گەندەلییش بە بەرنامەو پلان جێبەجێبکرێت، چونکە وەک ئاشکرایە ئێستا کێشەی گەندەلیی پەلیهاویشتووە بۆ زۆربەی فەرمانگە حکومییەکان.

دەربـارەی ئـەوەش کە ئایا بۆچی ئەو ئامارە تەنیا لەناو شـاری بەغدا ئەنجامدراوە، ئەندامەکەی لیژنەی نەزاهە رووونیکردەوە، بەوپێیەی بەغدا پایتەختەو گەورەترین شاری عێراقەو زۆربەی فەرمانگە حکومییەکانیش لەوشارەدا کۆبوونەتەوە، بۆیە ئەو ئامارە مەیدانییە لە هـەردوو بەشی کـەرخو رەسافەی بەغدا کە وەک دووشاری گەورەن لەناو بەغدادا بە نمونە بۆ پاریزگاکانی دیکەی عێراق وەرگیراون.

لە ئامارەکەی دەستەی نەزاهەدا تەنیا ناوی فەرمانگەکان ئاشکراکراوەو باس لەناوی فەرمانبەران نەکراوە، دەربارەی لێپێچینەوەش لەو دیاردەی بەرتیلخۆرییە، ئازاد چالاک ئاماژی بەوەکرد، بێگومان کاتێک ئەو راپۆرتانە دەچنە بەردەم بەرێوەبەرەگشتییەکانو بەرپرسانی بالاتر لێپێچینەوەیان لەسەردەکرێت.

ئازاد چالاک:

ئەمە دووەم جارە دەستەی نەزاهە ئامارێکی مەیدانی لەسەر بەرتیلخۆریی لە فەرمانگە حکومییەکاندا ئەنجام دەدات

رێژەی بەرتیلخۆریی لە فەرمانگەی تۆماری خانوبەرەدا (٤٦،٢٤٪)ە،



ژمـــارە (535) سێشەممە 2009/8/18
aburi.rozhnama@gmail.com
رۆژنامە

بۆچـــــــی کەرتی کـــــ



محەمەد ئەمین گەناوی*

جگە لەوەی کە کەرتی کشتوکاڵ بە درێژایی مێژوو سەرچاوەی بژێوی‌و ژیانی مرۆڤ بووە، شارستانێتیی مرۆڤایەتیش هەر لەو سەردەمەدا پایەگوزاری کرا کە مرۆڤ کشتوکاڵی کردە پیشەی خۆی.

هەتا ئەگەر بمانەوێت سەرچاوەی داهێنان‌و بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا بزانین دەبێت بۆ مێژووی کشتوکاڵ بگەڕێینەوە لەسەر ئاستی هەوەلاتی‌و جیهان، چونکە یەکەم داهێنانی تەکنۆلۆژیاو بەرکاهێنانی بۆ ئاسانکردن‌و باشکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی بەکارهاتووە، هەر لە دروستکردنی سەرەتاییترین ئامرازی بەرهەمهێنان‌و جۆگەو ئاودێری‌و بەندادروستکردن‌و چاککردنی تۆوچاندن‌و زەوی.

ئیتر پاش چاککردن‌و زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵ مرۆڤ توانی بەهۆی داهاتی کشتوکاڵییەوە لە بوارەکانی دیکەی ژیاندا سەرمایەگوزاریی بکات، وەک دروستکردنی شارو بازاڕو ساختمان‌و فێرگەو داهێنانی هونەری‌و وێژەیی‌و زانستەکانی دیکەی سروشتی، واتە گەشەی شارستانیی مرۆڤایەتی.

کە باس لە کشتوکاڵ یان کەرتی کشتوکاڵ دەکەین، بە شێوەیەکی گشتی تەنیا بەروبومە کێڵگەییەکان ناگرێتەوە، بەڵکو بەشی باخداری‌و جەنگەڵ‌و لەوەڕگاکانیش دەگرێتەوە، ئاژەڵداریش کە مەرجی سەرەکی بۆ پەروەردەکردنی ئاژەڵ‌و پەلەوەر بوونی سەرزەمینێکە کە کشتوکاڵی لێبکرێت، واتە لە شوێنێک کە توانرا بەروبومی کشتوکاڵی بە بەرهەمی کێڵگەیی‌و باخداری‌و جەنگەلییەوە بەرهەمبێت ئەوا زەمینە گونجاوو شیاوە کە ئاژەڵداریش بەرهەمبێت، بەپێچەوانەوەشەوە هەر راستە.

بۆیە دەتوانین بڵێین هەر وڵاتێک شیاوبوو بۆ کشتوکاڵ ئەوا ئەو وڵاتە دەوڵەمەندە بە ئاماژە بۆ بەرهەمی کێڵگەیی‌و باخداری‌و دارستانی، چونکە جگە لە دابینکردنی خۆراک لە ناوخۆدا دەتوانێت بەشێکی زۆریش بۆ دەرەوە بنێرێت، نموونەش بۆ وڵاتانێک کە لە کشتوکاڵدا دەوڵەمەندن‌و نموونەی وڵاتانی پێشکەوتوون لە ڕووی ئابووری‌و کۆمەڵایەتییەوە هۆڵەندا دانیمارکن لە خۆرئاوا، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش ئیسرائیلە کە ئابووریی نیشتمانی پایەکەی لەسەر کشتوکاڵە.

گرنگی کشتوکاڵ لە ڕووی ئابوورییەوە، هەروەک ئاماژەمان پێدا تەنیا دابینکردنی خۆراک نییە، بەڵکو دابینکردنی بواری کاریشە، چونکە کار بۆ ڕێژەیەکی باش لە دانیشتوان دابیندەکات کە بژێوی ژیانیانی لەسەر دابینەدەکەن، تائێستاش لە زۆربەی وڵاتاندا بە تایبەت وڵاتانی جیهانی سێیەم، لەوانە کوردستان بە هەر (٤) پارچەکەی زۆربەی زۆری دانیشتوانەکەی بژێوییان لەسەر کشتوکاڵە، واتە ئاستی ژیان‌و توانای ئابووریان لەگەڵ ئاستی خۆشگوزەرانییان‌و ئاستی فێربوون‌و تەندروستییان پەیوەستە بە توانای بەرهەمی کشتوکاڵییانەوە.

بۆیە ئەو وڵاتانەی کە تائێستاش ئابووریان‌و پیشەیان کشتوکاڵە، گرنگیدان بە پێشکەوتوون‌و چاککردنی کشتوکاڵ دەبێت لە پێش هەموو شتێکەوە بێت، چونکە ئەم وڵاتانە وەک وڵاتانی پیشەسازی نین، کە ئابووری بەدیلیان هەبێت، هەرچەندە ئەمانیش دەتوانن لە بواری پیشەسازیدا هەم سەرمایەگوزاری بکەن‌و پێش بکەون، بەڵام تا ئەوکاتەی دەبنە پیشەسازی‌و دەتوانن کێبڕکێ بکەن لە بازاڕی ناوخۆو دەرەوە کاتی دەوێت.

بۆیە دەبێت هەتا لە قۆناغەکانی پیشەسازییوندان، کەرتی کشتوکاڵ بە بایەخەوە بپارێزرێت‌و کشتوکاڵ بە هەموو لایەن‌و پێکهاتەکانیەوە لەگەڵ پیشەسازیدا تەکاملی پێبکرێت، چونکە کشتوکاڵ جگە لەوەی کە دەتوانێت بەشێکی دیاریکراوی ئابووریی نیشتمانی پێکبهێنێت، بەهای گران بۆ وڵات دابین بکات بە ناردنەدەرەوەی بەشێکی بەروبومە کشتوکاڵی‌و ئاژەڵی‌و جەنگەلییەکانەوە، کشتوکاڵ دەتوانێت بەشێکی زۆری مادە سەرەکییەکانی پیشەسازی دابینبکات، وەکو پیشەسازیی چنین‌و دەرمان‌و پزیشکی‌و خۆراکی.

ئەم پیشەسازییانەش کە لەسەر بنەمای مادە سەرەکییەکانی کشتوکاڵ دروستدەبن‌و بەرهەمدەهێنن دەبنە سەرچاوەیەکی گرنگی شوێنی کار، شوێنی فێربوون‌و پاراستن‌و بەفیڕۆنەدانی بەشێکی زۆری بەروبومی کشتوکاڵی، چونکە ئەگەر پیشەسازی نەکرێت توانای مانەوەی نامێنێت لە وەرزێکەوە بۆ وەرزێکی تر، بەمەش زیان لە ئابووریی بەشێکی زۆری ئەوانە دەدات کە پیشەیان کشتوکاڵە.

لە ڕێی پیشەسازیکردنەوە بەهۆی مادە سەرەکییەکانی کشتوکاڵەوە دەتوانرێت بازاڕەکانی ناوخۆ تێر بکات‌و بپارێزێت لە بەرهەمی وڵاتانی دیکە کە لە زۆر حاڵدا هەلومەرجی تەندروستی‌و ژینگەیی تێدا دابین نەکراوە، دەتوانرێت توانای کێبڕکێ هەم لەسەر ئاستی بازاڕی ناوخۆ هەم لەسەرئاستی دەرەوە بەرزبکاتەوە. بەم حاڵەش دەتوانرێت ژینگەیەکی تەندروست دروستبکرێت هەم بۆ پەیداکردنی سەرمایەو هەم سەرمایەگوزاری پەیدابوو لە بوارەکانی فێربوون‌و تەندروستی‌و ژینگەو پەیداکردنی بواری کاری زیاتر لە بواری جۆراوجۆرداو بەمجۆرەش دەتوانرێت ڕێژەی بێکاریی کەمبکرێتەوە، بەمەش کەسانێکی زۆر لە قەیرانی بێکاری‌و کۆمەڵایەتی ڕزگار بکرێت‌و داهاتوویەکی ئاسودەو بەختەوەریان بۆ فەراهەمبکرێت.

ئەمڕۆ لە ژیانی مۆدێرندا کە بەکارهێنانی وزە ڕۆژبەڕۆژ زیاد دەبێت‌و دەرچوونی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بە ڕێژەیەکی زۆر، کاریگەریی ترسناکی دەبێت بۆ سەر ژینگەی تەندروستی کە بەهاکەی دەبێت هەموو کۆمەڵ بیدات، ئەمیش بە زیاتر چارەسەرکردنی ئەوانەی کە لە ئەنجامی ژەهراویبوونی ژینگەوە تووشی نەخۆشی جۆراوجۆر دەبن، بەڵام لەڕێگەی سەوزەی بەروبومی کشتوکاڵی‌و دارستانەکانەوە جگە لەوەی کە پارسەنگی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن لە ژینگەدا ڕادەگرێت، بەهۆی کرداری ڕۆشنەپێکهاتنەوە لە ڕێی سەوزی ڕوەک‌و دارستانەوە بەروبومی کێڵگە‌و دارستانەکان زیادەدەبێت لە ڕووی ژینگەوە، پاراستنی ژینگەو کشتوکاڵ گرنگییەکی تەندروستیی گەورەی هەیە، بە جۆرێک کە ئەمڕۆ پاکی ژینگەو تەندروستی هاوتەریبن، بۆ ئەوەی ژینگەیەکی تەندروست‌و باشمان هەبێت، دەبێت ژینگەی شارو شاخ‌و دەشت‌و سەرکارو چەم‌و ڕووبارو کانیاوەکانمان پاک بن، ئەمەش تەنیا بە زیاتر سەوزکردنی دیمەنی سروشتی وڵات دەبێت بە ڕێی زیاترکردنی کشتوکاڵ‌و بە دارستانکردنی زیاتری ئەو خاکانەی کە شیاون بۆ دارستان بە داری جۆراوجۆر...

بە دارستانکردنی زیاتری خاک جگە لەوەی کە دەتوانرێت جۆرەها بەرهەمی میوە دابینبکات بۆ دانیشتوان، لەهەمانکاتدا دەتوانێت ژینگەی خاک بە تایبەتی ناوچە شاخاوییەکان‌و گردو شیوەکان بپارێزی لە ڕمان‌و هەلوەشان بەهۆی باران‌و لافاوەوە، ئەگەر سەیر بکەین لە کوردستاندا بەشێکی زۆری خاکی ناوچە شاخاوی‌و گردو دۆڵ‌و شیوەکان بەهۆی نەبوونی دارستان‌و گوێ پێنەدان بەوەی کە ئەم شوێنانەی بەرگەی بارانی زۆرو لافاو ناگرن دیوارو بەبەستیان بۆ دروست نەکراوەو ڕماون‌و کەڵکیان لێوەرناگیرێت.

ئەمانەی سەرەوە نیشانی دەدەن کە بە زیادکردن‌و چاککردنی ژینگەی ڕوەک چ بەروبومی کێڵگەیی‌و لەوەڕگا بێت، یان دارستان بێت دەتوانرێت ژینگەیەکی باش‌و لەبار دروستبکرێت بۆ بەرهەمهێنانی بەروبومی ئاژەڵی ئەمیش بە دابینکردنی کەرەسەی سەرەکی کە ئالیکە (حلف)، بەڵام لە شوێنێک کە گرفتی دروستکردنی بەروبومی کێڵگەیی‌و لەوەڕگا هەبێت بێگومان ناتوانرێت بەروبومی ئاژەڵی کە بریتییە لە شیرەمەنی، گۆشت، پێستە‌و خوری هەبێت.

ئەمانەش واتە بەروبومە ئاژەڵییەکان گرنگییەکی مەزنیان هەیە هەم بۆ بەکارهێنانی ناوخۆ هەم بۆ پەیداکردنی دراوی قورس کە بتوانرێت لە دەرەوەی وڵات بازاڕیان بۆ پەیدابکرێت، ئەمیش بە باشترکردنی بەرهەم دەبێت تا بتوانن کێبڕکێ بکەن.

بۆ کەرتی گەشتوگوزاریش، جوانی دیمەنی کشتوکاڵە ڕوەکییەکان‌و دارستانەکان هاندەری سەرەکین بۆ ڕاکێشانی گەشتیاری زیاتر بۆ ئەو ناوچانەی کە دەوڵەمەندن بە دیمەنی جوانی سروشتی کە لێرەدا سەوزی‌و ئاو توخمی سەرەکین‌و لەهەر شوێنێکیش سەوزی‌و ئاو دارستان کەمتر بێت ئەوا کەمتر سەرنجڕاکێشە بۆ حەوانەوەو ژیان. لەبەر ئەوە پەرەپێدانی‌و گەشەندنی کەرتی کشتوکاڵ بە هەموو پێکهاتەکانییەوە ڕێگایەکە بۆ گەشەسندنی کەرتی گەشتوگوزاریی کە ئەم کەرتەش، واتە کەرتی گەشتوگوزاریی دەتوانێت ڕۆڵی گرنگ ببینێت لە گەشەسەندنی ئابووریی نیشتمانی‌و دروستکردنی سەرچاوەی شوێنی کار بۆ خەڵکانێک کە گەشتوگوزار نەبێت زۆربەی خەڵکەکەی بێکار دەبن.

لە ڕووی هەڵکەوتەی جوگرافی، دۆخی ئاووهەواوە کوردستان هەموو زەمینەیەکی شیاوی تێدایە کە ببێتە وڵاتێکی گەشتوگوزاریی، ئەگەر کەرتی کشتوکاڵ‌و دارستان‌و زەمینەکەی بە ئاراستەیەکی وا دروست بکرێت‌و بەکاربێت کە بۆ گەشتوگوزار سەرنجڕاکێش بێت.

بۆیە پێویستە پلان‌و پرۆگرام هەبێت کە کشتوکاڵ‌و دارستان لەگەڵ کەرتی گەشتوگوزاریدا تەکامول بکات کە ئەمەش لە بەرژەوەندیی هەردوو کەرتەکەدایە‌و ئینجا لە بەرژەوەندیی ئابووری‌و ژینگەی نیشتمانیشدایە.

لە ڕووی وزەوە، کەرتی کشتوکاڵ، لە فۆرمی پاشماوە کشتوکاڵی‌و ئاژەڵییەکان دەتوانرێت وەکو وزەی بیرکار/ بدیل Alternative Enprgy

تەوێڵە، گیرۆدەی دواکەوتنو خراپیی کاری پرۆژەیە



سالار بیارەیی

دواکەوتنو خراپیی کارکردن لە پرۆژەکاندا، دانیشتووانی شارۆچکەی تەوێڵەی گیرۆدەکردووەو سەرۆکی شارەوانییەکەشی نکۆڵی لە گرفتی پرۆژەکان ناکاتو دەڵێت: «هیچ پارەو سلفەیەک نادەینە کۆمپانیای جێبەجێکارو سەروخۆشمان ئاگادارکردووەتەوە».

سیروان جەبار (٤١ ساڵ)، کاسبکارێکی دانیشتووی تەوێڵەیە، باس لە خراپیی بارودۆخو ئەو پرۆژانەش دەکات کە لە ناوچەکەیاندا جێبەجێدەکرێنو ئاماژە بەوە دەکات، کە(٣٠) ساڵ لەمەوبەر هاتوچۆکردنیان بەناو تەوێڵەدا ئاسانتر بووەو وتی: «قادرمەی تێدایە هی سالی حەفتاکانەو وەک خۆی ماوەتەوەو ولاخیش بە ئاسانی پێیدا دەڕوات، بەڵام ئەم قادرمە کۆنکرێتانەی کە ئێستا شارەوانی دروستییان دەکات، رۆشتنی ولاخ بەسەریان ئاسان نییەو نەگونجاوە».

ئاسما هەیاس (٥٧ ساڵ)، ژنێکی هەمان شارۆچکەیەو ئاماژە بە خراپیی پرۆژەکانی ڕێگاوبانی ناو تەوێڵە دەکاتو وتی: «ئەگەر ئەو ڕێگەیە بەو شێوازەی ئێستای بمێنێتەوە، لە وەرزی زستاندا بەشێکی دەڕووخێت». ڕەخنەی لەوەش گرت کە شارەوانی خۆڵو خاشاکەکەی لە نزیک ماڵەکانو لە کەلاوەکاندا دەڕێژێت.

جەسەن ڕەشید، سەرۆکی شارەوانیی تەوێڵە بە وەکالەت، ئاماژە بەوەدەکات کە لەدوای دەستبەکاربوونییەوە کاری کردووە بۆ پاککردنەوەی کەلاوەکان لە خاشاک، بەڵام: «پاش هەفتەیەک وەک خۆی لێهاتەوە»، پێشیوایە دانیشتووانی ناوچەکە پابەندی پاکوخاوێنی نابنو «هۆکارێکیشن بۆ زیادبوونی خۆڵو خاشاک، جگە لەوەش بەڕپرسانی سەرەوە هاوکاریمان ناکەن بۆ ڕاییکردنی کارەکانو پێداویستییەکانمان بۆ دابیننناکرێت».

ئەوەی هاوڵاتییانی شارۆچکەکەی نیگەرانکردووە،تەواونەبوونی پرۆژەکانە دوای تێپەڕبوونی وادەکانیان، سەرۆکی شارەوانیش نکۆڵی لەوە ناکات.

جەسەن ڕەشید ئەوەشی خستەڕوو کە لەسەر بودجەی پەرەپێدانی (٢٠٠٨)، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بۆ پرۆژەکانی تەوێلە (٦٨٠) ملیۆن دیناریان بۆ تەرخانکردوون، کە زیاترە لەو پارەیەی بەریان دەکەوێت، بەڵام نەشیشاردەوە کە هەندێک لەو پرۆژانەی بۆیان جێبەجێدەکرێت وادەکانیان تەواوبووەو جێهێڵراونو وتی: «ئێستا بڕیارماندراوە هیچ جۆرە پارەو سلفەیەک نەدەینە کۆمپانیای جێبەجێکارو پرۆژەکە وەرنەگیرێت تا سەرجەمی کارەکانی تەواونەکەن».

هەروەک سەرۆکی شارەوانییەکە نکۆڵی لە خراپی کارو دواکەوتنی پرۆژەی ڕێگەیەکی سەرەکیی ناو بازاڕی تەوێڵە نەکرد، کە (٢٩٨) ملیۆن دینارێ بۆ تەرخانکراوەو نزیکەی (٢) ساڵە ڕێگەکەی هەڵکەنراوەو ئێستا کاری تێداناکرێت، ئەوەشی خستەڕوو کە کۆمپانیای جێبەجێکاری بەهۆی خراپیی ئیشەکانییەوە خراوەتە لیستی ڕەشەوەو وتیشی: «بەو هۆیەوە ئەو پارەیەیان بۆ سەرفناکرێت کە بۆیان تەرخانکراوە، جگە لەوەش ئەو کۆمپانیایە هیچ ئیعتیبارێکی نەماوە تەنیا ئەوەندەیە کە ئیجبارکراوە کە ئەم ئیشە تەواوبکات». ئاماژەی بەوەشکرد، کە نووسراوی بۆ پارێزگای سلێمانی کردووە کە کۆمپانیا «دەیان کەموکورتی لە کارەکانیدا هەیەو کارەکانی پشتگوێدەخات، کە کۆنکرێتو شۆستەی دوو جادەیە لەناو تەوێلەدا، بۆیە داواکارین توندترین کاری یاساییان بەرامبەر ئەنجامبدەنو بە هیچ پاساوێک لێیان وەرمەگرنو ئێمە بەرپرس نین بەرامبەر بە کارەکەیان».

هەروەک جافر محەمەد (٤٩ ساڵ)، دوکاندارێکی ناو بازاڕەکەیە، ڕەخنە لە کاری کۆمپانیاو لێنەپێچینەوەی دەگرێتو ڕوونیدەکاتەوە کە نزیکەی (١) ساڵو (٤) مانگە دەست بە کارکردنکراوە تێیدا، بەڵام تائێستا تەواونەبووە، ئەوەشی خستەڕوو کە (١٠) جار چوونەتە شارەوانی، بەڵام «پێماندەڵێن لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە».

چ ڕۆژنامەیەک

ڕۆڵی نوێنەرانی کورد لە بەغدا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟


ئامادەکردنی: شکار موعتەسەم، سۆکار عەبدوڵڵا



عەباس کەریم - خوێندکار: پێموانیە نوێنەرانی کورد ڕۆڵێکی بەرچاویان بینیبێت، ئەوە مادەی (١٤٠)ی دەستوورییە کە (٨٠٪)ی خەڵکی عێراق دەنگی بۆ داوەو تائێستا جێبەجێنەکراوە، دەبێت ڕۆڵی نوێنەرانی کورد چی بووبێتو چاوەڕێی چییان لێبکرێت؟ بەڕاستی ڕۆڵی بەرچاویان نەبووە.



ئیبراهیم مەجید فەرەج - مامۆستا: پێموایە هەندێکجار نوێنەرانی کورد لە بەغدا ڕۆڵیان هەبووە، بەڵام بە کەمیی، هەندێکیان نەبێت کە چەندجارێک قسەیان هەبووەو بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن زۆربەیان هەر بێدەنگن، دەبێت نوێنەرانمان لەمەودوا زیاتر بۆ کۆمەڵێک کێشە زیاتر ڕۆلببینن، وەک کێشەی ناوچە دابڕاوەکان، کە بە ناوچە جێناکۆکەکان دەناسرێتو کێشەی بودجەو کێشەی پێشمەرگەو پەیوەندیی وەزارەتەکانی هەرێمو وەزارەتەکانی عێراق.



شۆخان عەبدوڵڵا - خوێندکار: تاکو ئێستا نوێنەرانی کورد لە بەغدا ڕۆڵێکی وایان نەبینیوە هیچ شتێکی وام لێ نەبینیون کە دیاربێت، چەندین کێشەو مەسەلەی چارەنووسساز هەیە نەیانتوانیوە ڕۆڵی گرنگی تێدا ببینن، هەر بۆیە داواکارین لە داهاتوودا نوێنەرانی کورد بە ئەرکی خۆیان هەستنو بتوانن ڕۆڵی بەرچاو بگێڕن، چونکە چارەنووسی میللەتێک لەژێر دەستێ ئەواندایەو ئەوان نوێنەرایەتی میللەتەکەمان دەکەن.



مەحمود کەریم محەمەد-مامۆستا: نوێنەرانی کورد لە بەغدا بۆ ماوەی ئەم چوار ساڵە بەشێوەیەکی تەوافوقی کاریانکردووە لەگەڵ حیزبو لایەنەکانی دیکەی عێراق، بەڵام کەمتەرخەمییەکی زۆر دەبینرێت لە ئیشو کارەکانیاندا، لەبەرئەوەی زۆربەی ئەو پەرلەمانتارانە لەلایەن حیزبەوە دانراونو هەندێکیشیان عەرەبی باش نازانن، تەنیا بۆ پڕکردنەوەی کورسییەکان دانراون.

ئەم گۆشەیە بەردەوام ڕای هاوڵاتییان بڵاودەکاتەوە، دەتوانن لەڕێی ئیمەیڵی (hewal.rozhnama@gmail.com) بەشداریبکەن

تێبینی: بۆ بڵاوکردنەوەی بۆچوونەکانتان ئەم خاڵانە ڕەچاو بکە: ١. وێنەیەکی کەسی خۆت.

٢. نووسینەکەت لە (٥٠-٦٠) وشە بێت.

٣. وەڵامی ئەو پرسیارەی ئیمەبێت کە دەیخەینەڕوو.

پرسیاری داهاتوو: تاچەند ڕەوایە دەسەڵات پەنا بۆ ناوزراندن و شکاندنی کەسایەتی تاکەکان ببات؟

تەحسین قادر: پرۆژەکانی تورکیاو ئێران کاریگەرییان بۆسەر هەرێم دەبێت

تورکیا ئاو بە عێراق دەفرۆشێت

نیان مەجید



ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەدانیشتنی وەرزی‌داهاتوویداگفتوگۆلەسەرپرۆتۆکۆلێکی نێوان عێراقو تورکیا دەکات سەبارەت بە ئاو، کە ماوەی زیاتر لە (٦٠)ساڵە لەنێوان هەردوو وڵاتدا هەیەو تائێستا نەگەیشتوونەتە ڕێککەوتن لەسەری‌و ئیمزا نەکراوە.

د.لەتیف حاجی حەسەن، جێگری سەرۆکی لیژنەی کشتوکاڵو ئاودێریی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: کەمئاویی‌و وشکەسالی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا کێشەی نێوان وڵاتانی قوولتر کردووە، پرۆتۆکۆلی تورکیاو عێراقیش کە زیاتر لە (٦٠)ساڵە نەتوانراوە لە سەری ڕێکبکەون، لە دانیشتنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، لێرەشدا تورکیا داشی سوارەو لەوانەیە ئاوەکەی بە عێراق بفرۆشێت.

هەفتەی ڕابردووش، ئەحمەد داود ئۆغلو، وەزیری دەرەوەی تورکیا سەردانی عێراقی کردو ئامانجی یەکەمی سەردانەکەی مەسەلەی ئاو بوو لە نێوان هەردوو وڵاتدا.

د.لەتیف‌حاجی‌حەسەن‌ئاماژەی‌بەوەشکرد، پەیوەندی بە لیژنەی ئاوی هاوبەشەوە کردووە لە یەکێتی ئەورووپا بۆ ئەو ناوچانەو پەیمانیانپێداوە، ئەو یارمەتییانە بوەستێنن کە دەیدەن بە تورکیا بۆ دروستکردنی ئەو بەنداوە، ئاماژەی بەوەشکرد: «لەو باوەڕەدام کە تورکیا ئاوەکەمان پێبفرۆشێت هەروەک چۆن ئێمە نەوتیان پێدەفرشین، ئەوانیش مافی خۆیانە کە ڕەفتار بە داهاتی خۆیانەوە بکەن».

تائێستا تورکیا بوونی چەکداری PKKی وەک چەکێک بە کاردەهێنا بەرامبەر بە نەناردنی ئاو بۆ عێراق، بەڵام بوونی گفتوگۆی چارەسەرکردنی هێزە چەکدارەکان، تورکیا بەرەو هەنگاوی دیکە دەنێرێت، ئەویش فرۆشتنی ئاوەکەیەتی بە عێراق، لەو بارەیەوە د.لەتیف وتی: «ئەو داوایەی تورکیا فشارێکی سیاسییە بەرامبەر بەهەرێمو عێراق، بەڵام حکومەتی هەرێم ئەو دەسەڵاتەی نییە بەسەر ئەو ناوچانەدا، هەر بۆیە تورکیاش بە ویستی خۆی ئاودەدات بە هەرێمی کوردستانو عێراق».

بەهەمانشێوەی تورکیا، ئێرانیش ناردنی ئاوەکەی وەک کارتێکی فشار بەکاردەهێنێت، وەک ئاوی ئەڵوەنو ئاوی کارۆن لە باشووری عێراق کە ئێستا بەتەواوی وشکیکردووە، لە کاتێکدا پێشتر ئەو ئاوە کەنداوی عەرەبی پاکەدکردەوە، بە وتەی جێگری سەرۆکی لیژنەی کشتوکاڵو ئاودێریی: «لەداهاتوودا پرۆتۆکۆلێکیش لە ئێران سەبارەت بە مەسەلەی ئاو ئیمزا دەکرێت، بۆ چارەسەری کێشەی ئاو».

بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەی ئاویش لە هەرێمی کوردستاندا، حکومەت پلانی کورتخایەنو درێژخایەنی داناوە بەدروستکردنی بەندواو گلدانەوەی ئاو.

لەو بارەیەوە تەحسین قادر، وەزیری سەرچاوە ئاوییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «پلانی درێژخایەنی پێنج ساڵەمان هەیە بۆ دروستکردنی هەشت بەندواوی گەورە، (١٩)بەندواوی مامناوەندییو (٥٠٠)بەندواوی بچووک، کە تێکڕای ئاوی کۆکراوەیان دەکاتە (١٤)ملیار مەترسێجا، لێرەدا کۆی ئاوی کۆکراوە دەبێتە (٢٤)ملیار مەتر سێجا لەگشت بەندواوەکاندا».

وەزیری سەرچاوە ئاوییەکان وتیشی: «وشکە سالیو قەیرانی ئاو بەگشتیی لە جیهاندا کێشەی بۆ هەموو ئەم وڵاتانەی ناوچەکە دروستکردووە، لەبەرئەوە دەبێت هەموو وڵاتان بەیەکەوە هاوکاربین لەم کێشەیەدا بۆ چارەسەرکردنی بە زووترین کات، ئەو پرۆژانەش کە لە تورکیاو ئێراندا بۆ دروستکردنی بەنداوەکان دروستدەکرێن کاریگەریی دەبێت بۆ هەرێم بەو هیوایەی کە بە شێوەیەکی دیموکراتییانە چارەسەر بکرێت».

سەرۆکی کۆمەڵەی پەلەوەر: پێشنیازمکردووە پارەکە وەرنەگرن

خاوەن کێڵگە پەلەوەرییەکان گومانیان لە هاوکاریی حکومەت هەیە

محەمەد ساڵح حەمەلاو



حکومەتی هەرێم بڕی (١٢)ملیۆن دۆلار بۆ پاڵپشتیکردنی پەرەپێدانی کێڵگەپەلەوەرییەکان تەرخانکردووە سەرۆکی کۆمەڵەی کوردستانیش بۆ بەخێوکردنی پەلەوەر گومانی خۆی لە هاوکارییەکانی حکومەت دەردەبڕێتو چەند مەرجێک بۆ حکومەت پێشنیاز دەکات.

سەروەر کەریم سەرۆکی کۆمەڵەی پەلەوەر، ئاماژەی بەوەکرد «ماوەیەکی زۆرە ئێمەی خاوەن کێڵگەکانی بەخێوکردنی پەلەوەر لەقەیراندا دەژین‌و حکومەتی هەرێمیش لەوماوەیەدا هیچ پلانو ستراتیژیکی نەبووە بۆپاراستنو بڕەودان بەسەرچاوە ئابووری‌و خۆمالییەکان کەکێڵگە پەلەوەرییەکان پەکێکە لەوسەرچاوانە».

وتیشی؛ دوای هەوڵێکی زۆرو پەیوەندیکردن بە بەرپرسانی حکومییەوە بەمدواییانە بەپێی بڕیارێکی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بڕی (١٢)ملیۆن دۆلار بۆ پاڵپشتیکردنی کێڵگە پەلەوەرییەکانی هەرێم تەرخانکراوە.

پێشتر لەچوارچێوەی بەرنامەی (٩٨٦)ی نەوت بەرامبەر خۆراکدا هاوکاریی کێڵگە پەلەوەرییەکانی هەرێم دەکراو پڕۆتینو گەنمەشامی‌و سۆیاو هەندێک پێداویستیی دیکە دەدرا بە خاوەن کێڵگەکان ، بەڵام دوای ئەوە کێڵگە پەلەوەرییەکان ڕووبەڕووی دارمانو کەمیی بەرهەمهێنان بوونەوەو ئێستاش بەدەر لەهاوکاریکردنی حکومەت (٨٧٧)کێڵگەی بەخێوکردنی پەلەوەرو چەندین کوشتارگە لەکوردستاندا بوونیان هەیە.

بەپێی وتەی سەرۆکی کۆمەڵەی پەلەوەر، ئەو پرۆژانە لەتوانایاندایە (٣٥٠-٤٠٠) ملیۆن دۆلار سەرمایە لەناوخۆی هەرێمدا بخەنگەڕ بێئەوەی ئەوپارەیە بچێتە دەرەوەی هەرێم، وتیشی؛ «لەئێستادا ژمارەیەک لەخاوەن کێڵگەکانی پەلەوەر کەخەڵکانی شارەزاو بەئەزمونن لەبوارەکەدا، بیرۆکەی دروستکردنی گروپی پەلەوەریان خستووەتە بەردەم حکومەت، بۆئەوەی کێڵگەکانی بەخێوکردنی پەلەوەر لەسەر بنەمای گروپ کارەکانی خۆیان ڕێکبخەنو ئەو بیرۆکەیەش ئێستا لەچەندین وڵاتانی ئەورووپی‌و هیندستانو پاکستانو ئوردنو مەغریبو یەمەن، کە پێشتر هەمان کێشەی ئێمەیان هەبووە کاری پێدەکرێت».

بەپێی بنەما ئابووریەکان پێویستە هەر وڵاتێک بەپێی ئەو ڕێژەیەی کە خۆراکو پێداویستی هاوردە دەکات ئەوەندەش هەناردەی دەرەوە بکات، بۆئەوەی بالانسی ئابووریی ڕابگیرێت، بەڵام ئاشکرایە لەدوای ڕاپەڕینەوە حکومەتی هەرێم بایەخی بەو بوارە نەداوەو وەک دەزانین هەرێمی کوردستان بووەتە بازارێکی گەورەو کراوە لەبەردەم ساغکردنەوەی کالاو خۆراکی ماوە بەسەرچوودا.

ئێستا چوارەدە گروپی پەلەوەریی لەکوردستاندا دروستکراون، کە پێنجیان لەسلێمانین‌و حەوتیان لەهەولێرن‌و دوانیشیان لەدهۆکن، تەرخانکردنی پارەش لەسەر بنەمای ژمارەی بوونی جوچکە دەبێت لەکێڵگەکانداو بۆ هەر جوچکێک دۆلارێک و (٣١) سەنت تەرخانکراوەو خاوەن گروپەکان هەموو پێداویستییەکانی خاوەن کێڵگەکان دابینەدەکەن‌و خاوەن کێڵگە تەنیا ئیدارەی کارەکەی خۆی دەکات‌و فرۆشتن‌و ساغکردنەوەی بەرهەمەکەی لەسەر خاوەن گروپەکە دەبێت.

سەروەرکەریم، باسی لەوەشکرد، ئێستا پارەکە لەوەزارەتی دارایی ڕەزامەندی لەسەر دراوەو دواتر بەفەرمانی وەزارەتی کشتوکاڵو لە ڕێگەی بانکی کشتوکالییەوە دەدرێت بەخاوەن کێڵگەکان.

سەروەر، ئەوەشی نەشاردەوە، «پێشتر زۆرجار لەدەرگای حکومەتیان داوەو ئەوەیان بۆ ڕوون کردوونەتەوە کە ڕێگە لەهێنانی مریشکی بەستوو بەگشتیی‌و مریشکی بەرازیلی بەتایبەتی بگیرێت، چونکە ئەو مریشکە بەپێی هەمو پێوەرەکان ماوە بەسەرچووە، جگە لەوەی زیان بە تەندروستیی هاوڵاتییان دەگەیەنێت لەلایەکی دیکەشەوە هێنانی ئەوجۆرە مریشکانە هەلی کار لە ناوخۆدا کەمدەکاتەوە، بەڵام بەرپرسان گوێیان لێ نەدەگرتین».

سەرۆکی کۆمەڵەی پەلەوەر پێشیوابوو، دروستکردنی ئەم گروپانە زیان بەکۆمەڵێک بازرگان دەگەیەنێت، چونکە بەبۆچوونی ئەو، هێنانی مریشکی بەستوو و زیندوو کە لەدەرەوەی سنوورەکانی هەرێمەوە بەقاچاغ دەهێنرێنە ناوەوەی هەرێم جۆرێک لەباندی مافیاییان لە پشتە، ڕوونیشیکردووەو وەک سەرۆکی کۆمەڵەی پەلەوەر لە سلێمانی، «پێشنیازی ئەومم کردووە کە جارێک ئێمە ئەوپارەیە وەرنەگرین بۆئەوەی بزانین لەبەرامبەر پێدانی ئەوپارەیەدا حکومەت داوای چی لەخاوەن کێڵگەکان دەکات». سەروەر ئەو پرسیارەشی ڕووبەڕووی حکومەت کردەوە، لەکاتێکدا خاوەن کێڵگەکان ئەو پارەیە وەردەگرن‌و دەستدەکەن بە بەرهەمهێنان، ئایا حکومەت دەتوانێت بەڵێنی ئەوە بدات، کە دەتوانێت ڕێگریی لە هێنانی مریشکی زیندوو و بەستوو بەقاچاغ بکات؟ چونکە ئەگەر حکومەت پابەندی ئەوەنەبێت، ئەوا خاوەن کێڵگەکان مالوێران دەبن‌و سەرمایەکانیان لەدەست دەدەن.

وتیشی؛ «تائێستا هیچ (تەنسیق) هەماهەنگییەک لەنێوان حکومەت‌و خاوەن گروپەکاندا نییە بۆ ڕێگریکردن لە هێنانی مریشک لەدەرەوەی سنوورەکان‌و ئامادەکاریی بۆ چۆنێتی جێبەجێکردنی پلان‌و بەرنامەی کاری گروپ».

سەرۆکی کۆمەڵەی پەلەوەر، ئاماژەی بەوەشکرد؛ «هەرچەندە حکومەت بەڵێنی هاوکاریکردنی پێداوین، بەڵام بەڵێنەکان هێشتا زارەکین‌و نەچوونەتە سەر کاغەز، هەر بۆیە ئەگەر حکومەت پشتیوانی خاوەن کێڵگەکان نەکات، ئەوا پرۆژەکە شکستدەهێنێت».

دەربارەی ئەوەش کە ئایا تەنیا لەناو شارەکاندا کار بەسیستمی گروپ دەکرێت، یاخود قەزاو ناحیەکانیش دەگرێتەوە، سەروەرکەریم، باسی لەوەکرد، سیستمی گروپ سیستمێکی بازنەیی تەواوکارە بۆ بەرهەمهێنانی گۆشتی سپی مریشکو ئەوەی لەدەرەوەی ئەو سیستمە بمێنێتەوە جێگەی نابێتەوەو ئەوانیش لای خۆیانەوە وەک کۆمەڵە هەموو خاوەن کێڵگەکانیان لەوە ئاگادارکردووەتەوە کە بچنە سیستمەکەوە.

ئەوەشی نەشاردەوە کە «ئێستا خاوەن کێڵگەکان نیگەرانن لەوەی کە لەلایەک لیژنەی قائیمقامیەت‌و پارێزگاو دروستیی ئاژەڵ ڕێگەیان پێنادەن مریشکەکانیان بە زیندوویی بفرۆشن‌و لەلایەکی دیکەشەوە حکومەت خۆی ڕێگریی ناکات لە هێنانی مریشک لەدەرەوەی هەرێم»، هەربۆیە سەروەر پێیوابوو، «ئێستا حکومەت خۆی خەڵکی فێری قاچاغچێتی کردووەو دەبینین لەچەندین گەڕەکی ناوشارەکاندا بەدزییەوە مریشکی زیندوو دەفرۆشرێت»

پێشیوابوو، یارمەتییەکانی حکومەت بۆ کەرتی پەلەوەر ئارامبەخشی کاتین‌و چارەسەری ریشەیی کێشەکان ناکەن‌و سیستمی گروپییش (١٠٠٪)کێشەی کێڵگە پەلەوەرییەکان چارەسەر ناکات، بەڵام دەتوانێت بەشێک لەکێشەکان چارەسەربکات.

هەرێمی کوردستان ساڵانە پێویستیی بە (٧٠)هەزار تەن گۆشتی سپی (مریشک) هەیە، بەڵام بە وتەی سەروەرکەریم کێڵگە پەلەوەرییەکانی هەرێم لەتوانایاندایە ساڵانە (٨٠)هەزار تەن گۆشتی مریشک بەرهەمبهێنن‌و ئەوەی کە زیادە دەتوانرێت ڕەوانەی دەرەوەی هەرێم بکرێت.



یەکێتی لە دوای (٢٥)ی تەممووز

بەهرۆز عەلی


شکستی یەکێتی شکستێکی هەروا سانا نییە وەک سەرکردایەتی ئێستای یەکێتی لێی تێگەیشتووەو لەبری ئەوەی ئەم شکستەی بخاتە لیکۆڵینەوەو دیراسەیەکی وردەوە، بە پێوەری زانستییانەی وردبیر لە چارەسەرو چاکسازیی بکاتەوە، کەچی بە هەمان ئالییەتی پێشوو کار دەکات وەک دەرکردنو گواستنەوەو نانبڕین

قەیرانی یەکێتی لە دوای بیستو پێنجی تەممووزی ئەمساڵ جیاواز لە هەموو قەیرانەکانی پێشووی ئەوەندە سەخت بوو، گورزێکی وای لێدا، کە تووشی شکستێکی گەورەی بکات، گەر قەیرانەکانی رابردووی بریتیبووبێت لە تێکچوونی یا گواستنەوەی خانەیەک، یا کۆمەڵخانەیەک لە جەستەی یەکێتی، ئەوا لە دوای (٢٥)ی تەممووز، زۆربەی زۆری خانەکانی جەستەی یەکێتی خۆی گواستەوەو لە شوێنی خۆی نەما، زوونتر بڵێین، گەر جاران نەخۆشیی یەکێتی گەیشتبێتە ئاستی شێرپەنجە لە بەشێکی جەستەیداو پزیشکێکی باش توانای هەبوایە نەشتەرگەریی بۆ ئەو بەشەی بکاتو بە بڕینەوەی ئەو بەشە لە جەستەی یەکێتی چارەسەری قەیرانەکانی پێ بکردایە، ئەوا دوای (٢٥)ی تەممووز دەرکەوت گرفتەکانی یەکێتی لە شێرپەنجە تێپەڕی. گەرچی دوای هەڵبژاردنەکان سەرکردایەتی یەکێتی چەند کۆبوونەوەیەکی بەست بۆ هەڵسەنگاندی شکستەکانی، بەڵام پێدەچێت نەگەیشتبنە هیچ ئەنجامێک، جگە لە دانپیانانیان نەبێت بە ناواقیعی بوونیان لە کێشەی ململانێکانی پێشوویان.

سیمای یەکێتی لە ئێستادا بریتییە لە لاشەیەک، بۆدییەکی قەبارە بچووکو لاواز، سەرکردایەتییەکی فراوانو کۆمەڵێک داموەدزگاو دامەزراوەی زەبەلاحو پڕ مەسرەفو داموەدزگای بازرگانیو دارایییەکی زۆرو لاینگرانێکی کەم لەچاو ئەو قەبارە زۆرەی دەزگاکانی کە هەیەتی، سەرەڕای ئەمانە تائێستا یەکێتی بۆ فراوانبوونی قەبارەی هەیکەلیو ئۆرگانەکانیو مانەوەی کادیرانی ناوەندیی، پەنا دەباتە بەر ئیغراکردنی بە پارەو پێدانی پۆستو تەنانەت داتاشینی پۆستیش لە هەندێ حاڵەتدا، لە بەرامبەر ئەوەدا پەنا نابات بۆ ئەدایی سیاسیی باشو کومەڵێک میکانیزمی تەندروست تا دۆستو لایەنگری پێ پەیدا بکاتەوە.

ئێستاش کە باس هاتووەتە سەر ئەوەی یەکێتی خۆی باش بکات، دەشێ بپرسین کوێی باش بکاتەوە؟ ئەوەی ئێستا دەبینرێت لە ناو یەکێتیدا تەنیا سەری لاشەکەیەتی، کەواتە گۆڕانکاریی لە کوێی خۆیدا دەکات؟ بۆیە جێگەی دڵەڕاوکێ نییە گەر بڵێین بەبێ گەڕانەوەی خانەکانی بۆ ناو لاشەی یەکێتی، چارەسەری دیکە نییە، کە مەحاڵە ئەم خانانە جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆ ناو لاشەیەک کە سەرەکەی، سەرکردایەتییەکەی ئەوەندە ناواقیعیی بووبێت درکی بەم هەموو کێشانەی پێشووی نەکردبێتو دەستەوسانو دەستوپێ سپیکەو هەندێ جاریش لامووبالاتو بێخەم بووبێت بەرامبەر گەندەڵییەکانو بێ ئەمەکیش بوو بەرامبەر بە ریفۆرمیستەکانی ناوخۆی تا ئەو ڕادەیەی بێ سڵکردنەوە پێیان بڵێین، یەکێتی لەسەر کەس پەکی ناکەوێت! بۆیە هەر هەوڵێکی چارەسەرکردن کە لەلایەن سەرکردایەتی یەکێتییەوە بدرێت ئەوەندەی دیکە بە زیانو ئاڵۆزتربوونی قەیرانەکانی دەشکێتەوە، چونکە تائێستاش ڕێگە چارەکانی یەکێتی درێژە پێدەری هەمان ڕێگە چارەی پێشوویەتی کاتێک کە دەنگی ناڕەزایی و دەنگی ریفۆرم سەری هەڵدەدا سەرکردایەتی دەستڕۆیشتوو بە هەر شێوەیەک کە بۆی دەلوا هەوڵی کپکردنەوەی ئەو دەنگانەی دەداو بەمەش مەداو پانتایی گەندەڵی لەناو خۆیدا فراوانتر کردو قەیرانەکانیشی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەسەر یەکتر کەڵەکە بوون، خۆیان وتەنیش لە (٢٥)ی تەممووز تووشی سەدمەیەکی گەورە بوون کە پێشبینی شتی لەو جۆرەیان نەدەکرد! کەواتە شکستی یەکێتی شکستێکی هەروا سانا نییە وەک سەرکردایەتی ئێستای یەکێتی لێی تێگەیشتووەو لەبری ئەوەی ئەم شکستەی بخاتە لیکۆڵینەوەو دیراسەیەکی وردەوە، بە پێوەری زانستییانەی وردبیر لە چارەسەرو چاکسازیی بکاتەوە، کەچی بە هەمان ئالییەتی پێشوو کار دەکات وەک دەرکردنو گواستنەوەو نانبڕینو لە بەرامبەریشدا کڕینی لایەنگری تازەو دوورخستنەوەی نووسەرو ڕۆشنبیرە واقیعییەکانیو دەرخستنی ڕۆژنامەنووسو وتارنووسە تەشەنە سەندووەو سودمەندەکانی، ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لە ڕێگەی پێدانی پارەی مۆڵو ئۆتۆمبیلی لۆکو پۆستی بااڵوە بۆ شەڕی هەراسانکردنی بەرامبەرەکەی ئاراستەیان دەکاتو دایان دەمااڵێت لە ئیرادەو مەبدەئەکانیان.

کەواتە مادام هەوڵەکانی دەرپازبوونی یەکێتی لەم قەیرانە قوولە پشت بە هەمان ریوشوێنەکانی پێشوو دەبەستێت، ئەوا هەوڵەکانیان زیاتر بێهودەو عەبەسیانە دەبێتو لە ئایندەدا هەمان چارنوسی (٧/٢٥)و لەوەش گەورەترو فراوانتر چاوەڕێیان دەکات.



ئەرکی ئۆپۆزسیۆن لە بەرامبەر دەسەاڵتدا

ڕەزا جەبار

بەهۆی سێیەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە واقیعی سیاسیی کوردستاندا لە هەرێمی کوردستان گۆڕانو وەرچەرخانێکی گەورەی بەخۆوە بینیوە، ئەمەش بە دەرکەوتنو دروستبوونی هێزێکی جەماوەریی نوێ کە نوێنەرایەتی بریارەکانی ئەو هاوڵاتیانە دەکات بوونە هۆکاری دروستبوونی ئەم هێزە سیاسییە نوێیە لەم هەرێمەدا. ئەم هێزە لە بەرامبەر هەریەک لە دوو هێزە دەسەاڵتدارەکەی هەرێمی کوردستان وەک ژمارەی کورسی، وەک نوێنەرایەتیکردنی کۆمەاڵنی خەڵک هیچی کەمتر نییە لەوان، ئەمەش بەو مانایەی کە ئەم لیستە لە دەرکەوتنیدا هۆکاری سەرەکی بوو بۆ ئەوەی کە هیچکام لە هێزە سیاسییەکان نەتوانن بە تەنیاو بە ناوی نوێنەرایەتیکردنی زۆرینەی کۆمەڵگەوە حوکمڕانی هەرێمی کوردستان بکەن، ئەگەرچی بۆ پێش دەرکەوتنی ئەم لیستەش ئەم قسەیە ڕاستبوو، بەاڵم پێشترو لە سەردەمی یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا بەهۆی نەبوونی هێزی سێیەمو قبوواڵنەکردنی هیچکام لە دوو هێزە سیاسییەکەی دیکە بۆ ئەوەی ببێت بە هێزی دووەم وایکرد لە سەرەتای حوکمڕانیکردنی کوردیدا نموونەیەکی ئێجگار خراپو ناشیرین پێشکەشبکرێت لەڕێگەی هەڵگیرساندنی شەڕی خۆکوژیی ناوخۆوە.. پاشانیش بەهۆی سەپاندنی واقیعی سیاسیی ناوخۆییو ناوچەپیو جیهانیی ئەم دوو هێزە لە هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستاندا بە یەک لیست بەشداریانکرد لە پرۆسەکەدا بەبێ ئەوەی هێزێکی سیاسیی گەورە لە بەرامبەریاندا هەبێت، ئەمەش جارێکی دیکە بەڵگەی ئەو ڕاستییەبوو لەپاش ئەو هەموو ساڵە لە ئینسان کوشتن لەنێوانیاندا هیچ لایەکیان بڕوایان بەوەنەبوو بەجیا بچنە پرۆسەی خۆتاقیکردنەوەی جەماوەرییەوەو قبوواڵی ئەنجامەکان بکەن! هەر بۆیە پێکەوە دەسەاڵتیان دابەشکرد بەسەر یەکترداو هێزەکانی دیکەش هەریەک بەپێی قورسایی کەمو زیادی خۆی پشکی لە دەسەاڵتدا بەرکەوتو هێزێک نەمایەوە بەناوی ئۆپۆزسیۆنەوە خەمی خەڵکو چاودێریی دەسەاڵت بخاتە ئەستۆی خۆی.

کاتێک دەمانەوێت باسی دەسەاڵتێکی دیموکرات بکەین، هەڵە دەکەین ئەگەر لەگەڵیدا باسی ئۆپۆزسیۆن نەکەین، بە مانایەکی دیکە دەتوانین بڵێین دەسەاڵتو ئۆپۆزسیۆن نەک ناچنە خانەی دژایەتیکردنی یەکترەوە، بەڵکو هەردووکیان تەواوکەرن بۆ ئامانجێک کە لە سوودی گشتیی کۆمەاڵنی خەڵکدا خۆی دەبینێتەوە، بەاڵم هەریەکەیان بەپێی ئەو بەرپرسیارێتییە جیاوازەی دەکەوێتە ئەستۆیان چ وەک دەسەاڵتو چ وەک ئۆپۆزسیۆن. بە جۆرێک دەسەاڵت ئەرکی خزمەتکردنی کۆمەڵگەی دەکەوێتە ئەستۆ لەڕێگەی دامودەزگا جیاوازەکانی دەسەاڵتداریەتیو ئۆپۆزسیۆنیش ئەرکی چاودێریکردنیی کاروبارەکانی حکومەت لەڕێگەی نوێنەرانی لە پەرلەمانو دەستخستنەسەر کەڵێنو کەموکورتییەکان تا چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، هەروەک لە پەرلەماندا ڕێگەگرتن لە دەرکردنی هەر جۆرە یاسایەک کە خزمەت بە ئێستاو ئایندەی کۆمەڵگە نەکاتو لە بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵگەدا نەبێت..

لەمەودوا بە تەنیا ئەرکی دەسەاڵت قورس نابێت بەهۆی ئەو واقیعە سیاسییە نوێیەوە کە ڕووبەڕووی بووەتەوە، بەڵکو لە تەنیشتیدا ئۆپۆزسیۆن وەک هێزێک لە بەرامبەر دەسەاڵتدا ئەرکی گەورەو بەرپرسیاریەتی مێژوویی دەکەوێتە ئەستۆ، لەبەرئەوەی ئۆپۆزسیۆن لە شوێنێکی گرنگی وەک پەرلەماندا ئەرکی فشاری بەهێزە لەسەر دەسەاڵت بۆ نەهێشتنی هەموو ئەو دیاردە خراپانەی کە کۆمەڵگەی کوردی پێوەی گیرۆدەبووە، بێگومان ئەم ئەرکە هێندەی ئەرکی دەسەاڵتاریتی گرنگو پڕ بایەخە بۆ کۆمەڵگە. ئەمەش لەو ڕێگەیەوە دەکرێت کە کورسییەکانی پەرلەمان خاڵیبکرێنەوە لەو مانایانەی کە وەک ئیمتیاز تەماشادەکرێت بۆ ئەندامی پەرلەمان، بۆ ئەم مەبەستە دەبێت ئەندامانی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەماندا لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوودا ڕۆڵو قورساییەک بدەنە کورسییەکانی پەرلەمان کە هیچ هێزو لایەنێکی سیاسی وەک ئیمتیاز جورئەتی دانانی کەسێک نەکات بۆ سەر کورسی پەرلەمان، لەهەمانکاتیشدا ڕۆڵو قورسایی کورسی پەرلەمانی بە جۆرێک بایەخداربکرێت ئەگەر کەسێک توانای دانیشتنی لەسەر کورسییەکە نەبێت، جورئەت نەکات داوای ئەندامێتی پەرلەمان بکات.

لەلایەکی دیکەوە، بۆ ئەوەی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی گشتیی بکرێتە ئامانجی کارکردنی دەسەاڵتو پەرلەمانی کوردستان، پێویستە هەموو لیستو قەوارەکان بەو لیستەی کابینەی نوێی حکومەت پێکدەهێنێتو بە لیستەکانی دیکەشەوە کە ئەرکی ئۆپۆزسیۆن دەخەنە ئەستۆی خۆیان، دوور بکەونەوە لە هەموو ئەو گیانی ململانێ ناتەندروستەی لە ساتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردندا بەشێوەیەکی سلبی کاریگەریی بەسەر هەموواندا جێهێشتووە. لەهەمانکاتدا پێویستە پەرلەمانی نوێ بە هەردوو لایەنی دەسەاڵتو ئۆپۆزسیۆنەوە بە جۆرێک مامەڵەبکەن ئەو خوێندنەوە ناتەندروستەی وێناکردنی «بە دوژمنکردنی یەکتر» بسڕنەوەو لەسەر بنەمای دەسەاڵتو ئۆپۆزسیۆنێکی تەندروست مامەڵە لەگەڵ یەکتربکەن، تاوەکو لە دواجاردا بە هەردوولا بتوانرێت هەنگاوی عەمەلی بە ئاراستەی بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی کۆمەاڵیەتی بۆ کۆمەڵگەو تاکەکانی بنرێت.

یەکێکی دیکە لە ئەرکەکانی ئەندامانی ئۆپۆزسیۆنی دەسەاڵت لە ماوەی چوار ساڵی ئایندەدا دەبێت بە عەمەلی کارکردن بێت لەسەر ناساندنی چەمکی ئۆپۆزسیۆن لەلای کۆمەڵگە بەشێوەیەکی گشتیی. بە واتایەکی دیکە، بۆ ئەوەی قسەکردن لەسەر هەردوو چەمکی دەسەاڵتو ئۆپۆزسیۆن هەر وا بە تیۆریو لە چوارچێوەی نووسینو قسەکردندا نەمێنێتەوە، بۆ ئەوەی ئەم چەمکانە هەر بە تەنیا لەنێوان نوخبەیەکی دیاریکراودا گوزەرنەکاتو ببێت بە بابەتێکی ئاشناو ناسێنراو بە کۆمەڵگە دەبێت ئەندامانی ئۆپۆزسیۆنی نێو پەرلەمان بە جدیی چەمکی ئۆپۆزسیۆن لە تیۆرەوە بگوازنەوە بۆ زەمینی پراکتیکی، تاوەکو لەسەر ئاستی کۆمەڵگە بەگشتیی ڕۆڵو پێگەو کایەی کارکردنی لایەنی ئۆپۆزسیۆنو دەسەاڵت بە جیاوازییەکانی نێوانیان بناسرێنو تاکەکانی کۆمەڵگە تێبگەن کە کاری دەسەاڵتداریتیو کاری ئۆپۆزسیۆنبوون چییە.

کە جام پڕبوو لێی دەڕژێت



سالح ژاژلەیی

لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستاندا، کە لە (٢٠٠٩/٧/٢٥) ئەنجامدرا دوو راستی زۆر گرنگ بەرچاو دەکەوێتو شایانی ئاماژە بۆ کردنە. یەکەمیان ئەوە بوو، کە لە سنووری پارێزگای سلێمانی پرۆسەی هەڵبژاردن تا ئەندازەیەکی باش بە ئارامیی‌و بەبێ کێشەوگرفت بەڕێوەچوو، لە ئەنجامیشدا لیستی گۆڕان براوەی یەکەم دەرچوو و زۆرترین دەنگی هێنا.

لە بەرامبەر ئەوانەدا لیستی کوردستانی کە لە دوو پارتی گەورە پێکهاتبوون نەیانتوانی هێندەی دەنگەکانی لیستی گۆڕان ببەنەوە .

ئەوەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە جەماوەر لە دەسەلاتی پارتی‌و یەکێتی رازی نین ئەگەر بواریان هەبێت ئازادانە لەسەر سندوقەکانی دەنگدان دەنگی خۆیان بدەن ئەم دەسەلاتەی ئێستایان ناوێتو دەیگۆڕن.

پارتی خۆی بە براوە دەزانی لە پارێزگای هەولێرو دهۆکو ئۆبالی شکستی پارێزگای سلێمانیش دەخاتە ملی یەکێتییەوە. لەبەر ئەوە پارتی ئەمە بە هەڵێکی باش دەزانی بۆ خۆیی‌و هەوڵ دەدات هەموو مەرجەکانی خۆی بەسەر یەکێتیدا بسەپێنێو داوای بەشی شێر بکات.

لەگەڵ ئەوەی کە هەلبژاردن کۆتایی هاتووەو یەکێتی‌و پارتی براوەی یەکەم دەرچوون، بەڵام بەوە رازی نین‌و دەیانەوێت سزای ئەوانە بدەن، کە دەنگیان بە لیستی گۆڕان داوە لە ڕێگەی دەرکردن‌و نانبڕین‌و گواستنەوەو ئیهانەکردن‌و چاو سوورکردنەوەو تۆقاندنەوە.

ئەگەرچی ئەم کارە ناڕەوایانە لە هەموو شوێنێ دەکرێت بەرامبەر بە هەوادارانی لیستی گۆڕان، بەڵام لە سنووری دەسەلاتی یەکێتیدا توندوتیژیی زیاتری پێوە دیارەو بەرنامەی تایبەتی هەیە بۆ دەرکردنی هەموو ئەوانەی، کە سەر بە لیستی گۆڕان‌و دەیانەوێت تۆلەی شکستی خۆیان لە هەوادارانی لیستی گۆڕان بکەنەوە.

لە سەرەتاوە کە دەستیان کرد بە دەرکردن‌و نانبڕینی ئەوانەی کە سەر بە لیستی گۆڕانن وایان نیشان دەدا، کە ئەوان تەنیا ئەوانە دەردەکەن کە کادیری حیزبین‌و ئەوەشیان بە حەقی خۆیان دەزانی‌و حاشایان لێ نەدەکرد.

ئەمەی ئێستا ئەوەمان بۆ دەردەخات کە حکومەتی هەرێم هێزی پاراستنی خۆی نییەو ئەوەی کە ئێستا هەیە میلیشیای حیزبین‌و تایبەتن بە پارتی‌و یەکێتی‌و پارەی حکومەتیش بۆ ئەوانە خەرجدەکرێت.

ئەگەر ئاسایش‌و پۆلیس‌و پێشمەرگە هێزی پاراستنی هەرێمن‌و سەر بە حکومەتن ئەی بە چ یاسایەک ئەوانە دەردەکرێن‌و نانبڕاو دەکرێن؟

ئەگەر بە وردی سەیری ئەم بارودۆخەی ئێستا بکەین بەراوردی بکەین بە کاتی دەستپێکردنی بانگەشەی هەلبژاردن‌و سەیری پەرچەکردارەکانی پارتی‌و یەکێتی بکەین ئەمە سەرەتای زەنگێکی مەترسیدارە.

یەکێتی تووشی شکست‌و دۆڕان بووە لە گەورەترین بنکەی خۆی کە سلێمانییە، دەبوایە ئێستا بەدوای هۆکاری شکستەکانیدا بگەڕێو باوەشی بکردایەتەوە بۆ هەموو ئەوانەی کە تووڕەبوون‌و تۆراون، نەک بیر لەوە بکاتەوە تۆلەیان لێ بکاتەوە لە ڕێگەی مووچە بڕینیانەوە.

پارتی‌و یەکێتی لەبری ئەوەی بارودۆخەکە هێور بکەنەوەو هەوڵبدەن، کە هەموو لیستو قەوارەکان یەکتری قبووڵ بکەن‌و بۆ بەرژەوەندیی گشتیی کار بکەن، هەوڵ دەدەن قەپرانەکە گەورەتر بکەن‌و زیاتر خەڵکی تووڕەبکەن‌و رقیان هەلسێنن بۆ ئەوەی کاردانەوەی خراپیان هەبێت.

ئەمانە داوا دەکەن حکومەت لە حیزب جیا بکرێتەوە، سوپایەکی پاراستنی هەرێم هەبێ لە جیاتی میلیشیای پارتی‌و یەکێتی، میزانیپە ئاشکرا بکرێت، چاکسازیی‌و پاکسازیی بکرێت، گەندەلیی بنەبڕ بکرێو لێپرسینەوە لەوانە بکرێت، کە سامانی وڵاتیان بە تاڵان بردووەو عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەستەبەر بکرێو سامانی یەکێتی ئاشکرا بکرێت.

سەرکردایەتی کورد شکستی گەورەیان لە بەغدا تووش هاتووەو دەیانەوێت لە ڕێگەی ئەم ئاژاوەنانەوانە ئەوەمان لەبیر بەرنەوە.

ئەو هەموو بەرپرسە گەورانەی کورد لە بەغدا نەیانتوانیوە دەستکەوتی گەورە بۆ کورد بەدەستبهێنن‌و هەر خەریکی مووچە وەرگرتن‌و خۆدەوڵەمەندکردنبوون‌و داکۆکی تەواویان لە مافەکانی کورد نەکردووە.

نەیانتوانی کاریگەرییان لەسەر کوردە فەیلییەکان هەبێت، ئەوەتا خۆیان کۆنگرە دەبەستن‌و بەجیا بەشداریی هەلبژاردن دەکەن.

هەتا ئێستا ئەوە یەکلایی نەکراوەتەوە، داخۆ ئەو (١٠٠) هەزار کوردەی دوای ساڵی (٢٠٠٧) گەڕاونەتەوە کەرکوک هەقی دەنگدانیان هەیە؟. کەرکوکو ناوچەدابڕاوەکان هەروەکو خۆیەتی‌و ئەوە ڕۆڵی کوردیش لە پارێزگای موسڵ بە چاوی خۆمان دەیبینین.

ئەم دەسەلاتەی ئێستای کورد بڕوای بە ئازادیی‌و دیموکراسی نییەو نایەوێت بە شێوازی شارستانی‌و سەردەمیانە حوکمڕانی وڵات بکرێو ئەوە ئەرکی ئێمەیە، کە چیتر نەبینە پاشکۆی ئەوانەو نەبینە شەریکی کردەوەکانیان‌و سامانی وڵات بۆ هاوڵاتیانی ئەم هەرێمە بگەڕێتەوە.

سەردانەکەی جۆن مەککەین متمانەدانێکی دیکە بە گۆڕان



فەرەیدون حەمەڕەشید

لە شەترەنجی سیاسیدا هەمیشە دانپێدانان بەهێزی سیاسی‌و خوێندنەوەو دەستراکێشان بۆ ئەو هێزە سیاسییەو کۆبوونەوەی دووقۆڵی لەسەرمێزی دایەلۆگو راگۆڕینەوە، نیشانەو پەیامی متمانەدانە بەو هێزە کە لەناو هاوکێشەسیاسییەکانی ئەوپانتاییە جوگرافییەدا گەمەی سیاسی دەکات.

ڕۆژی شەممەی رابردوو (٢٠٠٩/٨/١٥) لەهاتنی شاندی سیناتۆرە ئەمریکییەکان بۆ عێراق‌و کوردستان، وەفدی دیبلۆماتە ئەمریکییەکان بە سەرۆکایەتی دیبلۆماتی ناسراو جۆن مەککین لەگەڵ نوێنەرایەتیی لیستی گۆڕان کۆبوونەوەیەکی دووڵایەنەیان ئەنجامدا.

لەبەرامبەر داناپێدانان بەهەر ڕەوتو بزووتنەوەیەکی سیاسی‌و جەماوەریی لەلایەن هێزێکی مەزنی وەک ئەمریکاوە، مایەی هەلوەستەکردن‌و خوێندنەوەی قوواڵی لەسەرمێزی دایەلۆگو ئەگەری باوەڕهێنانە بە سەنگ‌و جەماوەریبوونی ئەوهێزە. ئەمڕۆ ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرۆکایەتی نەزمی نوێی جیهان‌و بەرەی دژەتیرۆری جیهانی دەکات، هەروەها لەناو مەحفەلەسیاسییە نێودەوڵەتییەکاندا ئەم هێزە خاوەنی بڕیاردانی سیاسی‌و ئەجێندای تایبەت بەخۆی هەیە لە کایەکانی سیاسەتدا، کەواتە متمانەدانی ئەم هێزەجیهانییە بە لیستی گۆڕان واتە گۆڕان وەک سەنگێکی هێز بەئەژماردێت.

قسەکردنی دیبلۆماتەئەمریکییەکان لەسەر ڕەوشی سیاسی‌و ئەنجامی هەلبژاردنەکانی (٢٠٠٩/٧/٢٥)و پیرۆزباییکردن لەسەرکەوتنەکانی لیستی گۆڕان پێویستی بەخوێندنەوەی پرمەغزاو شیتەلکردنی سیاسیی ورد هەیە کە ئیتر ئەم هێزەجەماوەرییەی کوردستان وەک ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینە لەسەرئاستی نێودەوڵەتی فۆرمەلە دەکرێت.

وڵاتانی خۆرئاوایی‌و تایبەتر ئەمریکا هەمیشە لەدروستبوون‌و دەرکەوتنی هێزی ئۆپۆزسیۆن لە ناوچەکەو تەواوی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست‌و قەوقاسدا گومان‌و گرینانەی خۆیان بۆ وابەستەیی ئەو هێزە ئۆپۆزسیۆنانەدەکەن کە کاریگەرنەبێت بەنفوزو تێزەکانی وڵاتانی ئیقلیمی نەیار بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاو خۆرئاوا لەناوچەکەدا.

لیست‌و قەوارەی گۆڕان بەو بەرگو پێگەجەماوەرییەی هاتووەتە مەیدان بۆ ئالوگۆڕی سیاسی، دەبێتە ئۆپۆزسیۆنێکی کارا، لەم نێوەدا دلنیایی تەواوی بۆ ئەمریکییەکان‌و خۆرئاواییەکان لەگەڵ خۆیداهێنا کە ئەم قەوارەو ئۆپۆزسیۆنە نوێیە، نەهاوپەیمانی سیاسی‌و ئایدۆلۆژی وڵاتانی ناوچەییە، نە پارێزەری هیچ بەرژەوەندییەکی ئەو وڵاتانەش دەکات کە هاوتەریب نین لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خۆرئاواو وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، جگە لەنوێنەرایەتیکردنی ڕاستەقینەو ڕاستەوخۆی خەڵکی کوردستان نەبێت بۆ هێنانەدی داخوازی‌و مافەکانیان چ لەسەرئاستی کوردستان‌و چ لەسەرئاستی عێراق.

هەر لەم ڕوانگەو شیتەلکردنەوە ڕۆژو مانگەکانی ئایندە شایەتی چەندین سەردان‌و پشتیوانی خۆرئاوا دەبێت بۆ ئەو ئۆپۆزسیۆنەی لەکوردستاندا دروستبووەو ئاڵاو چەمکی گۆڕانی سیاسی بەرزکردووەتەوە. ئەم سەردان‌و پەیوەندیگرتنە لەسەرئاستێکی بەرزی وەک نوێنەرانی شاندی ئەمریکی هەموو ئەو پڕوپاگەندەو بانگەشانەی ئاوەژووکردەوە کە لەبەرامبەر شکست‌و سەرنەکەوتنی گۆڕان دەوتران، ئیدی لێرەوە دەبێت دەسەلاتی لۆکاڵی کوردی بەنپەتێکی تڕو بەنەفەسێکی قبولکراوو لێبوردەوە لە گۆڕپانی سیاسیدا دان بەسەرکەوتنە بەرچاوەکانی ئۆپۆزسیۆن‌و سەنگی سیاسیی ئەم هێزە نوێیەدا بهێنێت.دەکرێت لیستی گۆڕان لە دانیشتن‌و گفتوگۆکانی ئایندەدا لەگەڵ نوێنەرایەتییەکانی جیهانی دەرەوە ڕاشکاوانەتر لەسەر داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان‌و کاراکردن‌و هەوڵدان بۆ پرسی دیموکراسی قسەی خۆی بکات، لێرەوە دەکرێت خەڵکی کوردستان جارێکی دیکە لە ڕێگەی ئۆپۆزسیۆنێکی خۆڕسک‌و ڕاستەقینەوە پەیوەندییەدیبلۆماتیەکانی خۆی لەجیهانی دەرەوە فۆرمات بکاتەوە، بەهۆی بوونی پێودانگەکانی ئۆپۆزسیۆنبوونی ڕاستەقینە لەناو بزووتنەوەی گۆڕاندا، بوونی جەماوەرییبوونی بەرفراوان لەدەوری شورای گۆڕاندا، ئەو گاریگەرییە ڕاستەوخۆیەی دروستکرد کە نوێنەرانی کونگرێسی ئەمریکی جگە لە دانیشتن‌و گفتوگۆکانیان لەگەڵ دەسەلاتی سەرۆکایەتی عێراق‌و هەرێمی کوردستان، کۆبوونەوەی ڕاستەوخۆی دووقۆڵی لەگەڵ لیستی گۆڕان‌و دەرکەوتنە بەرچاوەکانی لیستی گۆڕان ئەنجام بدات... لێرەوە سەرکەوتنەکانی لیستی گۆڕان‌و دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە لە کوردستان لە ئاستی کوردستان‌و ناوچەکەو خۆرئاوادا بە ڕەسمیی دانپێنراو دەبێت، کەواتە ئیتر دەتوانین بڵێین سەرەتای گۆڕانی سیاسیی لەهەرێمی کوردستان بە ئاراستەی پۆزەتیڤ دەستپێدەکات، ئیدی متمانەو دەستگرتن‌و پارێزگاریکردن لەم بزووتنەوەسیاسی‌و جەماوەرییە ئەرکی هەموولایەک دەبێت کە پارێزگاری لێبکات، بۆ بردنەپێشەوەو بەدەستهێنانی مافەمەدەنی‌و دیموکراتییەکانی خەڵکی کوردستان.

faraidun_73@hotmail.com

ئۆپۆزسیۆنی تەواوکەر!!

فاروق عەبدوڵڵا

«ئێمە ئۆپۆزسیۆنێکمان ناوێت بەیانیان لە پەرلەمان ئامادەبێت لەگەلمان‌و پاش نیوەڕوان دژایەتیمان بکات».

تەجروبەکەی ئێمە تازەیەو هێشتا زەمینەی ئۆپۆزسیۆن دروستبوون پەیدا نەبووە، ئێمە ئەگەر هەر ئۆپۆزسیۆنیشمان پێ باش بێت ئۆپۆزسیۆنێکمان دەوێت، کە ((تەواوکەرمان بێت))...

ئەمانە چەند دێڕێکی هەلبژێردراون لەو تەسریحات‌و ڕوونکردنەوەو هەلوێستگیریانەی کە ڕابەرانی یەکێتی‌و پارتی لە دوای پرۆسەی هەلبژاردن‌و ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان دەیدەن بە گوێماندا.

هەرکەس لەم چەند ڕۆژەی ڕابردووودا بە وردی سەرنجی دابێت لە ڕاگەیاندنی بەرەی دەسەلات، بە ئاشکرا ئەوەی بۆ دەرکەوتووە، کە بەڕاستی لیستی کوردستانی هەلمەتێکی سیاسیی‌و ئیعلامیی زۆر جدی بە بەرنامەی دەستپێکردووە، کە ئامانج لێی فشاردانانە بۆ سەر هەموو ئەو لایەن‌و کەسانەی کە ئیدیعای ئۆپۆزسیۆنبوون دەکەن، بە مەبەستی لە قالبدان‌و پاشەکشە پێکردنیان یاخود لانیکەم هەوڵێکە بۆ ئەوەی بە لێکدانەوەی خۆیان کارێک بکەن کە گۆڕانێک لە ئاراستەی سیاسیی‌و ئیعلامی ئۆپۆزسیۆندا دروستبکەن‌و لە کورتماوەدا کەمترین سەر ئێشەیان بۆ دروست ببێت‌و لە درێژ ماوەشدا ئەم ئۆپۆزسیۆنە بکەنە تەواوکەری خۆیان (بە قەولی ئەوان). یان بە واتایەکی دیکە بەیانیان لە پەرلەمان بڵێ؛ بەڵێ‌و پاش نیوەڕوانیش شتی نوێی پێ نەبێت‌و بەلێنەکەی بەیانیانمان بۆ گەرم بکاتەوە! بەڕاستی سەیرە ئەم دەسەلاتە ئەگەر بۆ تەکتیکی سیاسیی و دیبلۆماسیەتیش بێت باش وایە کەمێک هاتوهاواری دیموکراسی‌و ئۆپۆزسیۆن قبوولکردنەکەیان بڕەوێتەوە دواتر بکەونە هێرش بۆ سەر نەیارەکانیان‌و ئۆپۆزسیۆن. سەیرە سەرەتای هەفتەیەک ئۆپۆزسیۆنت قبوڵ بێت‌و کۆتایی هەفتەکە تەنانەت هەڵمەت بۆ سەر ئۆپۆزسیۆن بگاتە ئەوەی تیۆریزەی ئەوە بکەی، کە هێشتا زەمینەی ئۆپۆزسیۆن دروست نەبووە لە کوردستاندا.

هەڵبەتە وەکو وتم؛ ڕەنگە لەڕووی تەکتیکی‌و دبلۆماسیەتی سیاسییەوە ئەمانە سەیر بن، ئەگینا لەڕووی فیکری‌و پایە سیاسیی‌و فیکرییەکانی ئەم دەسەلاتەوە ئەوە دەمێکە ڕۆشنبووەتەوە هەر لە سەرەتاوەو دوای ڕاپەڕین ئیتر هێرش بۆ سەر ئۆپۆزیسیۆن دەستپێکردووەو تابووری پێنجەم‌و گێرەشێوێن‌و ... هتد، ئەو زاراوانە تەمەنیان لەگەڵ ئەم دەسەلاتەدا یەکسانە، هەر ناڕەزایەتییەک‌و بەڵێ نەکردنێک بۆ دەسەلات دەمێکە وەڵامی خۆی وەرگرتووەتەوە هەر بۆیە ئۆپۆزسیۆنی جدیی نەک پاشەکشە ناکات لەم هەلمەتی دوای ڕاگەیاندنەیان بگرە دەبێت شەڕی یەکەمی لەسەر خودی حورمەتی زاراوەی ئۆپۆزسیۆن بێت‌و ڕێگر بێت لە بەردەم ئەو هەلمەتی ناو ناتۆرەو تاوان بەخشینەوانەی، کە بەرامبەر ئۆپۆزسیۆن دەکرێت.

هەڵبەتە ئۆپۆزسیۆن‌و ناڕەزاییبوون بەرامبەر دەسەلات کارداندانەوەیەو خودی دەسەلات ئۆپۆزسیۆن وەکو (رد الفعل) دروست دەکات‌و سڕینەوەی دەسەلات بۆ ئۆپۆزسیۆن بەپێی ئەم هاوکێشەیە سڕینەوەی دەسەلات خۆیەتی.

بەم پێیە تەمەنی ئۆپۆزسیۆن‌و دەسەلات جیا ناکرێتەوە، دەسەلات‌و ئۆپۆزسیۆن دوانەی واقیعێکن. بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ خودی ئۆپۆزسیۆن ئەوەیە، ئەم ئۆپۆزسیۆنە چۆن ئاراستە دەکرێت؟ پایە سیاسیی‌و کۆمەڵایەتییەکانی چین؟ سیستمی ئیدارەی ئۆپۆزسیۆنیزم چیە؟... هتد.

ئەمڕۆ دەسەلات‌و لیستی کوردستانی بەپلەی یەکەم‌و لە هەنگاوی یەکەمدا هەوڵیان داوە (لیستی گۆڕان) بکەنە نیشانەو لێرەشەوە دەیانەوێت هێرشێکی هەمەلایەنەو بەرفراوان بۆ سەر تەواوی ئۆپۆزسیۆن دەستپێبکەن‌و شکستپێهێنانی لیستی گۆڕان‌و یاخود لانی کەم کردنی بە ئۆپۆزسیۆنێکی خوازراوی خۆیان (ئۆپۆزسیۆنی تەواوکەر) بەگەورەترین سەرکەوتن بۆ ئایدیای خۆیان دەزانن لە هێرشیاندا بۆ سەر ئۆپۆزسیۆن‌و بەم پێیە ئەمە شەڕی مێژوویەکی زۆر دوورتریشە لەگەڵ نەیارەکانیان. بەهەرحاڵ دەسەلات چی دەڵێت‌و ئامانجی چییە ئەوە بۆ خۆیان دەمێنێتەوە سەرخودی ئۆپۆزسیۆن‌و بەرنامە سیاسیی‌و فیکرییەکان‌و مامەڵەکردنی لەگەڵ پێگەی سیاسیی خۆیدا وەکو ئۆپۆزسیۆن.

لێرەدا باس لەسەر ئۆپۆزسیۆن ناکەمە بابەتی سەرەکی‌و هەڵسەنگاندنی ئۆپۆزسیۆن‌و ئەرکەکانی...هتد، دەکرێت شوێنی باسێکیتر بێت. بەڵام بەگوێرەی واقیعی ئەمڕۆ بە حوکمی ئەوەی کە لیستی گۆڕان لە نێوەندی بازنەی هێرشەکەدایە‌و دەسەلات کردوویەتییە مەدخەلی هێرشە سیاسیی‌و ئیعلامییەکەی، پرسیارێکی گەورە دەکەوێتە بەردەم ڕابەرانی لیستی گۆڕان... زۆر بە کورتی .. ئەو ئۆپۆزسیۆنە دەبێت کە مەبەستی عەدالەتی کۆمەڵایەتی‌و ئازادییەو ڕەفاهی کۆمەڵگەی مەبەستە، یاخود ئۆپۆزسیۆنی تەواوکەر؟!!

نامەیەک بۆ بەڕێزان: بەڕێوەبەریەتیی گشتیی فڕۆکەخانەی (سلێمانی) نێودەوڵەتیی و بەڕێوەبەریەتیی گشتیی ئاسایشی سلێمانی

د.بەهزاد عەلی



یەکێک لە پڕۆژە هەرە گرنگ و ستراتیژییەکانی ئەم ساڵانەی رابردوو لە هەرێمی کوردستاندا، پڕۆژەی دروستکردن و کردنەوەی فڕۆکەخانە نێودەوڵەتییەکانی هەرێمی کوردستانە، کە بە دڵنیاییەوە دەڵێین پڕۆژەی دروستکردنی فڕۆکەخانەکانی شاری هەولێرو سلێمانی وەرچەرخانێکی مێژوویی بوون بۆ لابردنی کۆسپو تەگەرەی بەردەم جێبەجێکردن و هێنانەکایەی پڕۆژە گرنگەکانی پەیوەندار بە ئاسایشی نەتەوەییمانەوە. ئەم پڕۆژانە جگە لە گرنگی بە نێودەوڵەتیکردنی هەرێمەکەمان، خزمەتگوزاریی و کارئاسانیکردنێکی بەرزیشن لە مێژووی میللەتەکەماندا بۆ دانیشتوان و میوانانی هەرێمەکەمان، لەبەرئەوەی زۆر گرنگە و ئەرکێکی نیشتیمانیشە لە سەر هەموو هاوڵاتییەکی دڵسۆز کە بە شانازییەوە کار بکات بۆ بەردەوامبوون و بەرەوپێشچوون و پەرەسەندنی ئەم جۆرە پڕۆژانە لە کوردستاندا.

من بەش بەحاڵی خۆم زۆر هەست بە شانازی دەکەم کە دەچمە بەردەم ئەو هاوڵاتییە کارمەندە گەنجو ماندووە بەڕێزانەی فڕۆکەخانەکە کە هەوڵدەدەن لەگەڵ هەموو کەموکوڕییەکی مەشق و تەکنیکیشدا، کارەکانیان بە جدیی و بەڕێزەوە جێبەجێبکەن.

شانازیکردنی من لەو ڕوانگەیەوە سەریهەڵداوە کە بۆ یەکەمجارەو شتێکی تازەیە، پاش ساڵانو سەفەرکردنێکی زۆر کە ببینم ئەم جۆرە کارماندانە هەر لە پۆلیسو ستافەکانی دیکەشەوە بە زمانی کوردی دەدوێن.

لێرەدا زۆر بەداخەوەو لە ڕوانگەی هەستکردنم بەئەرکێکی نەتەوەییەوە بەرامبەر بەم پڕۆژە پیرۆزو دەستکەوتە نیشتمانییە، ئاماژە بکەم بۆ کارێکی زۆر نایاسایی کە لەم فڕۆکەخانەیەدا بەدیدەکرێتو بەڕاستی کارێکی زۆر ناشارستانییەو وێنەی نابینم لە فڕۆکەخانە نێودەوڵەتییە جیهانییەکانی دیکەدا، ئەویش هەبوونی بەشێکی تایبەتییە کە بەکاردەهێنرێت لەلایەن کەسوکارو خزمو برادەرانی هەندێک لە بەر پرسەکانەوە. ئەو بەشە کە بەناوی بەشی (تەشریفات)ەوەیە، دەکرێت لە هەندێک وڵاتدا هەبێتو بکرێتەوە بۆ میوانێکی زۆر گرنگی دەرەکی کە سەرۆکی وڵاتێکی میوان بێت، یاخود نوێنەرێکی بەرز بەکارێکی فەرمیی بێتو بڕوات، بەڵام زۆر بە داخەوە ئەم بەشە لە فڕۆکەخانەکەی شاری سلێمانی زۆر بە ئاسانیو بەبێ هیچ هۆکارو بنەمایەکی یاسایی بەکاردەهێنرێتو دەکرێتەوە بۆ ژنو منداڵو کەسو خزمی هەندێک لەبەرپرسەکان. لێرەدا دەبێت بپرسین، ئایا بە چ مافێک، یان بە چ یاسایەکی نێودەوڵەتی گەشتیارێک بەبێ وەستانی خۆی لەبەردەم پۆلیسی فڕۆکەخانەکەدا بۆ کۆنترۆلکردنی خۆیو پەساپۆرتەکەیو بەراوردکردنی، یاخود پشکنینی خۆیو جانتاو شتومەکی بچێتە ناو فڕۆکەکەوە؟ بەبێ ڕێزگرتنو ڕێزلێگرتنی مافی گەشتیارەکانی دیکە کە بەدڵنیاییەوە تەنانەت منداڵو پیرو پەککەوتەشیان تێدایە. ئایا ئەم سۆپەر گەشتیارانە کە وا کارئاسانییان بۆ دەکرێت بەهەمان فڕۆکە نافڕن، یان کە دەگەنە ئەو وڵاتەی بۆی دەچن یان لێوەی دەگەڕێنەوە بە هەمانشێوە گوزارشتیان لێدەکەن تا بڵێین ئەمانە بەربەستی دیبلۆماسییان هەیە؟ ئایا ئەم سۆپەر گەشتیارانە دوێنێیان لەبیرچووەتەوە کە بە بەراورد بە باری قۆناغێکە لە نێوان وابەستەیی و سەربەخۆییدا، لەم قۆناغەدا گەنجان ئامادە دەکرێن بۆ ئەوەی هەندێک ڕۆڵو کار لەئەستۆ بگرن بەدرێژایی تەمەنی گەورەیی، دەزانین کە بە کۆمەڵایەتیکردن لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە جیاوازە، بۆیە چەند ماوەی فیرکردن زیاد بکرێتەوە هێندە ژمارەی ئەوانە زیاد دەکات کە هێشتا نەگەیشتوونەتە تەمەنی گەنجێتی، لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا تەمەنی گەنجێتی درێـژەو پڕۆسەی بە کۆمەڵایەتیکردن کۆتایی نایەت لە تەمەنێکی دیاریکراودا، یەکێک لە گرنگترین جۆرەکانی بە کۆمەڵایەتیبوون فیربوونە بۆ پێگەیشتن لە کۆمەڵگادا، هەروەها گەیشتنە بە ژیانێکی ئاسوودەترو خۆشگوزەرانتر، دیارە کە بە کۆمەڵایەتیبوون لە تەمەنی منداڵیدا گرنگیو کاریگەریی لەهەموو قۆناغەکانی دیکە زیاترە، بەڵام ئەوە لە نرخی بە کۆمەڵایەتیبوون کەم ئێرانەوە، هەتا پەنابەرنە بەر کاری نایاسایی، یان ئەم کارە نایاساییە هەر بۆ ئەوە دەکەن کە یاسا پێشێل بکەن لە هەرێمەکەدا، بۆ ئـەوەی بیسەلمێنن کە لە کوردستاندا مرۆڤەکان لە بەرامبەر پاسادا جیاوازن و یاسا سەروەر نییە، یان بڵێین خۆشبەختانە لای ئێمە لە کوردستاندا زۆر بە ئاسانی هەر بانێک دوو هەوای هەیە، هەوایەک بۆ هەندێک لە بەرپرسانو خزمو کسوکاریان، هەوایەکی دیکەش بۆ میللەت.

لە کۆتاییدا ئومێدەوارم کە ئەم نامەیە خاڵ بخاتە سەر وشەکانو هاندانێک بێت بۆ بەڕێزتان بۆ قەدەغەکردنو ڕێگاگرتن لە دووبارەبوونەوەی ئەم جۆرە کارە نایاساییو نارەوایانە لە فڕۆکەخانە پیرۆزەکانماندا، بۆئەوەی ئەم جۆرە کارانە نەبێت بە پاساو و هۆکارێک بۆ داخستنی فڕۆکەخانەکانمان لە داهـاتـوودا، کە ئێمە هـەردەم داوای سەرکەوتنو بەرەوپێشچوونو بەردەوامییان بۆ دەخوازین.

bahzadr@yahoo.se

پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیکردنی گەنج لە کۆمەڵگای کوردیدا

دەشتی بەرزەواری

دیـارە کە بە کۆمەڵایەتیکردن یان بـە کۆمەڵایەتیبوون پرۆسەیەکە هەر لەگەڵ لەدایکبوونی مرۆڤ لە منداڵییەوە دەستپێدەکات، بـۆئـەوەی مـرۆڤ خۆی بناسێت پاشان دەوروبـەری بناسێت. لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا گرنگییەکی زۆر بە کۆمەڵایەتیبوونی گەنج دەدرێت، تا تاکی گەنج هەست بەو ڕۆڵەگرنگەی خۆی بکات کە لەناو کۆمەڵگادا هەیەتی یان پێیدەرێت، چونکە کۆمەڵگا پێویستی بەهێزی کاری شـارەزا هەیە بۆ بەرەوپێشچوونی خۆی، بـەڵام لە کۆمەڵگاکانی جیهانی سێیەمدا ئـەوە بـەرچـاو نـاکـەوێـت و مرۆڤەکان یەکسەر لە منداڵییەوە دەگوازرێنەوە بۆ پیربوون بەمانا بایۆلۆجییەکەی نا، بەڵکو بە مانا کۆمەڵایەتییەکەی، چونکە چۆن لایەنی بایۆلۆجی مرۆڤ بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕدەبێت، ئـاواش پێویستە قۆناغی بە کۆمەڵگای ئێمەدا منداڵ پێش گەیشتنی بە قۆناغی پێگەیشتن دەمکوتدەکرێت بەرامبەر بە داخـوازیو پێویستییەکانی، پێیدەڵێن تۆ گـەورەی ئەم داخوازییە منداڵانەیەو شووڕەییە نابێت دووبارەی بکەیتەوە، ئینجا کە دەگاتە تەمەنی پێگەیشتن ئەمجارەپان بەوە دەمکوتدەکرێت کە ئەو هێشتا منداڵەو ئەم داخوازییانە داخـوازیـی گەورەکانن کە نابێت ئەو دوایـان بکات، بۆیە دەبینین گەنجی کـورد گەنجێکی نامۆیە، ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی باش ناناسێت، چونکە پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیکردنی ناتەواوە یان ئاشنایەتی لەگەڵدا نییە کە خۆی لە ڕاستیدا بە کۆمەڵایەتیبوون لە قۆناغی گەنجێتیدا پردێکە لە نێوان ئێستاو داهاتوودا، هەروەها ئەوانەی کە بە کۆمەڵایەتیکردنەوە خەریکن بە ئەرکی گرنگی بەرپرسیارێتی گەورەی ئەستۆ دەگرن، ئەوا ئەگەر بە تەواوی بە کۆمەڵایەتیکردنی ڕاست و دروست نەگەن، ئەوا بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵگا بە تەواوی ناگاتە ئەو ئاستەی کە پێویستە بگات، بۆیە ئەم پرۆسەیە بە پرۆسەیەکی بەردەوام دادەنرێت لە ژیانی مرۆڤدا، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئەم پرۆسەیە بە چ شێوازێک ئەنجام دەدرێت، ئایا بە شێوازێکی سروشتی و ئاسایی دەڕوات یان بە شێوازێکی دەستکرد و ناسروشتی، ئەوەی ڕاستی بێت ئەم پرۆسەیە بە شێوازێکی ناسروشتی و دەستکرد ئەنجام دەدرێت، بەهۆی ئەوەی کە ئەم پرۆسەیە بە شێوازێکی ناسروشتی و دەستکرد ئەنجام دەدرێت، ئەوا کێشەی زۆر و جۆراوجۆر دروست دەبن، کە ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر تاکی گەنج و کۆمەڵگا بەجێدەهێڵێت، ئەو کێشانەش بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بە چەند خاڵێک کورتیان بکەینەوە، کە بریتین لە:

ناکاتەوە لە قۆناغەکانی دیکە، بۆیە دەتوانین ئەو کۆمەڵگایانەی گرنگی بە کۆمەڵایەتیبوونی گەنج نادەن ناو بنێین بە کۆمەڵایەتیبوونی سەرنەکەوتوو کە وا لە تاک دەکات ئینتیمای بۆ کۆمەڵگا نەبێتو بەو کارە رازی نەبێت کە پێی دەسپێردرێتو خۆی دەدزێتەوە لەو ئەرکەی کە پێیسپێردراوەو هاوکارێو هاوپیشەیی لای ئەو زۆر کزدەبێت، بێبەلێن دەبێت بەرامبەر بەو ڕێکخراوەی تیایدا ئەندامەو بەهاکان وەلا دەنـێـتو زیاتر بەدوای بەرژەوەندیی کەسێتیدا دەگەڕێت، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمیی بەرهەمی تاکو دواجار کەمی بەرهەمهێنان لە کۆمەڵگادا، تەواو پێچەوانەی ئەو کۆمەڵگایانە ئاراستە دەگرێت کە بە کۆمەڵایەتیبوونی گەنج تێیدا سەرکەوتووە. بەداخەوە ئێستا لە کۆمەڵگای ئێمەدا بە کۆمەڵایەتیبوونی ناسەرکەوتوو بەڕێوەدەچێت.

بالیۆزی ئەمریکا لە بەغدا ئاگاداری خوێندکارانی عێراق دەکات کە زەمالەی (پەروەردەی مەدەنیو سەرکردایەتی) دەبەخشێت.
دوا مۆڵەتی وەرگرتنی زەمالەکان ١ تشرینی یەکەمە.
زەمالەکە ئەم کەسانە دەگرێتەوە. ئەو کەسانەی کە ماوەی پێنج ساڵ لە دەزگایەکی خوێندنی بالا ئیشیان کردبێتو زیاتر لە دە ساڵیش ئەزموونیان هەبێت، زانستە کۆمەڵایەتییەکان، زانستە سیاسییەکان، بەڕێوەبەرێتی گشتی، یاسا، میدیا، ڕۆژنامەوانیو پەیوەندی. لەبەرئەوە خاوەن بڕوانامەی دکتۆرا (تەواوکرابێت یان لەکاتی خوێندنداببێت) خوازراوترە. دەبێت داواکار لانیکەم بڕوانامەی ماستەری لەیەکێک لەو بوارانەی سەرەوەدا هەبێت.
پەیوەندیکردن
fullbright@state.gov
بۆ پرسیارو تێبینیەکانتان
FullbrightIraq@state.gov

زەمالەی هوبێرتو هەمفری بۆ ساڵی ٢٠١٠-٢٠١١
دواڕۆژی پێشکەشکردنی داواکاری ڕۆژی پێنج شەممە ٢٠٠٩/٨/٢٠یە.
بالیۆزی ئەمریکا لەعێراق زەمالەی خوێندنی یەک ساڵ بۆ کەسانی پڕۆفیشناڵو نیمچە پڕۆفیشناڵەکان (ئەوانەی کە لەبواریکدا خوێان دەرخستووە)...
بواڕە خوازراوەکان
١. گەشەکردنی کشتوکاڵی و ئابووری کشتوکاڵی
٢. پەیوەندیو ڕۆژنامەوانی
٣. هۆشیاری ماددە هۆشبەرەکان، چارەسەرو ڕێگەگرتنیان
٤. گەشەکردنی ئابووری، دارایی و سیستمی بانکی
٥. بەڕێوەبردنی پەروەردەیی، پلاندانان
٦. پلاندانان و ڕێگرتن لە ئایدز
٧. بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان
٨. یاساو مافی مرۆڤ
٩. سەرچـاوە سروشتییەکان، سیاسەتی ژینگەیی، گۆڕانی بەرگەهەوای زەوی
١٠. سیاسەتو بەڕێوەبردنی تەندروستی گشتی
١١. فێرکردنی ئینگلیزی وەک زمانێکی بیانی (ماموستای ئینگلیزی)
١٢. سیاسەتی تەکنەلۆژیاو بەڕێوەبردنی
١٣. ڕێگەگرتن لە فراندنو فرۆشتنی مرۆیی
١٤. پلاندانانی هەرێمیو شارستانی
داواکاران پێویستە ئەم مەرجانەیان تێدابێت
١. بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەبێت.
٢. پێنج ساڵ ئەزموونی کاریان هەبێت
٣. هەبوونی هـونـەری سـەرکـردایـەتـیو کـارکـردن لەبواری خزمەتگوزاری گشتی
٤. ئەزموونی پێشینە لە ئەمریکا
٥. کاندیداکان دەبێت زمانی ئینگلیزی بە نووسینو قسەکردن بزانن و شەهادەی تۆیفلیان هەبێت.
بۆ پرکردنەوەی فۆرم دەتوانن ئەم لینکە بکەنەوە
http://apply.embark.com/student/humphrey/fellowship

وزارةتالعدل نموذج (٢٨) تسجيل
مديرة التسجيل عاقارى العامة العدد ٣٢١
دائرة التسجيل العاقارى فى طق طق
بتائريخ٢٠٠٩/٨/١٧
اعلان
طلب تسجيل عقار مجددا
بناء على الطلب المقدم الى هذة الدائرة بتاريخ ٢٠٠٩/٨/١٢ لتسجيل
تمام العقار تسلسل (٨٨) مقاتع (١) طق طق محلة رزطارى
باسم (غريب عرب لطيف) مجددا باعتبارةحائزا لة بصفة المالك للمدة القانونية. ولفرض تثبيت الملكية المذكورة تمهيدا للتسجيل وفبق احكام قانونالتسجيل الغقارى رقم (٤٣)لسنة ١٩٧١قررنااعلان هذا الطلب. فعلى كل من يدعى بوجود علاقة او حقوقمعينة على هذا العقار تقد يم مالد ية من بينات الى هذا الدائرة خلال مدة ثلاثين يوما اعتبارا من اليوم التالى لنشرة هذا العلان كذ لك الحضور فى موقع العقار فى الساعة العاشرة صباحا من اليوم التالي لانتهاء مدة هذا العلان وذ لك لاثبات حقوقة موقعيا في الكشف الذي يجرى فى اليوم لمذكور لهذا العرچ
ياسين ابراهيم صاير
مدير دائرة تسجيل العقارى في طق طق

خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە
سەرنووسەر:
عەدنان عوسمان
بەڕێوەبەری نووسین
ئاودێر شێخ عومەر
awder.sh.omer@gmail.com
کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ - ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com
دەستەی نووسەران
سیروان ڕەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
فازڵ نەجیب ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧١٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
فرمان عەبدوڵڕەحمان ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com
ب. ئۆفیسی هەولێر
ئیبراهیم عەلی ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩
دابەشکردن:
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠
ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی
ئۆفیسی هەولێر:
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چواڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

ژمـارە (535) سێشەممە 2009/8/18
birura.rozhnama@gmail.com
رۆژنامە

بەرەو (بەپردکردنی) بۆشایی نێوان (دەسەڵات)و (قەڵەم)



فەرەیدون پێنجوێنی

نوخبە بەو گروپە کەسانە دەوترێت کـە لـە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی‌و سیاسییەکانی نـاو کـۆمـەڵـدا ڕیـزی پێشەوەیان بەردەکەوێت.

یەکەمجار پرەنسیپی (نوخبە) لەلایەن ئەفلاتونی فەیلەسوفی یۆنانییەوە سـەری هـەڵـدا.. ئـەفـلاتـون داوای دەکـرد فەیلەسوفەکان فەرمانڕەوایی کۆمەڵگە بکەن، بەڵام چەمکی نوخبە بە مانا نوێ و سەردەمییەکەی، لەناو لێکۆڵینەوە سیاسییەکاندا سەری هەڵداو دەرکـەوت، پاشتر وردەوردە فراوان بووەوەو پەرییەوە بۆ ناو لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان.

بەپێی لێکۆڵینەوە پسپۆرییەکان، چوار جۆر نوخبە هەیە:-

١- نوخبەی سەربازیی.
٢- نوخبەی ئیداریی.
٣- نوخبەی بیرۆکراتی.
٤- نوخبەی ڕۆشنبیر.

ئەم چوار نوخبەیە ڕۆڵێکی زۆر گرنگییان هەیە لە ئالۆگۆڕە سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەکانداو دواجـار هەر چواریان پێکەوە لە هاوکێشەیەکی فـراوانـدا یەکانگیر دەبـنـەوە، بەڵام سیانی پێشەوەیان (واتـە: نوخبەکانی سەربازیی‌و ئیداریی‌و بیرۆکراتی) زیاتر نزیکایەتیان لەگەڵ یەکتر هەیەو ڕووەو یەک خاڵی هاوبەش ڕێدەکەن کە بریتییە لە (حوکمڕانی).. بگرە مەسەلەی حوکمڕانی وەکو ئامانج تەماشادەکەن.. ئەمە بـەو مانایە دێـت کە ئـەو سێ نوخبەیە شوێنێکی هاوبەش هەیە گردو کۆیان بکاتەوە (ئەگەرچی بە یەکجاری یەکناگرن‌و بۆ هەتا هەتایە لە یەکتردا ناتوێنەوەو نابنە یەک نوخبە)، بەڵام نوخبەی ڕۆشنبیر تا ڕادەیـەک تەنیا باڵەو بە تەنیا باڵیش دەکەوێتە جەدەلەوە لەگەڵ واقیعی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و دیکەی هاوکێشە ئالۆزو سەختەکان، یاخود ڕاستترواییە بڵێین: پێش نوخبەکانی دیکە دەکەوێتە جەدەلەوە لەگەڵیدا.

لێرەدا ئاوڕێک لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەو چوار نوخبەیە دەدەینەوە، بە ئامانجی ڕوونکردنەوەی ڕادەی گرنگیی هەریەکەیان لە پرۆسەی نوێبوونەوەو گـۆڕانـدا، بـەڵام لـە هاوکێشەیەکی کورتکراوەدا، بەمجۆرە:-

دەسەڵات ـ نوخبەی ڕۆشنبیر

مەبەستمان لە دەسەڵات بریتییە لە کۆی ئەو بونیادە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووریانەی کە لە دوو توێی خۆیاندا سێ نوخبە لێک نزیکەکەی ئاماژەمان بـۆکـردن (سـەربـازیـی‌و ئـیـداریـی‌و بیرۆکراتی) دەگرێتەخۆ.

بێگومان (گـۆڕان) ئامانجێکی بەرزو پیرۆزو ژیاندۆستانەیە (یاخود دەبـێـت: ئامانجێکی بـەرزو پیرۆزو ژیاندۆستانە بێت) بۆ هەردوو سەری ئەو هاوکێشەیەی دیاریمانکرد (واتە: بۆ دەسەڵات‌و بۆ نوخبەی ڕۆشنبیر).

گۆڕان تا ڕادەیەک وەکو زەروورەتی هەبوونی سیستمی سیاسی‌و دەسەڵات‌و ڕەوایەتیی دەسەڵات وەهایە...

هەروەها بەڵگەی ڕاستەقینەشە لەسەرئەوەی نوخبەی ڕۆشنبیر لەوکات‌و شوێنەدا کە گۆڕانەکەی تێدا ڕووەدات بە کـردەوە نوخبەیەکی ڕۆشنبیرە.. گۆڕان ئەو ئامانجەیە کە دواجار دەبێتە گرێزنەو پنتی یەکانگیربوونەوەی سەرجەمی نوخبەکان‌و هەموویان لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە، هەندێک جاریش دەبێتە چەقی بەریەککەوتنی بـۆچـوونـە جـیـاوازەکـان‌و هـێـزە جۆراوجۆرەکانی ناو کۆمەڵ دەخاتە ناکۆکییەوە، بەواتایەکی دیکە: گۆڕان بزووێنەرو داینەمۆی ڕاستەقینەی مێژوو و پرۆسەی مێژووسازییە لەناو کۆمەڵگەکاندا، بەتایبەتی کۆمەڵگە هاوچەرخ‌و مۆدێرنەکان.

بەڵام ئایا (هێز)ی گۆڕان لە کوێدا پەنهانە؟

لەناو (شـۆڕش)دا وەکـو ئـەوەی کە (مارکس) بۆی چـووە، یان لەناو (عەقڵانیەت)دا وەکو ئەوەی کە (ماکس فیبەر) بۆی چووە؟

ئەم پرسیارەو پرسیارگەلی دیکەی لـەو چەشنە دەربـارەی جۆلاوییو کۆمەڵ، ئەو هۆکارانەن کە عـادەتـەن دەبنە هـۆی سەرهەڵدانی نـاکـۆکـی‌و جـیـاوازی‌و هەندێکجار کێشمەکێش‌و بەریەککەوتنی نوخبەی ڕۆشنبیر لـەگـەڵ بەشێکی دیکەی خۆی‌و لەگەڵ سێ نوخبە یەکانگیرو کۆبووەکەی ناو دەسەڵات (سەربازیی، ئـیـداریـی، بـیـرۆکـراتـی)... هۆکاری سەرلەبەری ئەم بەریەککەوتنانەش هەندێکجار دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی بۆچوونەکانیان لەبارەی ئاراستەکردنی پرۆسەی گۆڕانەوەو هەندێکجاریش دەگەڕێتەوە بۆ بەرژەوەندیی شەخسی کەسەکان.

دەسـەڵات، بەتایبەتی دەسەڵاتی تـەقـلـیـدی کـە خـاوەنـی سیستمی ڕۆشنبیریی‌و ڕۆشنبیرانی مولتەزیمی سەربەخۆشیەتی، وەهـا تەماشای پـرۆسـەی گـۆڕان دەکـات گـوایـە پرۆسەیەکی بـەرلـەوەی پەیوەندیی هەبێت بە هەر چین‌وتوێژو نوخبەیەکی دیکەوە، پەیوەندیی بە کۆی خەڵکو جـەمـاوەر خۆیەوە هەیە، بۆیە دێت مامەڵەیەکی ناچێگیرو هەندێکجار دوو دیوو و هەڵخەڵەتێنەرانە لەگەڵ چەمکی گۆڕاندا دەکات.

لـەم چـوارچـێـوەیـەشـدا نزمیی ئاستی هۆشیاریی جەماوەر زۆر بە باشی دەقۆزێتەوە.. بۆ نموونە، ئەگەر مـانـەوەی خـۆی‌و قازانجی خـۆی لە گۆڕانێکی سست‌و ڕووکەشدا بینی، ئەوا هەموو هەوڵێک دەدا جەماوەرو ژیان‌و ژینگەی جەماوەر، لەڕێی کەناڵە ئیعلامییەکانیەوە وەها پیشانبدات کە گۆڕاون‌و نوێبوونەتەوە، بەڵام هەموو هەوڵێکی دیکە بۆ ئەنجامدانی گۆڕانی قولتڕو باشتر وەها پێناسە دەکات کە هەوڵێکە بۆ ڕووخاندن‌و بێ بەهاکردنی دەسکەوتی کەسانی دیکە، بێ ئەوەی وەڵامی ئەوەمان بداتەوە کە: ڕووخاندنی چی‌و چۆن‌و بە چی؟!

بێگومان هەموو ئەمانە بۆ ئەوەیە ناتەبایی‌و ناکۆکی‌و ناڕەزایی خۆی بەرامبەر بە پرۆسەی گـۆڕان پاساو بدات!

بۆ ئـەم مەبەستە هـەوڵـی تـەواو دەدات ئامانج لە هەبوونی خودی کـایـەی دەسـەڵات لـە (بـەردەوامـیـی ریتمە تەقلیدیی‌و سواوەکەی ژیانی کۆمەڵگە)دا کورتبکاتەوە، بەبێ ئەوەی ڕێگەکانی (بـەردەوامـیـی کۆمەڵگە) بە کراوەیی بهێڵێتەوە کە لە ڕاستیدا یەکێک لە گرنگترینی ئەو ڕێگەیانە بریتییە لە نوێبوونەوەو هەڵکشانی خـودی (دەسـەڵات) بـە جـۆرێـک کە بتوانێت یارمەتیدەرێکی باش‌و جدیی‌و ڕاستەقینەبێت لە پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵگەدا، نەک پەکخەر!

بێگومان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا چەندەها جار دەسەڵات کەوتووەتە ئەو هەڵەیەوە گوایە مانەوەی کۆمەڵگەو بەردەوامیی کۆمەڵگە بەندە بە پاراستنی بونیادو ڕەوتـە تەقلیدییەکەی ژیانی کۆمەڵگەوە، بەڵام وەها دەرنەچووەو ئاخری هەردوولا (هەم دەسەڵات، هەم کۆمەڵگە) باجی گەورەی ئەو ڕوانینە نادروستەیان بە سەختی داوە.

ئـەگـەر تەماشای مـێـژووی ئەو کۆمەڵگەو سیستمە سیاسییانە بکەین کە بە پێچوپەنای ئەو هەڵەیەدا ڕێیان گرتووەتەبەر، دەبینین ئاخری بە تونديی کەوتوونەتە بەر پەلاماری ئەو ڕەوتە فیکری‌و مێژوویی نوێیانەی کە لەڕێی عەولەمەو داموددەزگاو هێزە گەورەکانی عەولەمەوە هەڵیانکوتاوەتە سەریان‌و دواجاریش لە ئاستیدا چەمیونەتەوە.

ئـەوەتـا هـەمـوو دنـیـا، هەریەکە بەشێوەیەک، بەشی خۆی بەرکەوت لە هاشاوڵ‌و پەلاماری نوێگەریی‌و بەها سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی نوێ.

ئەم شەپۆلە تەنانەت وڵاتە هەرە داخراوەکانیشی گرتەوە، وەکو وڵاتانی خلیجی عەرەبی‌و زۆری دیکەش لە وڵاتە عەرەبی‌و ناعەرەبییەکان، بەڵام بە ڕێژەی جیاجیا.. بۆ نموونە وڵات هەبوون لەگەڵ شەپۆلەکەدا خۆیان یەکخست‌و توانییان درێژە بە مانەوەی خۆیان بدەن، وەکو وڵاتانی ئەورووپای شەرقی...وڵاتیش هەبوون لەگەڵ ئەم شەپۆلی گۆڕان‌و گۆڕانکارییەدا نەگونجان، هەرەسیان هێناو بە شێوازی دیکە چوونە ژێر باری گۆڕانکاریی، وەکو عێراق‌و ئەفغانستان.. ئێستاش وڵاتی دیکە هەن لە ململانێی سەختدان لەگەڵ ئەم شەپۆلە کە یان دەبێت لەگەڵیدا بگونجێن‌و بەها سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتییە نوێیەکانی لە خۆدا جێ بکەنەوەو وردەوردە بگۆڕێن، یان دەبێت ئاخری چاوەڕوانی ڕووخان بن‌و جەماوەرەکانیان بە شێوازی دیکە بچنە ژێر باری گۆڕان، وەکو ئێران‌و سوریاو میسرو تورکیاو ئەزموونەکەی هەرێمی کوردستانی خۆیشمان.

بـەڵـێ هەڵسوکەوتی دەسـەڵات لەگەڵ پرۆسەی گۆڕاندا بەو جۆرەیە، بەڵام هەڵسوکەوت‌و ڕوانگەی نوخبەی ڕۆشنبیر لەگەڵیدا بە جۆرێکی دیکەیە.

نوخبەی ڕۆشنبیر لەگەڵ دەسەڵات‌و کۆی نوخبەکانی ناو دەسەڵات هاوڕێیە کـە پـرۆسـەی گـۆڕان مەسەلەیەکە پەیوەندیی بە سەرلەبەری کۆمەڵگەوە هەیە (بە عامو خاسیەوە).. نوخبەی ڕۆشنبیر لەوەدا لەگەڵ دەسەڵات کۆکـو تەبایە کە ئامانج لە پرۆسەی گۆڕان بەر لە هەرشتێک گۆڕینی ژیان‌و ڕوانگەی کۆمەڵگەو ژینگەی کۆمەڵایەتی ئەوانەو خـودی پرۆسەی گـۆڕان بۆ خەڵکە، بـەڵام ڕەنگە لە شێوازو میکانیزمی ئاراستەکردنی پـرۆسـەکـەدا لەگەڵ دەسەڵات ناتەبابێت، چونکە لە بنەمادا ڕوانینی ئەو دوو لایەنە بۆ (مێژوو) دوو ڕوانینی جیاوازە.

دەسـەڵات وەکـو وتمان چەمکی گۆڕان لە دیدی کۆی خەڵکو زۆرینەوە تەماشادەکات بۆ ئـەوەی بە قازانجی خۆی لێکیبداتەوەو هێواش هێواش لەگەڵیدا ڕێ بکات!

هەموو لایەکیشمان دەزانین کە تێۆریزەکردنی پـرۆسـەی گـۆڕان‌و ئاراستەکردنی، ئیشی نوخبەیە نەک عامە! ئاستی هۆشیاریی عامەو دیدی عامە لە هیچ کوێی وڵاتانی وەکو ئێمەدا وەها نەبووە ئەرکی لەمجۆرەی بخرێتە ئەستۆ!

دەسـەڵات قـازانـج‌و زەرەری کـاراکـتـەرەکـانـی خـۆی، تۆکمەیی‌و ناتۆکمەیی ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی خۆی، مانەوەو نەمانەوەی پێکهاتەو بونیادو ڕوانگە تەقلیدییەکانی خۆی، لە حیسابکردن بۆ پرۆسەی گۆڕان‌و ئاراستەکردنی پـرۆسـەی گـۆڕانـدا، دەخاتە پێش هەموو شتێکەوە.. لەم چوارچێوەیەشدا دێت ڕەوشت‌و بەهاو ڕوانگە سادەکەی عامەی خەڵک دەکاتە پێوەرو چەقبەستوویی‌و بێ ئاسۆیی خۆی پێ پاساو دەدات.. ئەم سیاسەتە لە هەموو سەردەمێکدا دیارترین ئامرازبووە بەدەست دەسەڵاتە چەقبەستووەکانەوە بۆ پاساودانی مانەوەی درێژخایەن‌و ناتەندروستی خۆیان‌و بەردەوامیدان بە سیستمە سیاسییەکانیان‌و پاراستنی بەرژەوەندیی تایبەتیی ئەفرادەکانیان، ئیدی بـەرژەوەنـدیـی گشتیی کۆمەڵ (بـەتـوون!) کە بێگومان یەکێک لەو بـەرژەوەنـدیـیـە گشتییانەی کۆمەڵ هەبوونی دەسەڵاتێکی تەندروستە، دەسەڵاتێک کە بەڕاستی دەسەڵاتی خودی کۆمەڵ بێت‌و بۆ کۆمەڵ بێت!

بە کورتی: هەموو دەسەڵاتێکی چەقبەستوو، خۆپارێزیی زۆر دەکات لە چوونە ناو هاوکێشە گەلی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسیی تـازە، چونکە ڕەنگە بەو یاساو ڕێسا ناکاملانەو بەو کاراکتەرە بەرژەوەندخوازانەوە کە ئەو هەیەتی، سەخت بێت بتوانێت لەگەڵ (گۆڕان)دا هەڵبکات.

بەڵام نوخبەی ڕۆشنبیر ئەوەندەی کە ناوەڕۆکو ئامانج‌و شێوازی کارکردنی دەسەڵاتی بەلاوە گرنگە، ئەوەندە خودی دەسەڵات‌و بەرژەوەندیی کەسانی ناو دەسەڵاتی بەلاوە گرنگ نییە، ئەگەرچی هەر یەک دەنگو یەکڕا نییەو هەموو هەروەکو یەک بیرناکەنەوەو وەکو یەک ناجولێن، چونکە ئەوانیش لانیکەم لە دوو پۆل پێکدێن.. ئەوانەیان کە شانیان داوەتە بەر ئەرکی خۆیان‌و چالاکن، پۆلێکن! ئەوانەشیان کە وەکو ئەوان نین پۆلێکی دیکەن‌و هەریەکەیان (ناو)و (ڕوانگە)ی خۆیان هەیە... ئەمە جگە لەوەی کە تێکڕا سەر بە ئایدیۆلۆژیاو ڕەوتی فیکریی جیاوازن‌و هەندێکجار ئەم جیاوازییە لە ڕوانگەو ئایدیۆلۆژیەتییاندا بەشێکی باش‌و بەرچاویان پەرتەوازە دەکات‌و لە مەسئولیەتی ڕۆشنبیرانەی خۆیانیان دوور دەخاتەوە.

بەهەرحاڵ (دەسەڵاتگرتنەدەست)و (بردنەوە لە دەسەڵات)و (سیاسەتکردن بە مانا پراکتیکییەکەی) ئامانجی نوخبەی ڕۆشنبیر نییە، بـەو ئەندازەیەی کە (گۆڕان)و (باشترکردنی ژیانی خۆی‌و کۆمەڵگە) ئامانجیەتی.. بەڵام ئەم ڕاستییە هێشتا بە باشی لەلای دەسەڵاتی کوردی نەچەسپیوەو نەبووەتە هۆی گۆڕینی ڕوانگەی ئەو لەسەر نوخبەی ڕۆشنبیر، بە جۆرێک کە ببێتە هۆی پوکاندنەوەی یەکجارەکی خراپ ڕوانینی دەسەڵات بۆ نوخبەی ڕۆشنبیر.. تەنانەت هەندێکجار دەسەڵات وەکو (ڕکابەرێکی سیاسیی ڕاستەقینە) تەماشای نوخبەی ڕۆشنبیری کردووەو وەها ناوی هێناون کە شەڕی دەسخستنی ئیمتیازاتی شەخسی‌و بردنەوەی دەسەڵات لەپێناوی پێگەی خۆیاندا دەکەن کە وانییە! ڕۆشنبیر ئەگەر زۆر دوورو زۆر تۆندیش ڕۆیشتبێت‌و سەری ئەو سەری لە دەسەڵات گرتبێت، لەوە دوورتر نەڕۆیشتووە کەوتوویەتی: دەسەڵات پرۆسەی گۆڕان‌و باشکردنی ژیانی خەڵک پەکدەخات.

بێگومان درکـانـدن‌و پێداگرتنی ڕۆشنبیر لەسەر ئەم ڕاستییە، تەنیا لەپێناوی باشکردن‌و گۆڕینی ژیانی چەقبەستووی خەڵکدایە پەگشتیی، کە خۆشی بەشێکە لە خەڵک، دەنا ئـەو لە هەموو کـەس باشتر ئاگای لـەوەیـە کە خەیاڵی جێبەجێکردنی خەونەکەی ئەفلاتون (فەیلەسوفەکان حوکمڕانی گەلانی خۆیان بـن) هەر لەگەڵ گێڕانەوەیدا بەتاڵ بووەتەوەو لەبارچووەو تۆباویەتێکی تەواو زەقە!

بـەڵام بـەداخـەوە دەسـەڵات لە هـەڕێـمـەکـەی ئـێـمـەدا، بـەشـداریـی نوخبەی ڕۆشنبیری لە گفتوگۆکانی تایبەت بە ئامانج‌و شێوازی حوکمڕانی وەها نەخوێندووەتەوە.. ئەوەبوو لە ساڵانی ڕابـردووەدا چەندین گفتوگۆی جدیی ڕۆشنبیران دەربـارەی ئەم پرسە چارەنووسسازە لەباربران‌و وەکـو ململانێ لـەسـەر دەسـەڵات‌و داواکردنی ئیمتیازاتی تایبەتی‌و هەوڵدان بـۆ خـۆدەرخـسـتـن، پێناسەکران‌و خوێندرانەوەکە لە ڕاستیدا وەهانەبوو، بەڵکو ئەسڵی ململانێکە (ئەگەرچی نەهێڵرا ببێتە دیاردەیەکی بەرجەستە) لـەسـەر ئاراستەکردنی گۆڕانێکی لەسەرخۆو عەقڵانیبوو، بە ئامانجی باشترکردنی ژیانی مادیی‌و مەعنەویی خـەڵـکـی کـوردسـتـان بەگشتیی‌و تۆکمەترکردن‌و مۆدێرنیزەکردنی دەسـەڵات‌و هێشتنەوەی پەراوێزێکی ئازادو ڕاستەقینە بۆ جموجوڵە فیکری‌و ڕۆشنبیرییەکانی نوخبەی ڕۆشنبیر، ئێستاش نەچووە بچێت، دەکرێت سەر لە نوێ بیر لە پڕکردنەوەو بە (پردکردن)ی ئەو بۆشاییە بکەینەوە کە لە ساڵانی ڕابـردووەدا کەوتە نێوانی نوخبەی ڕۆشنبیرو دەسەڵات لە هەرێمەکەماندا.

ئیتر ئامانج لەم بە پردکردنەی ئەم بۆشاییە چییە؟ ڕێگەکانی ئەنجامدانی کامانەن؟ گـۆڕان بۆچی؟ نوێگەریی بۆچی‌و بۆ کێ‌و لەپێناوی چی؟ ئایا نوخبە پێکهێنەرەکانی دەسەڵاتی کوردی ئەم جەدەلە قبوڵ دەکەن؟ ئایا چ شتێک نوخبەکانی ناو دەسـەڵات لە یەکترو لە نوخبەی ڕۆشنبیر جیادەکاتەوە: هەڵوێستیان دەربـارەی واقیعی ژیانی خـەڵـک، یـان پێگەی خـۆیـان لەناو کۆمەڵگەو لەناو هەیکەلی دەسەڵاتدا، یان ئاستی ڕۆشنبیریی‌و هۆشیارییان؟ ئایا: دەکرێت سیفەتی ڕۆشنبیر بخەینە پاڵ تاکەکەسەکانی ناو دەسەڵات؟ هەروەها چەندین پرسیاری دیکەی تایبەت بە ڕەوشی دەسەڵات‌و پێکهاتەی دەسەڵات‌و ئامانج‌و شێوازی کارکردنی دەسەڵات.

هـەر هەموو ئـەوانـە لە ئەستۆی نوخبەی ڕۆشنبیردایە، بیانوروژێنێ‌و تێۆریزەیان بکات، چونکە چاوەڕوانی‌و بێدەنگیی سوودێکی نییەو جگە لە خۆ کەنارگرتن‌و بەشدارینەکردن هیچ مانایەکی نییە! بگرە مەترسیش دەخاتە سەر پـرۆژەی نوێگەریی‌و گـۆڕان لە هەرێمەکەماندا.

گەلی ئێمە لە ڕاستیدا هیچ ڕێگە چارەیەکی نییە جگە لە هەوڵدان بۆ وەگەڕخستنی گۆڕان‌و خۆ نوێکردنەوەو بیرکردنەوە لە ژیان‌و گوزەرانی خۆی‌و باشترکردنی، نـەک هەڵهاتن لێی‌و سەرسپاردن بە غەریبی‌و ئازاریی ئاوارەیی.

بێگومان پرۆسەی گۆڕان‌و نوێگەریی پرۆسەیەکی ئالۆزەو وەکو بیرمەندە گەورەکان تێۆریزەیان کردووە، دەبێت ئەم سێ خەسڵەتەی تێدابێت:-

١- نوێگەریی (مۆدێرنیتی) دەبێت بونیادی گشتیی بگرێتەوە.

٢- نوێکردنەوە (مۆدێرنیزەیشن) دەبێت لە سیاقێکی دروست‌و بەربڵاودا ئەنجامبدرێت.

٣- ڕەوتی نوێگەریی (مۆدێرنیزم) دەبێت هۆشیارییەکی نەوعیی لەپاڵدا بێت.

واتـە: گـۆڕان‌و نـوێـگـەڕیـی‌و وەرچەرخان بـەرەو ژیانێکی باشتر، دەبـێـت فیکرو هۆشیاریی خەڵک لە دروستکردنیدا ئـامـادەگـی تـەواوی هەبێت‌و لە سیاقێکی بەربڵاو لەکات‌و شوێنێکی گونجاوداو لەسەر هەموو ئاستەکان (ئـابـووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی) ئەنجامبدرێت‌و کۆی بونیادو داموددەزگاو دامەزراوەکانی ناو کۆمەڵگە بگرێتەوە.

دیارە ئەمە ئەرکێکی ئێجگار سەخت‌و ئالۆزە، بەڵام ناکرێت دەستبەرداری ببین، بە بیانووی ئەوەی ئالۆزو سەختە! بەتایبەتی ئەگەر زانیمان بەپێ بەشداریی نوخبەی ڕۆشنبیر مەحاڵە کۆمەڵگە پێشکەوێت.

ئێمە ئەگەر بەتەمابین دەسـەڵات خۆی خۆی ڕاست بکاتەوە، شتی وەها مەحاڵەو مێژوو ئەمەی نەسەلماندووەو!، چونکە سروشتی سیاسەت‌و کۆمەڵگەو مێژوو، هەروەها سروشتی زانستە (تەجریبییەکان) بـە گشتیی، وەکـو سروشتی زانستە (تەجریدییەکان) نییە خۆی خۆی ڕاست بکاتەوە!، بەڵکو دەبێت هاوڵاتیان بە چڕی بەشداری بکەن لە ڕاستکردنەوەیدا.. کەواتە با هەموو پێکەوە، هەم سازندەی بڕیاری سیاسی‌و هەم نوخبەی ڕۆشنبیر، چاو بە ئەرکـو مـەسـئولیەتی خۆماندا بخشێنینەوەو هەوڵبدەین لە شوێنی ئەو بۆشاییەی نێوانمان کە ساڵەهایە تاریکی داپۆشیوە، پردێکی ڕووناک بە دیالۆگ ڕایەڵبکەین، بەرەو باشترکردنی ژیانی خەڵکو دادپـەروەریـی کۆمەڵایەتیی‌و گـۆڕان، بـەرەو جڵەوکردنی عەقڵ‌و ژیاندۆستی.





چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ – ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ – ٣١٩٠٥١٩